# غەزەلی غەزەلان

# غەزەلی غەزەلان

وتاری ئەدەبی

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە:

ڕزگار شێخانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

غەزەلی غەزەلان – وتاری ئەدەبی
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: رزگار شێخانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٧
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٢١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری

# پێشەکی

شیعری تەسەووفی ڕۆهەڵاتی، بەتایبەتی شیعرەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٠٧ – ١٢٧٣) و ئیبن عەرەبی (١١٦٥ – ١٢٤٠) کاریگەرییان بەسەر ئەدەبی هەمــوو نەتەوەکـانی ڕۆهەڵاتی ناوینەوە هەبووە، بەتایبــەتیش ئەو شیعرانەی بە تورکی، فارسی و عەرەبی نووسراون. لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، لەگەڵ هاتنی ولاتە کۆلۆنیالەکان بۆ هیندستان و ڕۆهەڵاتی ناوین، هەر لەسەر دەستی ئەوانیشەوە، ئەم ئەدەبە سنووری جوگرافیایی خۆی بەزاند. زمانزان و ڕۆهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان بوون، لە کۆتاییی سەدەی هەژدە، ڕۆمی، حافز و ئیبن عەرەبییان وەرگێڕایە زمانەکانیان. لەوساوە شیعری ئەوروپایی کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکی هێندە زۆری شیعری تەسەووفی ڕۆهەڵاتی، کە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە هەندێ ولاتدا ڕۆڵی گرینگ و بزوێنەری هەبووە لە گــۆڕینی ڕەوتی شــیــعــری ئەو ولاتانەدا. ئەوروپاییەکان بۆ ئەوەی گەورەیی ڕۆمی بۆ خوێنەرەکانیان نیشان بدەن، بە "شێکسپیر و گۆتێ"ی دەچوێنن. ڕۆمی کە سەرچاوەی شیعری تەسەووفی ڕۆهەڵاتییە و بەگەورەترین شاعیری سۆفیی مێژووی مرۆڤایەتی ناودەبرێت، فارس، تورک و ئەفغانییەکانیش بەشاعیری خۆیانی دەزانن. دەگوترێ "دیوانی ڕۆژئاوایی – ڕۆهەڵاتیی" ی گــۆتێ ئاســەواری ڕۆمی پێــوە دیارە و "هێگل"یش لە فەلسەفەی ئاینیدا سروشیی لە ڕۆمی وەرگرتووە. لەبەرئەوەی شیعرەکانی ڕۆمی ئاینیی خۆشەویستین و کرۆک و فەلسەفەی ئاینێکی دیار نییە، ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیە بووبێت، کە پاپای کاتۆلیکەکان ساڵی ١٩٥٨ گوتی: بەناوی هەموو کاتۆلیکەکانی دنیا سەری ڕێز و نەوازش بۆ مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دادەنوێنم.

لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتیی دروستبوونی ئاسەواری ئەم ئەدەبە بەرزەی تەسەووفی ئیسلامی، بەتایبەتیش ئاسەواری شیعرەکانی ڕۆمی و ئیبن عەرەبی لەسەر ئەدەبی ئەوروپایی، پرۆژەیەکی سەختە و لێکۆڵەر دەباتە سەر دوو ڕێیەک، یان دەبێ دەستبەرداری بێت، یان دەبێ خۆی فێری زۆر زمانی ئەوروپایی بکات. لەم پێشەکییەدا هەوڵ دەدەم ئاماژە بەسەرەتاکانی دروستبوونی ئاسەواری ئەم ئەدەبە، لە ئەدەبی سوێدیدا بکەم.

ناساندنی شیعری تەسەووفی ڕۆهەلاتی لە سوێد، هەولّی یەک تاکەکەس بوو. ئێریک هێرمێلین (١٨٦٠ – ١٩٤٤) بوو "مەسنەوی مەعنەوی"ی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، چوارینەکانی عومەر خەیام و شانامەی فیردۆسی و شیعرەکانی سەعدی شیرازی وەرگێڕایە زمانی سوێدی. ئەم گەنجینە گەورەیە لە ٦٣ بەرگدا چاپ کراوە و سامانێکی ئەدەبیی گرینگی سوێدییەکانە. ڕەنگە پێویست بکات کەمێک لەبارەی ژیانییەوە بزانین و پاشان ئاماژە بەئاسەواری ئەم کارەی ئەو لە ئەدەبی سوێدی بدەین.

ئێریک هێرمێلین هەر لە تەمەنی گەنجییەوە خووی بە عەرەقخواردنەوە گرتبوو. عەرەقخۆرێکی زۆر گەورە بوو. زامدارێک بوو، برینەکانی بە عەرەق سارێژ دەکرد. حەزی لە گەڕان بوو و زۆر سەربزێو بوو. تەمەنی هەر حەڤدە ساڵ دەبوو، کە لە سوێد سەری هەڵگرت و لە ئەمەریکا خۆی دۆزییەوە. لەوێ خۆی لە سوپا ناونووس کرد و بوو بەسەرباز. لەبەر عەرەقخواردنەوە و کاری تری ناپەسند، کە لەگەڵ دیسپلین و ژیانی سەربازیدا نەدەگونجان، دوای دوو ساڵ دەردەکرێت. پاشان دەچێتە بەریتانیایی و لەوێش لە سوپا خۆی ناونووس دەکات و دەبێتە سەربازی بەریتانی. ئەوسا تەمەنی بیست ساڵ بوو. هێزەکەیان دەنێردرێتە هیندستان و پێنج ساڵ لەوێ دەمێننەوە. لەم ماوەیەدا، لە هیندستان فێری زمانی فارسی دەبێت. لەوێ شیعرەکانی ڕۆمی، خەیام و شیرازی دەخوێنێتەوە. حیکمەتێکی لە شیعری مەولانا دۆزییەوە، کە یارمەتیی داوە لە چارەنووسی خۆی و دنیای دەرەوەی خۆی تێ بگات. کە خود نامێنێت و خۆی لەناو خوادا دەدۆزێتەوە. لەوێش هەر خەریکی عەرەقخواردنەوە بوو.

بۆیە زوو زوو لە زیندانیــان دەپەســتــا. تا وای لێ هات ئینگلیــزەکـانیش لێی بێزار دەبن و لـە سـوپا دەری دەکـەن. لە تەمــەنەی ٤٨ سـاڵیدا دەگـەڕێتـەوە بۆ سـوێد. بـەپێی قسـەی خـزمـەکانی، بـاری دەروونیی تەواو نەبوو، نەخـۆش بوو و پێویستی بـەیارمەتی هەبوو. بۆیە لەسـەر داوای خزمـەکانی، لە ساڵی ١٩٠٩دا، کـە ئەو کاتە سـاڵێک بوو گەڕابووەوە سـوێد، دەخرێتـە نەخـۆشخـانەی دەروونی لە شـاری لوند و تا مردیش هـەر لەوێ مایەوە.

ئەوەی کـە زۆر سـەرنجـڕاکـێش و سـەرسـووڕهێنـەرە، ئەوەیە کـە کـەسـێکی نەخـۆش، کـە خـۆی پێویسـتی بـە یارمـەتیی کـەسی ترە، لە نەخـۆشـخـانە ئەم هـەموو بەرهـەمـە وەربگێڕێت. سوێدییـەکان ڕاستن کە بە ڕێز و شـانازییەوە، بە گەورەترین وەرگێڕی مێژووی ئەدەبی سوێدی ناوی دێنن.

چەند نـووسـەرێکی سـوێدی کـەوتنە ژێر کـاریگـەریێـتـیی ئـەم شـیـعـرانە و دنیـابینیـی ئەوانی گۆڕی. یەلمار گولبـاری (١٨٩٨ – ١٩٦١) ئێریک لیندگرێن (١٩١٠ – ١٩٦٨) و کورت ئالمکڤیست (١٩١٢ – ٢٠٠١) و لارس گێلێنستێن (١٩٢١ – ٢٠٠٦). کـە شـاعیری ناودارن و لە مـێژووی ئەدەبی سـوێدیدا وەکو دەنگ و کـۆڵەگـەی پتـەوی شـیـعـری سـوێدی ناویان دەهـێنرێت، کـەوتنـە ژێر کاریگەریی ئەم ئەدەبەوە. گوننار ئێکێلۆفیش هـەر لە تەمـەنی مێرمنداڵییەوە، بە ئینگلیزی تەرجوومان ئەلئەشواقی ئیبن عەرەبی خوێندبووەوە.

ڕەنگە پێـوەندیی سـوێدییـەکان بە تەسـەووفی ڕۆهـەڵاتییـەوە، بگەڕێتـەوە بۆ کۆتاییـیەکانی سـەدەی هـەژدە. ئەو کات نووسـەر و هونەرمەندی سوێدی ئیڤان ئەگـێلی (١٨٦٩ – ١٩١٧) یـەکـێک بـوو لەو ئەوروپاییـیـانەی کـە لـە کـۆتاییی سـەدەی هـەژدە پشـتی لە ئاینی مـەسـیـحی و ڕووی لـە ئیسـلام و تەسـەووفی ئیسلامی کردووە. ئەو هونەرمەندێکی شێوەکار بوو. سـاڵی ١٨٩٠ لە پاریس ئاشنـای ڤـان گـۆگ و سـیـزان دەبێت و بەیەکـەوە کـار دەکـەن. لـەوێ قـورئان دەخـوێنێتـەوە و سـەرسـام دەبێت بە تەسـەووفی ئیسـلامی، دەچێتە مـیسـر و لە زانکۆی ئەلئـەزهـەر زمـانی عـەرەبی و فـەلسـەفـەی ئیسـلامی دەخـوێنێت. سـاڵی ١٩٠٢ لە ئاین وەردەگـەڕێت و دەبێتە ئیسـلام، ناوی دەگۆڕێت بـۆ عەبدولهـادی

عەقیلی و لە تەسەووفی ئیسلامیدا پایەی "مورسیل"ی پێ دەدرێت. لەبارەی تیۆری شێوەکاری و تەسەووفی ئیسلامییەوە لێکۆڵینەوەی نووسییەوە. فەیلەسووف و ئاییناسی فرەنسایی ڕێنێ گێنوون (١٨٨٦ – ١٩٥١) لەسەر دەستی شێخ ئیڤان ئەگێلی لە ساڵی ١٩١١ تۆبەی کردووە و بووە بە موریدی ئەو.

یەلمار گولباری لە شیعری لە قووڵاییی ڕۆحمدا، دەڵێ:

لە قووڵاییی ڕۆحمدا وێنەی تۆم کێشا
تا ژیانم مانایێک و تاسەم ئامانجێکی هەبێ، /.../
بەڵام تۆ، تۆ گەورە بوویت و بوویت بە خوای هەموو شتێک
بینیم ئەستێرەکان وەکو چرا بەدەوری عەرشی تۆوە دابگیرسێن.

کورت ئالمکڤیست لە پەڕی یەکەمی یەکەمین دیوانیدا، کە ساڵی ١٩٤٥ بڵاوی کردەوە، کۆپلە شیعرێکی ئیبن عەتتای داناوە، کە دەڵێ:

لەسەر خاکی پیرۆزی مەککە جێ پێی ئیبراهیم هەیە
بەڵام لە دڵدا ئاسەواری ئەڵڵا خۆی هەیە
وەکو مەرقەدەکەی مەککە دڵیش کۆڵەگەی هەیە
کۆڵەگەی مەرقەدەکە بەردە،
هی دڵ بەردە تراویلکەیە، ئەشقی عیرفانە.

گوننار ئێکێلۆف (١٩٠٧ – ١٩٦٨) هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە، تەرجومان ئەلئەشواقی ئیبن عەرەبی خوێندبووەوە و زۆر پێی سەرسام بوو. لای شاعیری سۆفی ڕۆح بەندە و بەدوای ئازادیی خواییدا دەگەڕێت. ئێکێلۆف کە شاعیرێکی گۆشەگیر بوو، بۆ ئەم بابەتە دەسووتا. تا لە دوا سێ ساڵی ژیانیدا، ئیدی ئاسەواری شیعری سۆفییانەی ڕۆهەڵاتی بەتەواوی بەسەر دوا شیعرەکانیدا دەردەکەون، کە بە سیانەی دیوان ناسراون.

ڕزگار شێخانی

**تاسەی خوا**

گوتوبێژێک لە نێوان ڕۆمی، ماشتیلدی

ماگدبێرگ و ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیا

پرۆفیسۆر ئەنتۆن گێلس

سەدەکانی ناوەڕاست، لە زۆر ڕووەوە سەردەمێکی سەخت بوو. لە زۆر لا ناکۆکی هەبوو. شەڕی خاچپەرستان، شەڕ، برسێتی و تاعوون بوونە هۆی کەمبوونەوەی دانیشتوان و دواکەوتنی کولتووری. ئەوانەی کەوتبوونە بەر ئەم هەڕەشانە، سەرسەختانە بۆ ستراتیجیی مانەوە دەگەڕان. هی وا هەبوون، بۆ خۆ لە گوناح پاککردنەوە لە خۆیان دەدا و هی وایش هەبوون هەوەسباز بوون. زۆر کەس، بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی لە دۆزەخ دەرچوون بدۆزنەوە، بە قامچی لەخۆدان خەریکی خۆ لە گوناح پاککردنەوە بوون، یان ڕوویان لە تەریقەتی ئاینی نوێ دەکرد. باری جووەکان ڕاونان و سووکایەتی پێکردن بوو. بەگوتەیەکی تر جیهان پشێو بوو.

زێتر لە جارێک بیرم لەمە کردووەتەوە، کە لەیەکچوون لە نێوان ئەو سەردەم و سەردەمی ئێستادا هەیە. وەک ئایناسێکی چالاک و بە ئەزموون لە دابونەریتە ڕوحییەکانی جیهاندا، دەکرێت ئەم پرسیارە بکەم، ئاینەکان چۆن دەتوانن کۆمەکی ئاشتی و لێک تێگەیشتن بکەن. لەبەرئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ – ساڵی ڕۆمی– بوو، من ئەو شاعیرە گەورە و سۆفییەم هەڵبژارد دەستپێشخەر بێت لە کۆبوونەوەی سەرەتاییی دیالۆگی ئاینەکان، بە نوێنەرایەتیی ئاینی یەهودی، مەسیحی و ئیسلام. ئەو پرسیارەی دەکرێت ئەوەیە، داوونەریتە ڕوحییەکانی ئەم سێ ئاینە، دەتوانن بگەنە خواناسییەکی عیرفانیی

ئیبراهیمی، كە تاكانەیی (وەحدانییەت) لە پێش هەموو شتێكەوە دادەنێت، بێ ئەوەی لەبەر ئەمە چاو لە جیاوازییەكان بنوقێنن.

بێگومان كۆبوونەوەیەكی خەیاڵكردەیە، بەڵام هەموو ئەو قسانەی دەیانكەن لە نووسینەكانی خۆیانەوە وەرگیراون. یەكەم كۆبوونەوەی چاوپێكەوتنێكی سێ ئەڵقەییە، بۆ ئەوەی ئامادەكاری بۆ كۆنفرانسی گەورەی ئاینەكان بكرێت. وەك كە گوتیشم: دەكرێت، یان دەبێت هەلومەرجەكانیش بگوازرێنەوە سەردەمی خۆمان. ئەوانەی كە یەكتر دەبینن، بێجگە لە ڕۆمی، "ماشتیلدی ماگدبێرگ"ی سۆفیی مەسیحی و ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیایە، كە نوێنەرایەتیی تەسەووفی یەهودی دەكات. شوێن قوستەنتینە. ڕۆمی خانەخوێیە و بەخێریان دەهێنێ.

"بە خێربێن بۆ قوستەنتین، شارە دێرینە جوانەكەمان. ئێوە بۆ كارێكی گرینگ هاتوون. وەك كە دەزانن لە سەردەمێكی ناخۆشدا دەژین. لە شارێكیشین، لە ماوەی سەدان ساڵ كەوتە بەر زۆر پەلامار. بەڵام ئەمە ڕێگەی لە بازرگانان نەگرت كە لێرە جێنشین بن، بەتایبەتیش لە گەڕەكی "گەلاتا"دا، كە ئەمڕۆ دوایی سەردانی دەكەین.

ئەركمان ئەوەیە، لێ بكۆڵینەوە كە ئێمەی سۆفی چیمان پێ دەكرێ بۆ ئاشتی و ئاشتبوونەوە، بیكەین. پێشنیازی من ئەوەیە، كە بەر لە هەموو شتێك چاو بخەینە سەر ئەو باوەڕانەی كە كۆمان دەكەنەوە. بێگومان بە ڕێزگرتنی یەكتریشەوە، چاویش لەوانە نەنوقێنین كە لە یەكترمان جودا دەكەنەوە. باسی ئەزموونە هاوبەشەكانمان لە خوای نادیار و ئاشكرا و مەشقە هاوشێوەكانمان و بەدرێژیش باسی مرۆڤبینیی هاوبەشمان دەكەین. ئەدی هەموومان نەوەی ئیبراهیم و ئەهلی كتاب نین؟"

"ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیا"ی نوێنەری تەسەووفی یەهودی گوتی:

"بێگومان، بەڵام بەر لەوەی دەست پێ بكەین، ڕەنگە وا باش بێت هەر بەكورتی خۆمان بەیەكدی بناسێنین".

''ئیبراهیم، بیرێکی زۆر باشە. داوا لە ماشتیلد دەکەم دەست پێ بکات.''

''سوپاس، بەکورتی دەبێت. بە دڵنیاییەوە، منیش وەک ئێوە بەپەرۆشم دەست بە گفتوگۆکان بکەین. من ناوم "ماشتیلدی ماگدبێرگ"ـە و لە ئەڵمانیا، لە گوندێکی بچووکی بە هەمان ناوەوە لەدایک بووم. لەناو خێزانێکی بەگزادەدا گەورە بووم و هەر لە تەمەنی دوازدەساڵییەوە "ڕوحی قەدیس" بەخێری هێنام، کە من وەکو "لێشاوی فراوان" وەسفم کردووە. کە بیست و هەندێک ساڵ بووم، ماڵی گەرموگوڕمم بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی لە بریدا، لە ناوچەی ماگدبێرگ، کە نزیک بوو، ژیانێکی وەک ''بێگین'' begin بژیم. ''بێگینەکان'' سەر بەگرووپێکی ژنانەی دەرەوەی کلێسان، هاوتاکەی بۆ پیاوان پێی دەڵێن ''بێگارد'' begard . ئێمە پێڕەوی ڕێبازی هیچ تەریقەتێک ناکەین، بەڵکە بە هەژاری و پاکیزەیی دەژین. زۆربەی کات، لەناو هەژار و نەخۆشاندا خۆمان بۆ کاری خێرخوازی تەرخان دەکەین. تا ئاستێکی زۆر لەناو جیهان و بەجیهان دەژین. گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی بەتەواوی نامۆیە بۆمان.''

''ببوورە، پرسیارێک: بۆ ناچنە ناو تەریقەتێکی ناسراوەوە؟''

ئەم پرسیارە ئەبوئەلعەفیا کردی.

''هەرگاف هێندە ئاسان نییە. یەکەمیان لەبەرئەوەی لەم دواییانەدا بۆ ئێمەی ژن سەختتر بووە مۆڵەتمان بدەنێ بچینە ناویانەوە، وا دەزانرێت هەر لە ئێستاوە زۆر ڕاهیبە هەن. چونکە لەودیوی شوورەکانی دێردا ناژین، لەناو گرووپەکانی خۆماندا زۆر زێتر ئازادیمان هەیە، ئەوە بکەین، کە ئێمە پێمان وایە ژیانی ڕاست و دروستی مەسیحییانەیە، بەڵام بێگومان هەندێک کەس لە ئێمە دەچنە ناو دێرە ناسراوەکان، بەتایبەتیش هی "دومینیکییەکان". بەڵام زۆربەیان بۆ ئەوەیانە ڕێنوێنیی ڕوحانی بکرێن. منیش وا مەزەندە دەکەم، کە پێوەندییەکان بۆ هەردوولا دەوڵەمەند بوون.

بەڵێ، دەتوانم شتێکی تر لەبارەی پاشخانی گرینگترین نووسینم ''ڕووناکیی لێشاوی خوایی'' بڵێم. ناوەکە پێوەستە بەئەزموونێک لە تەمەنی

دوازده ساڵیدا. لەو کاتەوە بەخشندەیی خواییم بەسەردا دەڕژێ. ماوەیەکی زۆر ئەم ئەزموونەم هەر بۆ خۆم هێشتەوە. بەڵام کە بۆ ئەو قەشە دومینیکییەی گوناحم لای درکاند، باس کرد، داوای لێ کردم ئەو ئەزموونانە بگێڕمەوە، ئیدی دەستم بەنووسینی کتێبەکەم کرد."

"سوپاس ماشتیلد. بەڕاستی کاروباری بێگینەکان دڵگیرە. ئیبراهیم دەتەوێ بەردەوام ببیت؟"

"بەڵێ. بە کورتی دەبێت."

ئەو ڕابینە باڵابەرزە گەرووی خۆی پاک دەکاتەوە و دەست بەقسەکردن دەکات.

"من ناوم "ئیبراهیم بن سەموێل ئەبوئەلعەفیا"یە و لە زاراکوزە [سرقسطة] لە ڕۆهەڵاتی باکوری ئیسپانیا لەدایک بووم. لەسەر داوونەریتی جوو پەروەردە کرام. دوو ساڵ دوای مردنی باوکم، کە تەمەنم هەژدە ساڵان بوو، دەستم بەسەفەرەکانم کرد، سەرەتا بۆ ئیسرائیل، پاشان بۆ گریک و لەوێ ژنم هێنا. دوای گریک چوومە ئیتاڵیا، لەوێ فەلسەفەم خوێند، بەتایبەت "ڕێنیشاندەر بۆ سەرگەردان"ی مووسا بن مەیموون.

ڕۆژ هات و چوو، گەڕامەوە بۆ ئەراگۆنیا، لەوێ ماوەی سێ ساڵ تێکستی قەبالەییم خوێند، بەتایبەت "کتێبی دروستبوون" Sefer Yetsirah، کە ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا زێتر باسی بکەم. لەو ماوەیەدا زۆر خەون و خەیاڵیشم هەبوو. لەناو یەکێکیاندا، هان دەدرام هەوڵ بدەم دیداری پاپا بکەم. پاشان هەڵوێستم بەرانبەر بە خەون و خەیاڵەکانم گۆڕی، چونکە ڕەنگە تا ئاستێک، دێوەزمەی سەرشێوێنەر هۆکار بووبێت. بەڵی، هەندێک جار وەک پیاوێکی نابینا لە نیوەی ڕۆژدا، بە شەیتان لەلای ڕاستمەوە، هەستم بە خۆم دەکرد.

لەبارەی نووسەرایەتیمیشەوە، دەبێت ددان بەوەدا بنێم، کە زۆر بە بەرهەم بووووم، لە ماوەی بیست ساڵێکدا پەنجا نووسینی کورت و درێژم نووسی، کە دەکرێت بەسەر چوار ژانردا دابەش بکرێن: ڕێنوێنینامە بۆ ئەزموونی

عیرفانی، لێکدانەوەی تێکستی کلاسیکیی جوویی، بەرهەمی ئایندەبینی و کاری تێکەڵاو.''

''سوپاس ئیبراهیم. با منیش شتێک لەبارەی پاشخانی خۆمەوە بڵێم. من لە شاری وەخش لە خوراسان لەدایک بووم. باوکم دادناس بوو، وەک خوتبەبێژ و سۆفیش زۆر ناسراو بوو. کە مەنگۆلەکان لە ناوچەکە نزیک بوونەوە، گەیشتە ئەو باوەڕەی هەتاهەتایە شارەکە بەجێ بهێڵێت و لە ناوچەیەکی تر خێزانەکەی جێنشین بکات. ئەوسا من دوازدە ساڵ بووم. بەناو ئێراندا چووینە سووریا، من لەوێ بە گەنجی مێژوو و ئەدەبی عەرەبیم خوێند. پاشان خێزانەکەمان گواستییەوە بۆ قۆنیا لە ئەناتۆڵ، لەوێ سوڵتانی سەلجوقی بەخێرهاتنی باوکمی کرد. ئەناتۆڵ بە "ڕۆم"یش ناودەبرا، کە لە ناوی من، "ڕۆمی'' ئاوێنا بووەتەوە، یانی ''خەڵکی ڕۆم''.

لە خوێندنی بابەتە نەریتییەکانی وەک ڕێزمانی عەرەبی و زانستی عەرووز، قورئان و حەدیس، ئایینناسی و فەلسەفە، ماتماتیک و فەلەکناسی، بەردەوام بووم.

کە باوکم مرد، من چوومە سەر کاری مامۆستاییی ئەو لە چەند قوتابخانەیەکی ئاینی لە قۆنیا. ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، دەستم بەمەشقی سۆفی کرد. سەردەمێکی بەترس بوو، ڕەنگدانەوەی داگیرکردنی ئەناتۆڵ لەلایەن مەنگۆلەکانەوەی بەسەر بوو. خەڵکی وا هەیە دەڵێن، کە من لەو سەردەمەدا لە "خەڵوەتگرێکی سادە"وە، گۆڕام، بووم بە "ئاشقێکی سەرگەرم"ی خوا. لە یەکێک لە شیعرەکانمدا، بەم وشانە ئاماژە بەم گۆڕانە دەکەم:

> جاران دەستم هەمیشە قورئانی هەڵدەگرت
> بەڵام ئێستا گۆزەی شەرابی خۆشەویستی هەڵدەگرێ.
> دەمم پڕ بوو لە عیبادەت
> بەڵام ئێستا تەنیا شیعر و گۆرانی دەڵێ.

دەرکەوتنی بەهرەی شیعرییم، تا ئاستێک درەنگ لە ژیاندا دەرکەوت. وا پێ دەچێت پێوەندیی بەو ڕاستییەوە هەبێت، کە لە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم جودا بوومەوە، کە لە ماوەی زێتر لە دوو ساڵدا، لە قۆنیا پێوەندییەکی بەهێزم لەگەڵیدا هەبوو، ناوی "شەمسەدین تەبریزی"یە، کە بە مانای "خۆری ئاینی تەبریزی" دێت. شەمس دەروێشێکی کاریزماییە و هاوتەمەنی منە. کە ئەم دەروێشە لە ژیانی مندا ون بوو، بە شیعری لەخۆڕاهاتوو تەقیمەوە، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە گونجاو بێت. چەند بەرهەمێکم لەگەڵ خۆمدا هێناون و لە کاتی گونجاودا، بە خۆشییەوە دەیانخوێنمەوە.

بەڵام با دەست بە گفتوگۆکان بکەین. هیچ دەستپێکردنێکیش لەوە باشتر هەیە کە قسە لەبارەی ئەو خوایەوە بکەین، کە هەموومان لێیەوە هاتووین و وردە وردەیش بۆی دەگەڕێینەوە. ئەدی لە قورئاندا نالێ: _ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً (سورەتی ٨٩:٢٨).

ئەوانی تر سەریان بۆ دەلەقاند و داوایان لە ڕۆمی کرد بە چەند وشەیەک لەبارەی خوای نادیار و ئاشکرا، دەست پێ بکات.

"بە خۆشییەوە وا دەکەم. بەڵام بەگوتەیەکی جوانی سۆفیی میسری "ذوالنون المصری" (ساڵی ٨٥٩ مردووە)، دەست پێ دەکەم، کە یەکێک لە سۆفییە ئەفسانەیەکانمانە و بە زمانە زۆر بە سۆزەکەی ناسراوە.

> خوایە، کە گوێ لە دەنگی ئاژەڵ، یان خشەخشی درەختان،
> لە شڵپەشڵپی ئاوەکان، یان جریوەی باڵندان،
> لە گفەگفی با، یان گرمەگرمی برووسکە دەگرم،
> ئەوسا لێیانەوە هەست بە شاهێدییەکی تاکانەییی تۆ و
> بەڵگەیەکی بێهاوتاییت دەکەم؛ کە تۆ ئەوەیت دەچیتە ناو هەموو شتێک،
> کە هەموو شتێک دەزانیت.

نووسینەکانی من پەیامێکی هاوشێوەی ئەوە دەگەیێنن. تێیاندا، پیاهەڵدان

بەو خـــوایە زیندووە، زاڵە. مــرۆڤ ڕوو لە هــەر لایەکــیش بکات، بــەم خـــوایە دەگات. منیش وەک سـۆفـییەکانی تر – ئێستـا لە هـەمـووان زێتر بیر لە ئیبن عـەرەبی دەکەمـەوە– جیـاوازی لە نێوان کرۆکی خـوا، سیفـەتەکان، یان ناودا، لەگەڵ بەرهـەمـەکانی خـوادا دەکەم. دەتوانرێت ناو و تایبـەتمەندییەکانی خـوا، بەسـەر دوو گـرووپدا دابەش بکرێن. ئەوەی یەکـەمـیـان لە ناو یێک هـاتووە، کە نابێت بۆ خـوا پێچـەوانەکانیـان بەکار بهێنرێن، بۆ نموونە، "زیندوو و بەتوانا". ئەوەی دووەمـیـان ناویان تێدایە، کـە پێـچـەوانەکـانیـشـیـان ناوی خـوایە، بۆ نموونە، "ئەوەی کە بەرز دەکاتەوە" و "ئەوەی کە ڕیسوا دەکات".

یەکـێک لە بیروڕا جـوانەکانم ئـەوەیە کـە "شت بـە پێچـەوانەکانیـانەوە دیار دەکەون"، کـە ئەمـە لە ژیـانی ڕۆژانەدا دەسـەلمێنرێت. پێچـەوانەکان لە دنیـای هـەست و خەیاڵماندا و بەشێوەیەکی گشتیش لە ژیان و لە تێکەڵاوکردنی چوار توخـمـەکەیشـدا، تووشـمـان دەبن. بەرانبـەر تەڕی و سـاردیی ئاو و گـەرمـی و وشکیـی ئاگـر هـەیە. بەرانبــەر دڵتـەنگی، دڵخـۆشـی هـەیە بەرانبـەر یەکـبـوون، پەرش و بڵاوبوون هـەیە. بـەڵام خـــوا لە دەرەوەی ئـەم پێـــچـــەوانانـەیە. خـــوا بەیەکەوەبەستنەوەی پێچەوانەکانە. لـە شوێنێکدا نووسیومە: ئەی هـاوڕێ، خوا ڕەزیلکەر و پیرۆزکەرە: بێ ئەم تایبەتمەنـدییانە، هیچ کردارێک ناکرێت. بڕوانە زەوی و بەرزیی ئـاسـمـانەکـان: بێ ئـەم دوو تایبـەتمەنـدییـانە، ئاسـمـانەکـان ناتوانن بخولێنەوە".

ئەمـە مانای ئەوەیشـە، کە بەخـشندەیی ڕەها تەنیـا لای خوا هـەیە، هـاوکـات دەبێت جیـهان لەگەڵ پێچەوانەکانیدا هەڵبکات. لەبەرئەوەی لە جیـهاندا بەهـای ڕەها نیـــیـــە، بۆیە هـەردەم خـــێـــر و شـــەڕ تێکەیشـــتـنی ڕێژەیین. بـاشـی و خـراپییـەکانی شـتێک، پێوەندییـان بە حـاڵەتاکـانەوە هـەیە. ژەهری مـار واتەی ژیانە بۆ مار و مردنە بۆ مرۆڤ.

دەکرێت خـوا بەو نیگارکێشـە بچـوێنرێت، کـە وێنەی جـوان و نـاشـیـرینیش دەکات. ئەگەر خوا وایش دیار بێت کە شـتێک تێک دەدات، ئەوە بۆ ئەوەیە کە شـتـێکی باشـتـر لە جێگەی دابنێت. تێکدان لەپێناو چاککردنەوەیە، زەرەر لە

پێناو قازانجە، وێرانکردن لە پێناو ڕاستییە.

خوا جیهانی دروست کرد، بۆ ئەوەی ناو و تایبەتمەندییەکانی خۆی ئاشکرا بکات. بەپێی فەرموودەیەکی پەیامبەر، خوا فەرموویەتی، "من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، بۆیە دەمویست بناسرێم". من پێم وایە ناوە خواییەکانیش مانایەکی ئەخلاقییان هەیە. ناوی "عەلیم" ڕێمان لێ دەگرێت گوناح بکەین، ناوی "سەمیع" وامان لێ دەکات، خۆمان لە بەکارهێنانی زمانێکی شڕ و ناشیرین لابدەین. با ئەوەیشی لێ زیاد بکەم، کە ناوەکان لە بەهای ڕەسەن و ئەبەدیی خواوە هاتوون، ڕۆڵی نموونەیی، یان مودێل بۆ خەڵک دەبینن، هەتا لاسایی بکەنەوە. ئاخاوتن لەبارەی غەزەبی خواوە، بۆ نموونە، خراپترین شت کە مرۆڤ بەسەریدا بێت، دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە چارەسەری غەزەبەکانی خۆمان بکەین.

لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆربەی خەڵک شت وەک خۆیان کە هەن، نابینن. ئەوان لەوە تێ ناگەن کە حەقیقەت داپۆشراوە، کە جیهان وەک خەونێکە، تەڵەیەکە، کەفە زەریا هەڵی داوە، یان تۆزە، ئەسپێکی تێپەڕبوو هەڵی کردووە. لە شوێنێکدا نووسیومە، "ئەگەر هەموو شتێک کە دەکەونە بەرچاومان، وا بن کە بەرچاومانن، ئەوسا پەیامبەر، کە بەهرەیەکی وای ڕووناک و ڕووناککەرەوەی چاوتیژیی هەبوو، قەت نەدەپاڕایەوە و بڵێ "خوایە شتەکانمان وەک خۆیان نیشان بدە".

بەڵام ئەم بێئاگایەیش هی لایەنی خواییە. کە شت وا ببینین کە هەن. هەموو کەسێک زانیاریی دروستی پێ نەدراوە. با بەڵگە لە قورئان بهێنمەوە، کە نیشان دەدات خوا ئەوەیە کە دەشارێتەوە و ئاشکرا دەکات. خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عظِيمٌ (سورەتی ۲:۷). بەڵام خودا دەڵێت: "لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ" (سورەتی۵۰:۲۲). بۆیە بێئاگایی هەیە، تا دەستی لێ بەربدەین و بەئاگایی بێتە ئاراوە.

ببوورن کە درێژەم دایێ."

ماشتیلدی ماگدبێرگ و ئەبوئەلعەفیا، هەردووکیان تەواو بێ جووڵە و دەم بەنیوەکراوەیی دانیشتبوون، بەئاشکرا دیار بوو بە ئاخاوتنە هەژێنەرەکانی رۆمی هەژابوون، دوای کەمێک بێدەنگی ماشتیلد دەستی بە ئاخاوتن کرد.

"گرینگ نییە رۆمی خۆشەویست. هێندە ئاسان نییە باسی خوا بکرێت. کام خوا؟ فرە وێنەی خوا هەیە. وێنەی خوا لە ئاینی مەسیحیشدا تاکانە نییە. لە باوەڕی جووەوە هاتووە، کە "خوا یەکە" (کتێبی پێنجەم. ٦:٤) و ئەمە بۆ "باوەڕی یەکگرتنی سێ" گەشە دەکات. ئاشکرایە خوا یەکە، بەڵام خۆی لە کوڕە تاکانەکەیدا، لە عیسادا دەنوێنێت."

رۆمی قسەی پێ دەبڕێت.

"بەڵێ، هەر لێرەوە کێشەیەکمان هەیە. سەختە ئیسلامەکان بەم تێگەیشتنە رازی بن، کە ئێمە بەپەرستنی چەند خوایەکی دەزانین (شەریکدانان)، تاکە کوفرێکە قابیلی لێبووردن نییە. ناتوانین لە عیسا تێگەیشتن وەک کوڕی خوایش پەسند بکەین، کە ئەو لە جەستەی خواوە هاتووە. بەڵام ئەگەر بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێین کە پێکەوەمان دەبەستن، وەک کە لەسەری رێک کەوتین، ئەوسا ئاشکرایە کە ئیسلام هاوباوەڕی تاکانەیی رەهایە لەگەڵ مەسیحی و بێگومان لەگەڵ جوویشدا."

"رۆمی، سوپاس بۆ ئەم رایەت. من جیاوازییەکانی نێوانمان لە باوەڕی "یەکگرتنی سێ" و "لە جەستەبوون"دا دەبینم و رێزم هەیە. هاوکات دەمەوێ بڵێم کە ئەم جیاوازییانە هێندە زۆر گەورە نەکرێن. خۆ ئێمەی مەسیحی جەخت لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئەو سێ وێنەیەی خوا، باوک، کوڕ و رۆحی قەدیس یەکەیێک پێک دەهێنن. ناوی "یەکگرتنی- سێ"یە.

رۆمی، من وا دەبینم، ئەم رایەم کە وا ئێستا دەریدەبڕم، تۆ پێت خۆش دەبێت. بۆ من خوا بەر لە هەموو شتێک واتەی خۆشەویستی دەگەیێنێت. بێگومان ئەشقی خوایی کرۆکی کتێبەکەمە، کە من بە "رووناکیی لێشاوی خوایی" ناویم هێنا. وەک زۆر کەسی تر سوودم لە شیعرە خۆشەویستییەکانی

''غەزەلی غەزەلان'' وەرگرتووە. بۆ من خۆشەویستیش پێوەندیی نزیکی بەزانیارییەوە هەیە، هەموو زانیارییەک نا، بەڵکە زانیاری لەبارەی ئاشقی خواییەوە. لە چاوترووکانی گۆڕانی ئەزموونی ڕوحیدا، زانیاری و ئەشق یەک دەگرن. لە شوێنێکدا نووسیومە "ئەشق بێ زانیاری، وەک تاریکی وایە بۆ ڕوحی ژیر".

ڕێگەی خۆشەویستیی من، دەربڕینێکە بۆ کۆششی ڕوح کە بەسەر هەستەکانیدا زاڵ ببێت و ئاکارە باشەکانی بچێنێ. خوا لەسەر ئەم ڕێگەیەدا، کە من بە "بەخێرهێنان" ناوی دەبەم، بە مرۆڤ دەگات. لە کتێبەکەمدا نووسیومە، "بۆ ئەوەی بە ئاشقی خوایی بگەیت، دەبێت مرۆڤ "بە کۆلکەداری ئاکاری باش ئاگری خۆشەویستی بکاتەوە".

من لێرە دەوەستم. ئیبراهیم ڕوانینی قەبالەیی بۆ خوا چۆنە؟''

''بە خۆشییەوە بۆ تۆ و بۆ جەلالەدین باس دەکەم. ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، سەرنجڕاکێشە. بەڵام گوێم لێت نەبوو باسی خوای نادیار و ئاشکرا بکەیت؟''


''وایە. بەڵام من هیچ سەختییەکم نییە، بەم خوایە پێوەست بم. بۆ من خوا هەموو شتێکە لە هەموو شتێکدا. خوا کرۆکە لە خوڵقێنراو و لە دەرەوەیشیەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تێکستەکەم زێتر باسی بەیەکگەیشتن لەگەڵ خوادا دەکات، بەیەکگەیشتنێک کە من بە "بەخێرهێنان" ناوی دەبەم. بەخواگەیشتنیش هیچ وەسفکردنێکی نییە. یەکێک لە وێنە باوەکانی من بۆ وەسفکردنی ئەم بەیەکگەیشتنە، بیابانە. پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە بەخواگەیشتن لە دەرەوەی بەئاگایی لەسەر خۆمان ڕوو دەدات. بە زمانی ئەڵمانیی من، دەتوانم لەگەڵ ئەم وشە ئەڵمانییانەدا، iht و niht، شتێک و هیچ شتێک، یاری بکەم. ئەوەی لای ڕوحەوە وەک هیچ شتێک هەستی پێ دەکرێت، هاوکات شتێکە. حزووری خوا لە نەمانی بەئاگاییی خوددا، دەردەکەوێت.''

''ماشتیلد، سوپاس بۆ وەڵامەکەت. بۆ من، خاڵی بەیەکگەیشتن بە هەردووکتاندا هەیە. گرینگترین نووسینی قەبالەیی، کە کتێبێکی زۆر گەورە و

نایابە، هاوڕێیەکی نزیکی خۆم نووسیویەتی. ناوی "مووسا دێ لیۆن"ە و بەرهەمەکەیش ناوی "کتێبی درەوشانەوە"یە. تێیدا باسی خوای شاراوە و نهێنیدا دەکات، بێ خەسڵەت و سیفەت، بەڵام خوایەک کە کەم وەک کەسی سێیەم باس ناکرێت. لە نزیک ئەم خوایە شاراوەیەدا، کە بە "ئێین سوف" ناوی دەبرێت و مانای "بێ کۆتایی"ە، دە سیفەتە خواییەکان، دە "سێفیروت"ەکان، هەن. ئەم سیفەتانە نوێنەرایەتیی قۆناخی جودای هەڵقووڵانی خواییشن، یانی هاتوچۆی وزەی خوایی. ئەم سیفەتانە بە سیمبۆلی زۆر سەیرتر دەشاردرێنەوە، کە ڕەنگە بۆ خوێنەر سەرلێشوێنەر بێت.

وێنە دووبارەبووەکانی ئەم جیهانە، لەلایێکەوە درەختی خواییە، لەلایێکی ترەوە مرۆڤی بنەچەیە (ئادەم کادمون). ئەگەر دە "سێفیروت"ەکان درەختەکە بن، ئەوا "ئێین سوف" "ڕەگە شاراوەکەی ناو هەموو ڕەگەکانە"، یان شیلەی درەختەکەیە. درەختەکە هەر لەخۆوە بوونی نییە، بەڵکە بە هێزی شیلەکە بوونی هەیە، کە خوا شاراوەکەیە. هێزی خۆڕسکی وزەی خوایی، لەم سیمبۆلییەدا جوان دەردەبڕدرێت. پرسیار ئەوەیە، چۆن مرۆڤ بتوانێت بەم هێزە بگات. ئەوسا پێویستە شتێک لەبارەی سەرچاوەی هەڵقووڵانەوە، ئەم دە "سێفیروت"ـەوە بزانین. هەر بە کورتی دەکرێت بەسەر سێ سیانەدا دابەش بکرێن، کە هەنگاو بەهەنگاو، خۆیان لە جیهانە دروستکراوەکەدا نزیک دەکەنەوە. سیانەی یەکەم لە چڵەپۆپە، ژیری و هۆشمەندیی خوایی پێکهاتووە. سیانەی دووەم سیفەتە خواییەکانە، بەخشندەیی، دادوەری و ئاسوودەیی. ئەوان نوێنەرایەتیی کامڵیی ئێتیکی خوا دەکەن. پاشان سێیەم و دوا سیانە، ئەبەدی، شکۆداری و بنەڕەتیی دێت، کە دەسەڵاتی خوایە لە جیهاندا. دەیەم و دوا سەرچاوەی هەڵقووڵانیش بوونێکی ژنانەی جودا و سەربەخۆیە، کە پێی دەڵێن "شێخینا". مانای "حزووری خوایە". لە خوارەوەی ئەودا جیهانی (نا-خوایی) دەست پێ دەکات. مرۆڤ بە ڕێگەی "شێخینا"وە دەتوانێ تا ئاستێک هەڵقووڵانە خواییەکانی تر، ببینێ. مرۆڤ بە بەجێگەیاندنی ڕیتواڵە ئاینییەکان، دەتوانێت بوونی سروشتی ئەو ببینێ."

ĒN SŌF — THE BOUNDLESS



ماشتیلد گوتی:

''زۆر سەرنجڕاکێشە کە مرۆڤ بەهۆی ڕەچەڵەکی ژنانەی خواییەوە، بۆ حزووری خوایی بگەڕێت.''

''بەڵێ وایە. بەڕێگەی "شێخینا"وەیە مرۆڤ دەتوانێت تا ئاستێک هەڵقوولانە خواییەکانی تر ببینێت. بێجگە لەمەیش، دەتوانم ئەوەیش بڵێم، یەکگرتنی "تێفیریت و مەلخوت"، شەشەم و دەیەمی سێفیرا، سیمبۆلی هاوسەرێتییەکی پیرۆزە لە نێوان ژنانە و پیاوانەدا، یەکگرتنێکە دۆخێکی هارمۆنی بەدوادا دێت.''

''بەو جۆرە بابەتێکی سەرەکیی تر دێنینە گۆڕێ، واتە هەنگاوی ڕوحی، یان، چۆن دەتوانین لەگەڵ بنەچەی خواییمان یەک بگرینەوە. من دەتوانم شتێک لەبارەی ئەم بابەتەوە بڵێم. بەرهەمە شیعرییەکەم، ''مەسنەوی'' بە چەند دێڕێک دەست پێ دەکات، کە دەکرێت بە "گۆرانیی نەی" ناو ببرێت. باسی ناڵەی قامیشەڵان دەکات، کە لە بنەچەی بڕاوەتەوە. بێگومان مانا قووڵەکەی تاسەی ڕوحە بۆ بنەچەی خوایی خۆی. چەند دێڕێک دەخوێنمەوە:

ببیە، نەی کاتێ کە باست بۆ دەکا
داد لە دەس دووری دەکات و گۆ دەکا
لەو دەمەیڕا، من لە نایستان بڕام
مێرد و ژن هەروا دەگریێنێ هەرام
ئاگرە، ئەم بانگی شمشاڵە... نە (با)
هەر کێ نەیبێ ئاگری وا... هەر نەبا
ئاگری (ڤین)ـە لە نەی وا دێتە دەر
جۆششی ڤینە لە مەی وا دێتە دەر

(وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٨س)

خەڵکی وا هەیە پێی وایە ئەم کۆپلانە ناواخنی هەموو بەرهەمە چەند هەزار لاپەڕەییەکەیە. بۆ ئەوەی ئەوان دەیڵێن، هۆ هەیە. گۆرانییەکە چەند بابەتێکی بنەڕەتی دەورووژێنێ. "قەد و ڕەگ" ئەو ڕەچەڵەکە ی، کە هەموومان هاوڕاین لەوەی کە لێیان هاوبەشین. کۆپلەکان باسی تاسەی یەکگرتنەوەیشمان دەکەن. هێزی بزوێنەر، ئەو وزە خواییە، ئاگری خۆشەویستییە. من حەز دەکەم وێنە لەو سروشتە وەربگرم، کە ڕۆژانە لەناویدا دێین و دەچین. قامیشەکە لە دەوروبەری سروشتیی خۆی دادەبڕێ. دەکرێتە ئامێرێک و نەواکانی لە گەرانی ڕوحیماندا دەمانهێنیتە جۆش. مەسەلەکە گۆڕانە، وانییە؟"

ماشتیلد گوتی:

" بەڵێ وایە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەمەوێ بزانم ئێوە چۆن لە کاریگەری چوونە خەڵوەتەوە دەگەن، بۆ ئەم گۆڕانە. من بۆ خۆم هەستێکی وام هەیە، کە جەختکردن لەسەر چوونە خەڵوەتەوە، زێتر پێوەندی، وەک کە من ناوی دەبەم، بە ڕاهێنانی ڕوحیی پیاوانەوە هەیە. ئێمەی ژن زێتر گرینگی بەجوانکردنی ڕەفتارە باشەکان و داهێنانەوەی خۆشەویستی دەدەین. ڕێگەی "بەگینەکان" ڕێگەی ئەشقە.

ڕۆمی گوتی:

"بەڵێ وایە! لە نووسینەکانی منیشدا، خۆشەویستی بابەتی بنەڕەتییە. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێ خەڵک بەئەزموون و ڕاهێنانی جۆراوجۆر بۆ ئەوە هەوڵ بدات کە تۆ بە "جوانکردنی ڕەفتارە باشەکان" ناوی دەبەیت. خۆ ئێمەیش هەوڵ دەدەین ئیسلامی باش بین و ئەمەیش بەو مانایە دێت، کە پێڕەوی یاسای ئاین و ئەرکەکانی بکەین. نوێژ و زیکرکردن بۆ خوا. لە ڕاهێنانەکانی خەڵوەتگریدا، دەتوانم خۆم بۆ بێداری تەرخان بکەم. کە بە شەو خەڵک نووستون، مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ خوا بەتەنیا بێت. لە دیوانەکەمدا زۆرجار ئەمە ناو دەهێنم، بۆ نموونە بەم شانە:

له پێناو ئەم هاوڕێیە دڵسۆزەدا

ئەو کە بە شەو نانوێ، هەر وا دەکات

مەنوو و ڕازی دڵتی بۆ بدرکێنە!

زۆر لە ئێمە باسی جیهادە گەورەکەی تر لە نێوان عەقڵ و نەفسدا دەکەین. ئیبراهیم تۆ چۆن ئەمە دەبینیت؟"

"لەبەر کات، بەکورتی وەڵام دەدەمەوە، کە تێگەیشتنم لە گەشەی ڕوحیدا چۆنە. مەسەلە پلەیە. دەکرێت بەهای خەڵوەتگر لە پلەکانی بنەوە بن. ئێوە دەزانن من هاوڕای ئێوەم، لەوەی کە مرۆڤ جیهانێکی بچووکە. کە جێگەی هەموو لێشاوی خوایی دەبێتەوە. وەک کە زۆرجاران دەڵێم، بۆ ئەوەی بتوانیت لە ناختدا خوایی دابهێنیت، یان ئازادی بکەیت، دەبێت هەموو گرێیەکان بکەیتەوە. گەیشتن بە، ئەوەی کە من بەعەقڵی چالاک ناوی دەبەم، دوا پلەی هەڵقوولانی خواییە، بەناو حەوت ئاستی کەسایەتیی مرۆڤدا ڕەت دەبێت.

لە نزمترینەوە، کە من بە ئاستی ئاکاری ناسینەوە، ناوی دەبەم، دەچینە سەر تەبەقەی هەستکردن. پاشان خواستەکانمان دێن. واتە وەڵامی هەست و خواست بۆ ئەم هەستکردنە و خەیاڵ و وێنەکانی ناخ دێن. لەوێوە هەڵدەکشێینە ناو کرۆک، ناعەقڵانی و توانای بیرکردنەوە و لەوێیشەوە بۆ ناو توانای پەیامبەری دەچین. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەقڵی چالاک.

بەڵام دروست لێم بگەن! من وەسفی بازنەیەکی کامڵ، یان ڕەنگە یەکێکی بە پێچ بکەم. هەموو پرۆسێسەکە لە خواوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و پاشان بۆ دوا پلەی هەڵقوولانی خوایی، بۆ عەقڵی چالاک دەچێت. پاشان هەڵقوولاوە خواییەکە بەسەر تواناکانی مرۆڤیدا دەنیشێتەوە، هەڵیان دەگرێت و وایان لێ دەکات خۆیان بەعەقڵی چالاکدا بنووسێنن. بەم شێوەیە دەکرێت عەقڵی مرۆڤ هەر بۆ ئاستی بڵندتری ڕوحی و دوا توانەوەی لەگەڵ عەقڵی چالاکی خواییدا، بەرز بکرێتەوە. ئاستە نەوییەکانیش، بۆ نموونە خەیاڵەکانمان بە لێشاوی

عەقڵی چڕ دەبن."

"سـوپاس ئیـبـراهیم. مـن وەک خـانەخـوێ، دەتـوانم بەوە ڕازی بم، کـە گفتوگۆکانمان بەهەندێک ئاخاوتن لەبارەی ئەزموونی حزووری خوا خۆیەوە، کۆتاییی پێ بهێنین. خۆ ئێمە هەمـوومان ملمـلانێ لەگەڵ زمـاندا دەکەین. چۆن دەتوانین شـتێک لەبـارەی ئەوەوە بڵـێین کـە دەرنابڕدرێت؟ ئیـبـراهیم خـۆ تۆ دەتوانیت دەست پی بکەیت؟"

"بەڵێ دەتـوانم. کـە مـرۆڤ "هەمـوو گـرێیـەکـانی کـردەوە"، دەتوانـێت بە دە "سێفیرۆت"ـەکان، هەتا "ئێین سوف" هەڵبکشێت. کردنەوەی گرێیەکان مانای ئازادبوونە لەو شـتـانەی مرۆڤ بە جیـهان و –بە خـوا– دەبەسـتنەوە. گونجـاوە ئەم پرۆسێسە بەجۆرێک لە مردن وەسف بکرێ. دەربڕینێک لە نووسینەکانمدا هـەیە کە پێوەندیی بەم مـیـتـافـۆرەی گۆڕانی ڕوحـیـیەوە هـەیـە. وایە: "ئەوە بێنە بەرچاوت کە ئەو کاتەی ڕوحت لە جەسـتـەت جـودا دەبێـتـەوە و لەم جـیـهـانەدا دەمـریت و لە جیـهانێکی تردا دەژیت". مـن زۆرجار باسی توانای هەمـیشـەییی پەیامبـەریی دەکەم، حاڵەتێک کە تێیدا (وا لە کتێبەکەمدا دەخـوێنمەوە) "ئەم و ئەو دەبنە یەک بوونەوەر"."

"ئیبراهیم لە نووسینەکانتدا ئازارکێشان لە کوێیە؟ پێویست ناکات ئێستا وەڵام بدەیتـەوە. لـە بریدا مـن چەند دێرێک لە نـووسـینەکـەمـدا "ڕووناکـیی لێشـاوی خـوایی" دەهێنمـەوە. کە لە دیالۆگـێک پێک هـاتووە، لە نـێوان ڕوحی مـرۆڤ و خـۆشـەویسـتـیدا، کە خـوایە. کاتێک ڕوح پـرسـیـار دەکـات، لە کوێ بارەگەی خوایی دەدۆزرێتەوە، خۆشەویستی وەڵام دەداتەوە:

ئەو لـەناو ئـارامـیی وەفـاداریدا دەژی و لەنـاو پەرژینە بـاریکەکـانی ڕوحدا، بۆ خۆشەویستەکەی دەچرپێنێ.

لەناو دڵنەواییی گرانبەهای خۆشەویستیی خۆیشیدا، لە باوشی دەکا.

کـە لە ئەشـقدا نیگایان ڕوو لـە یەکتـر دەکـەن، ئەو بەچاوی ئاشـقی بەخێری دەهێنێ.

ئەو بە دەمی خوایی خۆیەوە، بە تامەزرۆوە ناو دەمی ماچ دەکات.

تۆ لەم شانازترین دەمەدا، لە شادیش شادتری.

هەتا بتوانێت، لەسەر نوێنی ئەوین دەیلاوێنێتەوە.

پاشان کە ئەو، هەر بەڕاستی لە ئەو دەئاڵێ، دەگاتە بەرزاییەکانی نەجات و بەتینترین ئازار.

ئەی ڕوحی خۆشەویست، بهێڵە ئەڤینت لەگەڵ بکرێت و لە دوورەوە توند مەیگرە.

زمانی ئێرۆتیکیت بەسەردا ڕەت نابێت، وا نییە؟ باسی باوەش پێکردنێک، ماچێکی خوایی، لاواندنەوە و ترۆپکی لە یەکدیئالان دەکات.''

''ئای! ئەگەر بە ماچێک بمریت! ئەمە بۆ منیش شێوازێکی دەربڕینە لە بەخوداگەیشتن. وەک کە تێ دەگەن، دەربڕینەکە لە وشەی "غەزەلی غەزەلان"ەوە هاتووە،

'ئەو ماچی دامێ، ماچی ناو دەمی" (٢:١)

بەڵام ماشتیلد من قسەم بە تۆ بڕی.''

''گوێی مەدەرێ ئیبراهیم، سوپاسی ئاخاوتنەکەت دەکەم. بەڵام من دەمەوێ لێرە بوەستم. ئێستا لەم شارە کولتوورییەدا، پیاسەکەمان بەناو گەڕەکی گەلاتەدا دەکەین. من پێم وایە ڕۆمی بەگوتەیەک کۆتا بە کۆبوونەوەکەمان بهێنێ.''

''بەڵێ ماشتیلد وا دەکەین. گوتەکەیش لەبارەی خۆشەویستییەوە دەبێت. بە هێزی خۆشەویستیی هەموو خوڵقێنراو کەوتە چووڵەوە. بۆیە، هەموو شتێک لە بووندا خۆشەویستیی خوای تێدایە. لە ڕادیکاڵترین شێوەی دەربڕینمدا باسی بە خوا مەستبوونم کردووە و کە ئەم تێنووێتییەی ئەشقیش دەبیتە شێتییەک. بێگومان بەخوداگەیشتن دوور لە هەموو تاکەکەسی و دووانەییێکە. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت، کە من بەوشەی خۆشەویستی و شەرابخواردنەوە

وەسفی بکەم. بەخوێندنەوەی شیعرێک کۆتاییی پێ دەهێنم:

دەستبەرداری دووانەیی بووم، بینیم ئەم دوو جیهانە یەک بوون،

بۆ کەسێک دەگەڕێم، هەست بە کەسێک دەکەم، کەسێک دەبینم، بانگی کەسێک دەکەم.

به جامی ئەوین مەستم،
ئەم دوو جیهانە دوورن لە ئەقڵی من
بێجگە لە کەیف و سەفا، کارێکی ترم نییە من

# کلیلی ڕۆمی بە کار بهێنیت

بوو گوستاڤسۆن

خـــوێندنـەوەی ڕۆمـی کـــرداریْکی ئازادبـوونـە بـۆ شــێـــوازێکی تری ژیـان، بۆ شیـوەیەکی تری بوون. چەند ساڵێک لەمەوبەر لە مـەغریب لە شاری ئەلسویرە بووم. ئەلسـویرە بە شـارە سـپـیـیـەکەی سـەر زەریای ئەتلەسـیـیش ناو دەبرێت. هیچ کتێبێکم لا نەبوو، بۆیە چوومە کتێبفرۆشییەکەی شـار، بۆ ئەوەی شتێکی وروژێنەر بـکرم و بیـخـوێنمـەوە. دەرکـەوت کـتـێـبـفـرۆشـەکە لـە دووکـانـێکی ڕۆژنامەفرۆشـی بە چەند ڕەفەیەک لـە ڕۆمانی پۆلیسـیی ئەمەریکایـی و ڕۆمانی فـرەنسـی زێتر، شـتێکی تری نەبوو. لـەناو ئەو کتێبـانـەدا نوسـخـەیەکی "دیوانی شـەمـسـی تەبریزی"ی 'ڕۆمی'م بە فـرەنسـی دۆزییـەوە. کـتـێـبـەکـەم کـڕی و گەڕامـەوە هوتێل، لەوێ لە بەرپـەنجـەرەیەکی ڕوو لە زەریا کراوەدا دانیشـتـم و دەستم بە خوێندنەوەی کرد.

“ö résurrection soudaine - O miséricorde infinie! O toj gui dans le buisson des pensée as jeté le fey - Te voici aujouvd’ hui arrivint, arrivételle laclé d’uneperson.”

ڕۆمی بەم دێرە سـەرەتاییـیانە باسی بەیەککگەیشـتنی شـڵـەژاوی خۆی لەگەڵ "شـەمـسـەددین"دا دەکـات، بەیەککگەیشـتنێک کـە ژیانی ئەوی گـۆڕی و کـردی بە شـاعیر. دەکرێت ئەم دێرانە، نێزیکەی وا تەرجەمە بکرێن:

"ئەی لە ناکاو زیندوو بووەوە، ئەی بەخشندەی بێسنوور!

تۆ ئەی ئەو کەسەی کە ئاگرێکت فڕێدایە ناو دەوەنی خەیاڵەوە

وا بەپێکەنینەوە وەک کلیلی زیندانێک دێیت."

خــوێندنەوەی ڕۆمـی کــردارێکی ئـازادبوونـە. لە نـاکــاو زینـدووبوونـەوەیە. سووتاندنی دەوەنـەکانی خەیاڵە و کلیلێکی زیندانی ناخە. بەم شـێوەیەیش ئەو نووســەرە ســوێدییـانەی ســروشـیـان لە "جـەلالەدینـی ڕۆمی"یەوە وەرگـرتووە، ئەویان خـوێندووەتـەوە. ئەو کلیلێک بە بەئـاگـاییـیـەکی نـوێ دەدا، بەتایبـەت لە شاکارە گەورەکەیدا، "مـەسنەوی". نووسـەرانی سـوێدی چۆن کلیلی "ڕۆمی"ان بەکار هێناوە؟

ئێریک هێرمێلین (١٨٦٠-١٩٤٤)

ڤیلهێلم ئێکێلوند (١٨٨٠-١٩٤٩)

ناساندنی ڕۆمی بە سـوێدی چاکەی یەک تاکە کەسە: بارۆن ئێریک هێرمێلین. لە ئەوەوە پێشـوازی لە ڕۆمی لەم وڵاتەدا دەست پێ دەکات. لە مـاوەی سـالآنی ١٩٣٣ هـەتـا ١٩٣٩ دا، لە نەخـۆشــخـانەی دەروونیـی "ســانت لارس" لە لوند دەسـتبەسـەر بوو و هـەمـوو "مـەسنەوی"، بەرهـەمێک بە شـەش بەرگ و ٢٧٠٠٠ کـۆپلەوە، تەرجـەمــە کـرد. ئەو ٣٥ سـاڵ لـە "سـانـت لارس" گـوزەراندی و بەوە ڕاگــەیشت، کــە نەک تەنیــا "مــەسنەوی" و بژاردەیەک لە "دیوانـی شــەمــسی تەبریزی"ی ڕۆمی تـەرجــەمـــە بکا، بـەڵکە زۆربـەی شــاعــیــرانی کــلاســیـکی فارسیشی تەرجەمە کرد، بۆ نموونە "عەتتـار و عومەر خـەیام". ئامانج وا بوو، کە "توانایی بیرکردنەوەی بەستراو"ی سوێدییەکان بتوێنێتەوە و "شەپۆلەکانی ڕوح بهەژێنن". ئەو تێکستـە فارسییانە سروشی شێوازێکی تری ژیان بن، لەم باکـورە سـارد و خـەمگینەدا، بەوەی کـە ئـاسـوودەییـیـەکی تەندروست بدەن. بانگی هێـرمــێلین بە گـوتەیەکی ڕۆمی "شـێت بە" بیسـتـرا. بۆ هـێـرمــێلین شـیـعرەکانی ڕۆمـی نوێنەرایەتی، شـێتـایەتیـیـەکی تەندروسـتیـان دەکرد، بە تێگەیشـتن لە سـۆفی وەک شـێتێکی پیرۆز، کە ئەخـلاقی بـاو هەڵدەگێڕێتـەوە. ژیانی هێرمێلین خۆی زنجیرەیەک شکست و سەرکێشیی شێتانە بوو، هـەتا لە ئاکـامـدا سـاڵی ١٩٠٩ لە نەخـۆشـخـانەی "سـانت لارس" خـەوێنرا و هـەتا لە ســاڵی ١٩٤٤ یشــدا مــرد، لەوێ مــایەوە. ڕۆمـی بوو بە هـاوڕێیــەکی گـیــانی

بەگیانی هێرمێلین، کە وا دەزانرا وەک ڕێگەیەکی شیاوی ژیان، ڕەوایی دەدات بەم شێتایەتییە پیرۆزە. لە ڕوحیدا تەواو هەستی دەکرد کەسێکی سۆفییە، کە لەوێ لە نەخۆشخانەی دەروونیی "سانت لارس"دا کەوتبوو و شاکاری ئەو شاعیرە فارسەی تەرجەمەی سویدی دەکرد. بەپێی "پێر –ئێریک لیندالّ"ی نووسەری یاداشتەکانی هێرمێلین، دەکرێ تەرجەمەکردنی "مەسنەوی" وەک گوتاری بەرگریی ببینرێت، بۆ ئەو دووبارەبوونەوانەی زۆر عەرقخواردنەوە و ڕەفتاری ناپەسندی کۆمەڵایەتی، بەر لەوەی بخرێتە نەخۆشخانەی "سانت لارس" و دوای ئەوەیش. زۆرجار بە گوریسێکی دەستکرد خۆی شۆڕ دەکردەوە و لە نەخۆشخانە هەڵدەهات و بۆ ڕابواردن دەچووە "نیهاڤن" لە کۆبنهاگن. دوای چەند ڕۆژێک دوو پۆلیس دەیانهێنایەوە بۆ "سانت لارس".

بە پەراوێز بۆ تەرجەمەکان و شێوازی تایبەتی زمانی، دەتوانرێت ئێریک هێرمێلین وەک نووسەرێکی خاوەن دەنگی تایبەتمەند ببینرێت. "مەسنەوی"یەکەیشی زۆر گرینگیی بۆ زۆر نووسەری سویدی هەبوو، لەوانە ڤیلهێلم ئێکێلوند. هێرمێلین و ئێکێلوند قەت یەکتریان نەبینی و نامەیشیان بۆ یەکتری نەنووسیوە، بەڵام کاری یەکتریان بەلاوە گرنگ بووە. لەگەڵ ئەوەیشدا تێگەیشتنیان بۆ ڕۆمی و سۆفیزم لە بنەڕەتەوە لە یەکتری جوودا بوو. ئەگەر هێرمێلین جەخت لەسەر شێتییەتی پیرۆز لای ڕۆمی دەکاتەوە، ئەوا ئێکێلوند ڕاستتر وەک نموونەیەکی "وجودییەتێکی – ئێتیکی" لەو دەگات، چونکە ئەو، ڕێگەیەکی ژیان پێشان دەدات، کە وا دەکات بەسەر کاریگەرییەکانی خوددا زاڵ ببیت. ئێکێلوند خۆی لە کتێبەکەیدا Metron (دایک _ خواوەند) باسی پێویستیی ڕزگاربوون لە "شەیتانەکانی ناو دڵی خۆت" دەکات. کێشە گەورەکە لە نووسەرایەتی ئەو، ئەوەیە مرۆڤ چۆن خود لە کاریگەرییەکانی هەست پاک بکاتەوە. بۆیە زوو وازی لە شیعر هێنا، بۆ ئەوەی لە بریدا، لە گەڕان بەدوای هەڵوێستێکی گونجاوی ژیاندا خۆی بۆ ئەدەبی ئەفوریزمی تەرخان بکات. بۆ ئەم پڕۆژە درێژخایەنەی، سروش لە "ڕۆمی"وە وەردەگرێت، کە وەک مامۆستایەکی حیکمەتی سەردەمی ئەنتیک، لە شێوەی ئەپیکیورۆس دەبێت.

ئامانج وایە کە فێرببێ بەشێوەیەکی دروست بژی.

ئێکێلوند لە بەرهەمی زۆریدا، لە دوو شوێن ئاماژە بە ڕۆمی دەکات. ڕەنگە وا بزانرێ کەمە، بەڵام کۆنتێکستەکە وا دەکات باسکردنی ناوی ئەو زێتر بایەخدار ببێت. ئێکێلوند یەکەم جار درەنگ لە ژیاندا بە ڕێگەی تەرجەمەکانی "هێرمێلین"ەوە ئاشنای نووسەری "مەسنەوی" بوو، ڕەنگە ئەمەیش ڕوونکردنەوەی ئەمە بێت، کە بۆچی ئەم شاعیرە فارسە هێندە کەم باسی کراوە. یەکەم جار ساڵی ١٩٤٥ لە Plus salisدا باسی دەکات. لەوێ باسی ئەوە دەکرێ، کە لای گۆتە تیشکی مێترۆن (تیشکی دایک _ خواوەند) دەوڵەمەندتر دەبوو، ئەگەر لە بری حافز، بە عەتتار و ڕۆمی تاقی بکرابوایەوە. لێرەدا ئێکێلوند مەبەستی ئەوەیە کە کاتێک گۆتێ "دیوانی ڕۆئاوایی – ڕۆهەڵاتی"ی نووسی، سروشی لە حافز وەرگرتووە. کاتێک ئێکێلوند بیری "مێترون و هەژاریی نموونەیی"ی سۆفیزم بەیەکەوە گرێ دەدات، پێی وایە سۆفیەتی دروست لای عەتتار و ڕۆمی هەیە، لەوەی کە لای حافزی شاعیردا هەبێت. وشەی Metronی گریکی مانای پێوانە، یان کامڵی دەگەیەنێ و تێگەیشتنێکی ناوەندییە لای ئێکێلوند. ئەو مانای کامڵیی و باوەڕبەخۆبوونی دەداتێ، کە تەرجەمەکردنێکی ڕاستەوخۆی تێگەیشتنی سەرەکیی "ڕالف والدۆ ئێمێرسۆن"ە self- reliance. ئێمێرسۆن لە دوا نووسینەکانی ئێکێلونددا بوو بە یەکێک لە کەسە ڕوحییەکانی ئەو. لە خۆدا کامڵبوون ئەوە دەگەیەنێ، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیاندا لەسەر بناخەی هەبوونی خۆت بوەستیت. بۆ ئەوەی دەربڕینێکی ئێکێلوندی بەکار بهێنین، ئەوەیە کە "لە ماڵەوە لای خۆت بیت".

لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ئەوەی واتای ڕاستەقینەی خۆی بدرێتێ، پێویستە "تێگەیشتنی مێترۆن" بە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ بیری سۆفیزمدا، کە مرۆڤی نموونەیی ئەو مرۆڤە زەلیلەیە کە لە هەژاریی جەستەیی– ڕوحیدا دەژی، ڕادیکالیزە بکرێت. زۆر جاران ئەم هزرە بەهۆی وێنەی سۆفییەوە وەک تۆز و خۆڵی بەردەرگەی هاوڕێوە دەردەبڕدرێ. ڕووناکیی ڕاستەقینەی "مێترۆن"، یان وەک لە شوێنێکی تری Plus salisدا هاتووە، "زانستی

مێـتـرۆن"، زەلیلییـە و مـرۆڤ سـەرەتا لەم زەلیلیـیەدا دەتوانێت کـامڵ ببـێت. زەلیلـی دەبێـتـە هـاومــانای تەواویی، یـان بەجـەسـتـەبوونی باوەربەخــۆبوون. کـامـڵـیـیـەکی "وجـودییـەتێکی – ئێـتـیکی" وا، دژی هـەرەشــە و نـاکـۆکـیـیـە دەرەکییـەکانیش دەبێتـەوە، چونکە تەواوییێـتی ڕوحـە زەلیلەکە، خـاڵی توندی ناوەڕاستـی جـیـهـان پێک دەهێنـێ. ئەمـانە خـەیاڵن ڕەنگە ڕواقـەکـان Stocism بێننەوە یاد.

دووەم ئـامـاژەکردن بە ڕۆمی لە نـووسـەرایەتی ڤیلهێلم ئێکێلونددا، لە دوا دیوانـی ئەفــوریـزمی بـڵاوکــراوەدا بە نـاوی Atticism- humanism لە ســاڵـی ١٩٤٦دا هـەیە. لێرەدا ئەوە ڕوونە، کە ئەم شـاعیرە فـارسە ڕۆڵـی سروشـدەر و ئـاخـاوتن لەگـەڵیـدا دەبینێت، لە گـەڵاڵەکـردنـی بەهـای نوێ لـە سـەردەمـێکی بێبەهـاییدا. لە ڕاسـتـییدا دەکرێ هـەمـوو بەرهـەمی پەخـشـانی ئێکێلوند وەک پرۆسـێسـێکی بەردەوام بخـوێنرێتـەوە، بۆ ئەوەی لە هـزری فـەلسـەفی جـودادا، تیـۆرییـەکی بەهـای فـەلسـەفـەی مـوراڵی بۆ مـرۆڤی سـەدەی بیست هـەڵبـچنێت. ئـاماژەکردنەکە لە Atticism- humanism دا وایە:

Aus Koth Gold machen! بۆ نیـتـشــە، ئەم وشــەیە لـە دژوارترین تەنگانـەی ئەودا، لە: عـەتـتـار، ڕۆمی و ئێـمـێـرسـۆنەوە هـات. بەڵام 'زێڕ' چی بوو، ئـەو ئەم گـوێیـە مـۆسیـقـاییـیـەی نەبوو تـێی بگات. حەقیقەتیش ئەوی دڵارام نەکرد.

دەکـرێ گـوتـەکـەی نیـتـشــە وا تەرجـەمـە بکرێت: "لە پیـسـی، زێڕ دروست بکرێ!". ئێکێلوند ئەوە دیار دەکـات، کـە نیــتـشــە خــراپ لـە تێگـەیشــتـنی یەکـلاکـەرەوەی ژیانیـدا گـەیشـتـووە، کـاتێک ئەو ڕێگەی سـەرەوەی گـرتەبەر، لەوەی کـە گـەشــە بە بیــری "مــرۆڤـی باڵا" Übermensch بدات. بە ئـەندازەی پێویست هـەستیـار نەبوو، تا لە واتای تێگەیشتنی خۆی بگات. لە بریدا، دەبوو وەک عەتتار، ڕۆمی و ئێمێرسۆن، بە پاککردنەوەی خـود، بۆ دۆزینەوەی مرۆڤی ڕاسـتـەقـینە، لە مـادەی کـیـمـیـاییی نـایابدا، واتە پیـسـیی ئـاسـەواری ژیان، بە ڕێگەی خـوارەوەدا ڕۆیـشـتـبـا. ئێکێلوند پێی وایە هـەمـوو تیـۆری "مرۆڤی باڵا"

هەڵەیەکی کوشندە بوو لەلایەن نیتشەوە.

ئەم پرۆسە کیمیاییە، کە لە پیسی زێڕ دروست بکرێت، دەتوانرێ بگوترێ ناواخنی ڕێگەی سۆفییە، کە ئەمە لە "مەسنەوی"ی ڕۆمی- دا دەردەبڕدرێ. لە بەشی پێنجەمدا بەشێک هەیە بە وشەدیارکردنی تایبەتی هێرمێلینییەوە، کە وا باوەڕ دەکرێت سەرچاوەی گوتەکەی نیتشە بێت: "ئەگەر ئەو پیسی بخاتە ناو دەستییەوە، دەبێتە زێڕ." بێگومان مەبەست لە وشەی "ئەو" خوایە، بەڵام لای ئێکێلوند ڕەهەندە مێتافیزیکییەکە لە ژیان نامێنێ. ڕاستتر، ئەو هەوڵ دەدات هزرێک لەبارەی مرۆڤی کامڵەوە دابڕێژێت، کە لە ناوەوەی خۆیدا تەواوە و توانای هەیە هەبوونی ڕاستەقینەی خۆی بێنێتە دی. ئەوەی ئێکێلوند لە نووسەرایەتی خۆیدا دەیکات، ئەوەیە کە هەبوونێکی ئێتیکی دابڕێژێت، کە تێگەیشتنە ڕۆمییەکە وایە: "لە پیسی زێڕ دروست بکرێ." وەکوتر، ئەو هەر شەش بەرگ "مەسنەوی" هەبوو، کە هێرمێلین تەرجەمەی کردبوو. پەڕەی کتێبەکان لێک کرابوونەوە و زۆر خوێندرابوونەوە. "یەلمار گولبێرگ"یش هەر شەش بەرگەکەی هەبوو، بەڵام لە حاڵەتی ئەودا، پەڕەکان لێک نەکرابوونەوە و نەخوێندرابوونەوە. بەڵام ئەنتۆلۆجیای "شیعری فارسی" خوێندبووەوە کاریشی لێ کردبوو، کە شیعری سۆفی بوون و هێرمێلین تەرجەمەی کردبوون. کاریگەریێتی ئەم خویندنەوەیە، بە ڕوونی لە دیوانی Dödsmask och lustg'rd دا هەیە، کە ساڵی ١٩٥٢ بڵاو کرایەوە.

## گوننار ئێکێلۆف (١٩٠٧-١٩٦٨)

کەسێک کە "مەسنەوی"ی هەم خوێندبووەوە و هەم هەیبوو، گوننار ئێکێلۆف بوو. ئارەزووی ئەو بۆ سۆفیزم و شیعری فارسی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی قۆناخی ئامادەیی، ئەو کات بە "تەرجومان ئەلئەشواق"ی ئیبن عەرەبی ئاشنا ببووبوو. شەیدابوون بەم شاعیرە لە ماوەی هەموو ژیانیدا بوو و ئاسەواریشی بەسەر "سیانەی دیوان"دا بەجێ هێشتووە. لەلایەکی ترەوە، ڕۆمی یەکێک بوو لە هاوڕێ ڕوحییە زۆرەکانی ئێکێلۆف، کە بووە هۆی ئەوەی ئەو خۆی شەش

شیعری "دیوانی شەمسی تەبریزی"ی ڕۆمی تەرجەمە بکا و ساڵی ١٩٤٤ لە کۆواری Ord och Bild دا بڵاو کراونەتەوە. بەڵام بێگومان تەرجەمەکان دە ساڵ پێشتر، لە ماوەی سەردەمی سوریالیی ئێکێلۆفدا کران، کە ئەو کات گوتارێکی لەبارەی سۆفیزمەوە نووسی: "مودێرنزمی چاخەکانی ناوەڕاست". لەوێ سۆفیزم وەک "جۆرێک یان سێسکسوالیزمی ڕوحی" وەسف دەکرێ. خۆشەویستی، یان ئەو ئێرۆتیکیە ڕوحییە ئەو هێزە بەتوانایە پێک دەهێنێت، کە هەبوون بەڕێوە دەبا و هەر بۆیەیش، زۆرجار لای شاعیری سۆفی، خەسڵەتە خواییەکان وەک خاسیەتی ژنانە وەسف دەکرێن. ڕوحی بە تاسەی مرۆڤ دەبێتە ئاشقێکی بەجێ هێشتراو، کە لە هەموو شوێنێکدا بۆ "خۆشەویستەکە" دەگەڕێ، بەڵام لە هیچ شوێنێک نایدۆزێتەوە. ئێکێلۆف بەردەوام دەبێت و وەک "ئازادبوونێک" باسی ئامرازی زانیاریی مرۆڤی سۆفی دەکات، واتە ئازادیی هەست و نەست لە گەڕان بەدوای زانیاریدا.

ئێکێلۆف لە گوتارەکەیدا ڕۆمی وەک حاڵگرێک دەردەخات، کە لە بێئاگاییدا شیعر دەڵێ. بۆیە لە چاوی ئێکێلۆفەوە ئەو شاعیرە فارسە، سوریالیستێکی چاخەکانی ناوەڕاستە، کە ئەو هونەرە دەزانێ، کە ڕاستەوخۆ لە بێئاگاییەوە شیعر بڵێ. ئەگەر سەرچاوەی سروشی سوریالییەکان لە خەوندا بدۆزرێتەوە، ئەوا بۆ ڕۆمی حاڵگرتن هاوشێوازێکی ئەوە. دیوانی یەکەمی ئێکێلۆف "درەنگانێک لەسەر زەوی" لە ساڵی ١٩٣٢ دا، خەونەشیعر و شیعری لە بێئاگایی گوتراوی تێدایە، لەوێ مێتودی سوریالییەکان و ڕۆمی بەکار دەهێنێت. دوا شیعر بەم دێرە ناودارە دەست پێ دەکات "ژەهرم بدەیێ بمرم، یان خەونم بدەیێ بژیم". ئەو "خەونانەی" کە ئێکێلۆف لێرەدا باسیان دەکات، دەکرێ بە ئامرازی زانیاریی ئازادبوون بچوێنرێت، کە ئەو لە شیعرنووسیندا کردی بە هی خۆی.

ئەم شەش شیعرە تەرجەمەکراوەی "دیوان"ی ڕۆمی، کە یەکەم جار لە کۆواری Ord och Bild و پاشان لە Valfrändskaper دا بڵاو کرانەوە، باسی تاسەی ڕوحی بەندکراو دەکەن بۆ حەقیقەتی خوایی. زیندانیی ڕوحیی و

ئازادیی ڕوحیی بابەتێک بوو، کە لە هەموو ژیانی نووسەرایەتیدا ئێکێلۆفی خەریک کرد، بەتایبەت لە نووسینی دوا شیعرەکانیدا. دەکرێ، ئەم شەش شیعرە تەرجەمەکراوەی ڕۆمی وەک پوختەی پلەکانی ڕێگەی سۆفی بەرەو عیرفان، بخوێندرێنەوە. شیعری یەکەم، هەستێکی نامۆیی و بێماڵی لە ژیاندا دەردەبڕێت و بەم هاوارە بێهیوایە کۆتاییی دێت: ''ئەی دڵی بێماڵ، هەتا کەی لە تاراوگە دەمێنیتەوە؟''. لە زاراوەناسیی سۆفیدا، دڵ شوێنی ڕوحە، کە لەم جیهانەدا هەست بە پەڕاگەندەیی دەکات. دڵ عەرشی خوایشە لە مرۆڤدا، کە لە شیعری دووەمدا دەردەبڕێت.

لەو ڕۆژەدا بووم، کە هێشتا ناو

یان، ئاسەواری بوونەوەرێکی دروستکراوی بە ناو نەبوو.

لە منەوە ناو پەیدا بوو، ئەو ڕۆژەیش ناونراو دیار کەوتن

کە هێشتا ''من'' و ''ئێمە'' نەبووین.

سەری بسکی لوولی خۆشەویست وەک نەخشێکی لێ هات،

بوو بەشوێنی پەیامهاتن.

کەچی سەری ئەم بسکە لوولە لە ئارادا نەبوو.

لە هەموو لایەک و گۆشەیەکدا: خاچ و کریستیان!

چاوم گێڕا: ئەو لەسەر خاچەکە نەبوو.

چوومە پەرستگە، ناو پاگودە کۆنەکە.

لەوێ ئاسەوارێک دیار نەبوو.

لە هرات، لە قەندەهار چوومە ناو چیاکانەوە.

بینیم: ئەو لەناو چیا و دۆڵان نەبوو.

نیگام خستە ناو دڵی خۆم.

لەوێ ئەوم بینی. لە شوێنێکی تر نەبوو.

ئەو دێڕانەی یەکەم، مەبەستی ئەو ڕووداوەی بەر لە دروستبوونە، کاتێک پەیمانی یەکەمەی نێوان خوا و مرۆڤ بەسترا و هەموو شتێک یەکەیەک بوو لەناو خوادا. خودی شیعر هەوڵ دەدا بە ڕوو لە ئاین و سروشتکردن، ئەم یەکە بنەچەییە بدۆزێتەوە، بەڵام لە ئاکامدا لەناو دڵی خۆیدا خوا دەدۆزێتەوە. شیعرەکانی تر ئارەزوویەک نیشان دەدەن، کە ئاشنای حەقیقەتی ڕوحی بێن و تاسەی ئەوە دەکەن، کە لە پێناو "جیهانی یەکبوون"دا، "ئەم جیهانەی جوودایی" بەجی بهێڵن. ژیانی ڕاستەقینە، ژیانی ڕوحییە، کاتێک مرۆڤ بە لەخەوهەستانی لە خەوی ڕوحیی خۆیدا سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە. دوا شیعر، کە ئێکێلۆف لە "دیوان"ی ڕۆمییەوە تەرجەمەی کردووە، ئەوە دەردەبڕێت کە خوا "کۆیلە زنجییەکان" ئازاد دەکات و پاشان ژیانیان دەبێتە زیکر و حاڵگرتن.

خودا هۆشی هەموو بێهۆشەکان دەداتەوە و
ئەوانیش، وەک کۆیلەی زنجی، ئەڵقە لە گوێ بە بازنەیی دەوەستن،
لەسەر ئاوازی زیکرێک، سەما دەکەن، چەپڵە لێ دەدەن،
بە دڵخۆشییەوە گۆرانی دەچڕن: خودامان بۆ ژیانی هێناینەوە!

لە گوتارێکدا، کە لەم کتێبەدا بڵاو کراوەتەوە، "بوو ئوتاس" پێی وایە، کە ئەم شیعرەی ئەم دێڕانەی سەرەوەی لێ وەرگیراوە، لە لاساییکردنەوە بەولاوە، شتێکی تر نییە. ڕێک و ڕەوان ئێکێلۆف خۆی نووسیویەتی و بەناوی "ڕۆمی"یەوە بڵاوی کردووەتەوە. ئوتاس ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە لەبەرئەوەی ئەم شیعرە "تەرجەمەکراوە" لەناو ئەو بژاردەیەی تەرجەمەکەی ساڵی ١٨٩٨ی ڕ. ئا. نیکلسۆندا نییە، بۆیە دەبێت لاساییکردنەوە بێت. ئێکێلۆف دەستەڵاتی بەسەر زمانی فارسیدا نەدەشکا و بۆیە نەیدەتوانی لە زمانی یەکەمەوە تەرجەمە بکات، بگرە لە بریدا بژاردەکەی نیکلسۆنی بەکار هێنا. وا پێ دەچێت ئوتاس ڕاست بکا، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئێکێلۆف دەنگی ڕۆمی

قەرز کردووە بۆ نووسینی شیعرێکی خۆی، کە بە هەناسەی ئەم شاعیرە فارسە نووسراوە، ئەوە نیشان دەدا، کە لە سەردەمێکی زۆر گرینگی ژیانی نووسەرایەتی ئێکێلۆفدا، شاعیری "مەسنەوی" چەند کاریگەری لەو کردووە.

لە ماوەی نووسەرایەتی ئێکێلۆفدا، هەتا سیانەی دیوان لە سالآنی شەستدا، چەند وێنەیەکی ناو ئەم شیعرە تەرجەمەکراوانەی ڕۆمی، جارجار لە کتێبی جودای ئەودا دەردەکەون. بۆ نموونە لە "میر ئێمگیوون"دا وێنەی دڵ وەک منداڵێکی بچووکی ڕەقهەڵگەڕاو هەیە و لە "داستانی فاتیمە"یشدا ئەو وێنەشیعرییە نەریتییەی سۆفیزم، لەبارەی باڵندەی ناو قەفەسەوە، وەک سیمبۆل بۆ بەندیەتی ڕوح لەناو جەستەدا دەردەکەوێ. چارەی گرفتی ئەوەی، کە ئازادیی ڕاستەقینەی ڕۆحیی واتەی چی دەگەیەنێ، دوا جار ئێکێلۆف لەناو تەسەووفدا دۆزییەوە. سۆفیزمیش بەهۆی یارمەتیی 'ئیبن عەرەبی و ڕۆمییەوە، ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەبوو. ئەو بەم شەش، یان ڕاستتر پێنج تەرجەمانەوە، کە لە "دیوان"ی ئەم شاعیرە فارسەوە کردنی، کلیلی بەئاگەیی عیرفانیی دۆزییەوە. ئەم بەدوای عیرفانی گەڕانەدا، کە لە "سیانەی دیوان"دا دراماتیزە کراوە، نموونەی لەم تەرجەمانەی شیعری 'ڕۆمی'یەوە هەیە، کە ئێکێلۆف ساڵی ١٩٤٤ لە کۆواری Ord och Bild دا بڵاوی کردنەوە.

## ویللی شیرکلوند (١٩٢١-٢٠٠٩)

بۆ ویللی شیرکلوند "مەسنەوی"ی ڕۆمی نوینەرایەتی "مراواریی عیرفانی فارسی" دەکات. ئەم هەڵسەنگاندنە لە سەفەرنامەی "بەرەو تەبەس"ی شیرکلوندا هەیە، کە ساڵی ١٩٥٩ بلاو کرایەوە. ئەو بەرهەمی ڕۆمی وەک شیعری ڕێنوێنی لەبارەی ڕێگەی سۆفییەوە دەبینێت. "بەرەو تەبەس" بە "سروودی نەی" دەست پێ دەکات، کە یەکەم شیعری "مەسنەوی"یە و خۆی تەرجەمەی کردووە. گێڕەرەوە، لە کاتی گفتوگۆیەکدا، لەگەڵ ئەفسەرێکی پلەبەرزی بنکەی سنوور، لەسەر پردی سەر ڕووباری ئاراس، لە نێوان یەکەتیی سۆڤیەت و ئێراندا، شیعرەکە دەڵێتەوە. پاشان ئەوەیش دەڵێ، کە

ڕۆمی لە پێشـەکـیـیـەکـەیدا، لەبارەی "مـەسنەوی"یەوە دەڵێ، شـیـعـرەکـە نوێنـەرایەتیی "ڕەگـەکـان بۆ ڕەگەکـان بۆ ڕەگـەکـان بۆ ئاین" دەکـات. ئەوسـا ئەفسـەرە پلەبەرزە سۆڤیەتییەکە وەڵام دەداتەوە، کە ئەو شیعری وای پێ باشە، کە هەوڵی کارکردن لە کۆمـەڵگەدا دەهێـنێتـە جۆش. ئەم دیمەنەی سـەر پردی نێوان دوو جیـهان و کولتووری تەواو لە یـەکتر جودادا، شـاکارێک لە تەنزی شیرکلونددا پێک دەهێنێت.

سـەفـەر لـە ڕووبـاری "ئاراس"ی سـەر سنووری نێـوان یەکەتیی سـۆڤـیـەتی جـاران و "ئێـران"ەوە، بەرەو "تەبەس"ی واحـەی بیـابان، دەبێـتـە سـەفـەرێکی ڕوحـانیی سۆفیـانەیش، بە دەنگی گازاندەی نەی "ڕۆمی"یەوە. نەی سـیـمبـۆلی تاسـەی ڕوحی مـرۆییـیـە بۆ خـوا. ئەمـە تاسـەیەکـە ویللی شـیـرکلوند خـۆی هاوبەشـە لێی، بەڵام چونکە ئەو گومانـدارێکی تەنزیی مودێرنە، ناتوانێت هیچ بکا، ئەوە نەبێت کە وەک نموونـەیەکی تیـۆریی، هەڵویسـتی سـۆفیـانە لە ژیاندا تاقی بکـاتەوە. تێبـینیی ئەوەی کردووە، کـە "تەبەس" ناوچەیەکـە لە جیـهـانی عەلمانیی نوێخـوازدا، کەس بۆی ناچێت. واحەکە دەبێتە سیمبـۆلێکی بەئاگایی ڕوحیی، کە لە کۆمەڵگەی مودێرندا نەماوە.

شـیـرکلوند لە مـاوەی هەموو نـووسـەرایەتییدا، نموونەی تیـۆریی جودا تاقی دەکاتەوە، لە تاویزمـەوە هەتا فەلسـەفـەی ئەنتیک و زانسـتی مودێرن، بۆ ئەوەی لە بەرهـەمـەکانیدا کێشەی بنەڕەتی ڕۆشـن بکا: کە بۆ "ئەو پرسـیـارەی ژیانی مرۆڤ وەڵامیەتی" بگەڕێ، بەپێی ئەو شیوازی دەربڕینە دروستەی لە سەرەتای Mästaren Maدا. بۆیە سـەفـەر بەناو ئێـراندا، لەگـەڵ شـاعـیـری سـۆفی وەک "عومەر خەیام، حـافز، سەعدی و عەتتار"دا، گەشـە دەکات و دەبێتە لێکۆڵینەوە لەم پرسـیـارەدا. سـەفـەرەکە لەنـاو بیـابانـدا کۆتاییی دێت، لەوێ جـارێکی تر شیـرکلوند گوێی لە ئاوازی ناڵەناڵی نەیی ڕۆمی دەبێ. بەڵام سـەرکەوتوو نابێ، لەناو گومـانداریەتیی تەنزی خۆیدا دەربچێت. لە شیـعرێکی تری "ڕۆمی"دا کە لە "بەرەو تـەبەس"دا هێنراوەتـەوە، ئەو وێنە نـەریتـیـیـەی ڕێگـەی سـۆفی، وەک کـاروانێکی حـوشـتـر بەناو بیـابانـدا هـاتووە. زۆر سـەخـتـە بۆ گـومـاندارێکی

مودێرن لەگەڵ کاروانی تەسەووفدا بڕوات، بۆیە زرنگەی دەنگی نەیی ڕۆمی لە دەشتودەری بیابانی "تەبەس"دا بڵاو دەبێتەوە.

بەیەکگەیشتن لەگەڵ ڕوحانییەتی سۆفییدا شکست دەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا وا پێ دەچێ، بێ ئەوەی شێرکلوند پێی بزانێ، سەفەری بەناو ئێراندا، لە ساڵی ١٩٥٩ دا، کاری لێ کردووە، چونکە لە کۆتاییی نووسەرایەتیدا، لە ساڵی ١٩٨٨، لە کتێبی بەسەرهاتیی "لەبارەی میهرەبانییەوە" ئەو "سرووی نەی"یەی داناوە، کە خۆی تەرجەمەی کردووە. لێرەدا بەشێوازی تایبەتی گومانداریەتی خۆیەوە، کرۆکی پەیامی سۆفیی ڕۆمی دەوروژێنێ. لە شیعرەکەدا هەستئاڵۆزی و تێکەڵکردنی تاسە و ترسیش، خەسڵەتی "ڕۆمی"ن.

کاتێک کازیوە لە کازیوەییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک نامۆ لە نامۆییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک نانبرژێنەر لە نانبرژێنەرییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک بەرد لە بەردییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک پاساری لە پاسارییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک شیرکلوند لە شیرکلوندییێتیی خۆی دەردەچێ.
ئەم تاسەیە.
کاتێک شەو لە شەوییێتیی خۆی دەردەچێ.
کاتێک هیچ لە هیچییێتیی خۆی دەردەچێ.
ئەم دڵەڕاوکێیە.

شیرکلوند بە "لەبارەی میهرەبانییەوە" کۆتاییی بە نووسەرایەتی خۆی هێنا، بەڵام ڕەنگە بێدەنگی شێوازی ئەو بێت لە بەکارهێنانی کلیلی "ڕۆمی"دا، بۆ ئەوەی لە زیندانی خود دەربچێت و بەمەیش ئەو هۆشە نوێیەی

هەبێ، کـە جـیـهـان دەگـۆڕێت. ئەوسـا تەنـانەت نانبـرژێنەریش دەتوانـێ لە "نانبرژێنەریێتی خۆی" دەربچێ.

## ئێریک ڤون پۆست (١٨٩٩–١٩٩٠)

شـتێکی زۆر نـائاسـایی بـوو، ئێریک ڤـون پۆست وەک کـەسێکی دیپلۆمـاسی شیعریشی بە سروشـوەرگرتن لە سۆفیزمـەوە دەنووسی. ئەو کاتێک ئاشنای ڕازی سـۆفی بوو، کە لە نێوان سـاڵانی ١٩٤٦–١٩٥١ نێردراوی سـوێد بوو لە ئەنقـەرە. دەشـتـودەری ئـەناتۆڵ بە چیـا و دەشـتـیـیـەوە، بۆ ڤـون پـۆست بوو بەجۆرێک گەڕانەوە بۆ ماڵ و هەسـتێکی تایبـەتی بۆ تەریقەی مـەولەوی هەبوو. ئەنجامـەکەی ئەوە بوو، یەکەم دیوانی ئەوی بەناوی "ڕەمەزان" لێ کەوتەوە، کە سـاڵی ١٩٥٥ بڵاو کـرایەوە. "ڕەمـەزان" بە تـورکـیـیـە بۆ وشـەی "رمـضـان"ی عـەرەبی، مـانگی بەرۆژووبوونـی ئیـسـلامی. بـەرهـەمی ڤـون پۆست مـۆرکی ڕوحـانیی ئیـسـلامی پێـوەیە، وەک ئەوەی کـە لە قـورئان و لای سـۆفی وەک "عـەتتـار و ڕۆمی" دەربڕاوە. بـەتایبـەت ڕۆمی ڕۆڵێکی گرینگ لە نووسـەرایەتی ئەودا دەبینێت. "ڕەمـەزان" کۆمـەڵێک شیـعری لـە "دیوانی شـەمسی تەبرێزی" تەرجەمەکراویشی تێدایە.

ڤـۆن پۆست، وەک پیـرێکی ڕوحی ڕۆمی دەبینێت. مەسـەلە ئەوەیە دەبێت خـۆت و تاسـەت بۆ خـوا فـەرامـۆش بکەیت، بۆ ئـەوەی تەنیـا بوونت هـەبێ. لە شیـعری "دوایی"دا، کە پێشکێشی شـاعیری "مـەسنەوی" کراوە، ئێریک ڤون پۆست باسی هەستکردنێک لە "فـەنا و بەقا" دەکات، واتە ونـبوونی خـود لەناو حـەقیـقـەتی خـواییـدا. ئەمـە ئـەزمـوونێکی دوو پلەی هـەرە گـرینگن لـە ڕێگەی سۆفیدا.

هـەموو شتێک ڕووناکییە، ڕووناکییەکی خاکی.
لە هـەموو لایەکەوە دەمگاتێ. سێبەر و تروسکە
لەناو تەمی ئەم ڕووناکییە پرشنگدارەدا نییە.

دەبینم بەڵام بێ چاو. هەم بەڵام نازانم.
ئاسوودەییەکی بێ ڕەگوڕیشە
لە خۆیدا کامڵە و تا ئەبەد وەک خۆیەتی
دەگاتە هەموو شتێک کە منم و کەچی تەنیایشم.
لێرە خەیاڵ ناڕوێن. هیچ شتێک ناگۆڕێ.
ڕەنگە سێبەری دەستێک دیار نەبێت
کە تاسە لە بیر دەکرێ و هەموو شتێک ڕووناکی و شادییە.

دێڕی یەکەم، ئاماژەیە بۆ سورەتی "ڕووناکی" لە قورئاندا (٢٤:٣٥)، لەوێ خوا وەک "نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ [...] نُّورٌ عَلَى نُورٍ" وەسف دەکرێت. کاتێک خودی شیعر ئەم ڕووناکییە بەهێزە دەبینێت، هەموو هۆشی خود ون دەبێ و دەبێت بە بەشێک لەم هەبوونە خواییەدا، کە "ئاسوودەییەکی" ئەبەدی و بێکۆتاییە. ئەوەی کە سروشتی شیعرەکانی "ڤون پۆست"ە، ڕێک ئەو تۆنی دەنگەیە، کە نێزیکەی وەک هی منداڵان ئاسوودەیە. باوەڕی ڕۆمی لەبارەی ڕێگەی درێژ و سەختیی ڕوح بەرەو خواناسی، لای ڤون پۆست ساتەوەختی خۆشیی ئارام و باوەڕی لێ دەڕوێت.

بیست ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی یەکەمین کتێب، ڤون پۆست بە دیوانی Tre-vanden گەڕایەوە. شیعرەکان هەستێکی هەردەم نوێ دەردەبڕن، تێیاندا ڕابردووی دوور و ئێستا لە یەکەیەکی عیرفانیدا دەتوێنەوە. لێرەدا ڤون پۆست توانیویەتی تێگەیشتنیکی خۆی بداتە بابەتی بنەڕەتی شیعری کلاسیکی فارسی: گەڕان بەدوای "خۆشەویست"، کە هەم نێزیکە و هەم زۆر دوورەدەستە و کە ئامانجی گەڕانی سۆفییشە لە ڕێگەی تەنیایی و ئازارکێشاندا.

ئەو ژنەی من خۆشم دەوێ
سەد ساڵی تر لەدایک دەبێ.

لەمێژە هێسکوپرووسکم
لەگەڵ خۆڵ تێکەڵ بووە
بەڵام ئەو ئەم سڵاوە دەخوێنێتەوە
دەیەوێ بزانێ من کێ بووم
شێوەم چۆن بووە و
هەڵەکانم چی بوون و
کێ بوون ئەو ژنانەی خۆشم ویستوون.
ئەویش ئەوە دەزانێ
کە لە پێناو ئەودا بوو
سەرمابردە و بەبێدەنگی
بە ڕێگەیەکی تەنیادا ڕۆیشتم.

زەردەی ئێوارەیەک
کە با لەسەرخۆ
ئەو بسکە نەرمەی
سەر لاجانگی هەڵدەداتەوە
وا دەزانێ ماچی منە.

## ئینگمار لێکیوس (١٩٢٨-)

شاعیرێکی تر کە سروشی لە ڕەوتی ڕوحیی جودادا وەرگرتووە، ''ئینگمار لێکیوس''ە. لە ڕوحیانەتی مەسیحی، جوو و ئیسلامدا، بەدوای بنەچەیەکی هاوبەشدا دەگەڕێت: حیکمەتی ئەبەدی sophia perennis. لێکیوس لە باشترین کتێبیدا، ''نێزیک دارفستق'' کە ساڵی ١٩٨٩ بڵاو کرایەوە، خۆی دەکات بە لێکدەرەوەی ئەم حیکمەتە ڕوحییە. وەک کە لە شیعری یەکەمدا هاتووە، هەموو

سۆفییەک لە هەموو سەردەمێکدا "قۆزاخەیەک بە ڕووی نەناسراو" بووە. کە لە جیهانی سێکولاریزم و توندوتیژیدا بەسەر ڕێگەی ڕوحدا بڕۆیت، ئەو ئەرکەیە، کە لێکیوس لەم شیعرانەدا دەیداتە خۆی. بۆیە هەست بە دوو نامۆیی دەکات، چونکە ئەو، تێگەیشتنی کە "کەسێکی ترە لای یەکتری خۆشمان دەوێ" دەیخرۆشێنێ. گەڕان بەدوای ئەم "کەسێکی تر"ە، لە ڕێساکانی تەسەووفی جودادا جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ، بەڵام ئامانج هەر یەک شتە: خواناسییە. بۆیە لێکیوس "براکانی پەنام"ی لای چاسیدە جووەکان، حەللاج و ئیبن عەرەبی ی سۆفی، یان لای چارلس دێ فۆکاڵدی سۆفیی مەسیحی دەدۆزێتەوە، کە لە وەک خەڵوەتگر سەحارادا ژیا و ساڵی ١٩١٦ یش لەوێ مرد. هاوڕێیەکی تری ڕوحیی ئەو، سۆفی و شێوەکاری سوێدی "ئیڤان ئەگێلی"ە، کە وەک لە شیعرێکی "نێزیک دارفستق"دا هاتووە، "دوور خرایەوە ناو پەڕاگەندەیەکی دوورترەوە". ئەگێلی بەشی زۆری ژیانی نیگەرانی لە سەفەردا لە ئەوروپا، هیندستان و میسر ژیا. لەژێر کاریگەریەتی نووسینەکانی "ئیبن عەرەبی"دا بوو بە ئیسلام و خۆیشی چەند تێکستێکی ئەوی بۆ زمانی فرانسی تەرجەمە کردووە، کە لە کۆواری La Gnose دا بڵاو کرانەوە.

شیعرێکی سەرەکی لە "نێزیک دارفستق"دا باسی ڕۆمی دەکات بە حاڵگرتووییەوە سەما دەکات. بەپێی لێکیوس، ڕۆمی "گەورەترین شاعیری تەسەووفی ئیسلامییە". ئەو لە سەمای خولانەوەییدا بە "تەوحید"، یەکگرتن لەگەڵ "خۆشەویست، یان خوا" دەگات. بۆ ئەوەی ئەم دۆخە دەرببڕدرێت، وێنەیەکی نەریتی لە شیعری سۆفییدا بەکار دەهێنرێ: ئەو گۆزەکەرەی گۆزەیەک دروست دەکات.

ڕۆمی بە جلە سپییەکانییەوە سەما دەکا.
هەر لە ناوەوەی ناخی خۆی
نزیک دەبێتەوە.

به قوڵپەقوڵپی تاسەیەوە
وەک ئاش دەسووڕێ.
گۆزەکەرێکی نادیار
لە سەماکردندا دەیسووڕێنێ
گۆزەیەکی پڕ لە ڕازی لێ دروست دەکا
کە تێیدا شەرابی بێدەنگی
قەت لەبەری ناوەستێ.

شەرابیش لای شاعیری سۆفی وێنەیەکی باوە بۆ سەرکڵی چێژی عیرفانی. لە دوا شیعری کتێبەکەدا لەبارەی خوای ئیبراهیم'ەوە گوتراوە، کە "ناوی اخلاص"ە. " اخلاص" سەدەمین ناوە کە ڕۆمی بە سەماکردنەوە بە دەوریدا دەخولێتەوە و ئەم دۆخە تەسەووفییەیش دروست دەکات، کە ئینگمار لێکیوس دەیەوێ لە شیعرەکانی "نێزیک دارفستق" دەری ببڕێت. دەتوانرێت بگوترێت، ئەم دیوانە شیعرە پرۆژەی گوننار ئێکێلۆف لە "سیانەی دیوان"دا تەواو دەکات، کە لەناو ئەوەی نەریتی ڕۆحیی ئاینیی جودا کۆ دەکاتەوە، بەدوای دیدگەی عیرفانیدا بگەڕێیت.

## توربیۆرن سێفڤێ (١٩٤١ – )

ڕەنگە ناودارترین سویدیی لە ئاین وەرگەڕاو بۆ ئیسلام، توربیۆرن سێفڤێ بێت. ئەو وەک سۆفی، باوەڕی بە ژن، خۆشەویستی و هونەر هەیە، کە لای سێفڤێ ڕوانگەی هەمان بەرزیی ژیان پێک دەهێنێ. لە پێشەکیی شیعرە سۆفییەکانی ئەنتۆلۆجیاکەیدا "بەرماڵە دزراوەکە"، ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە "مەحەمەد"یش (د.خ) سۆفی بوو. پەیامبەر ژنی خۆش دەویست، حەزی لە مۆسیقا بوو و مرۆڤێکی بەزەوق بوو. بۆیە سۆفیزم ڕوحیایەتیی بنەچەییی ئیسلام پێک دەهێنێ، بەڵام ئەم شەریعەتخوازییە توندە، دواتر سەرەتا لەلایەن

''فقیه''کانەوە گەشەی پێ درا. سۆفییەکان بە درێژاییی سەدەکان پێڕەوی ڕوحانییەتی پەیامبەریان کردووە و بەردەوامییان پێ داوە. سێفڤێ بەوەی کە لە پێشەکیی ئەنتۆلۆجیاکەیدا ئەم دەربڕینەی شاعیری ''تیوسۆفی''ی عەرەب، ئیبن عەرەبی هێناوەتەوە: ''لە هەموو دیمەنێک جوانترە خوا لە ژندا ببینیت''، بەتایبەت جەخت لەسەر گرینگیی ئەو، وەک سۆفیی ئەشق و ژنپەرست دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو کەسەی کە لە ''بەرماڵە دزراوەکە''دا زێتر گوتەی لێ وەرگیراوە، ''مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی''یە.

توربیۆرن سێفڤێ، ڕۆمی دەکات بە سۆفییەکی نموونەیی، کە لە ژیان و بەرهەمەکانیدا، لێرەدا بۆ ئەوەی دەستەواژەی ئێکێلۆف بەکار بهێنین بۆ مێتودی مەعریفیی سۆفیزم لە بەکارهێنانی هەستەکان و متمانە هەبوون بە ئەزموونی ڕاستەوخۆدا، پێڕەوەی ''ئازادبوون''ی دەکرد. لە ''بەرماڵە دزراوەکە''دا، گوتەی ڕۆمی وێنەی ڕێپێوانەکەی ڕێگەی ''تەریقە''، یان ڕێگەی پەنامی ڕوحی دەکێشێ. ئامانج ئەوەیە، کە لەناو زیندانی خوددا ئازاد ببیت و ئەو کلیلەی کە دەشتدرێتێ، لە دەربڕینی تەسەووفیی ڕۆمی پێک هاتووە.

وشەکانی سەرەتا، لە ''مەسنەوی''ەوە وەرگیراون: ''زانستی خوا زەریایەکی بێسنوور، یان بێ کەنارە؛ ئەوانەی بەدوایدا دەگەڕێن، مەلەوانی بن زەریان.'' زۆر جاران لە ئەدەبی سۆفییدا، حەقیقەتی خودایی لە زەریایەکی بێ کۆتایی دەچوێنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانیت بچیتە بن ئەم زەریایەوە، پێویستە خود لە خۆپەرستی بەتاڵ بکرێت. دەبێت وەک عود بەتاڵ بێت، بۆ ئەوەی ''خۆشەویستەکە'' بتوانێ بیژەنێ. دەگوترێیش ''باوەش بەیەکدیکردنێک''یش لە نێوان خوا و سۆفییە گەڕیدەکەدا، ئامانجی تەریقەکەیە. هێندەی ''ئاشق'' بەدوای ''مەعشوق''دا دەگەڕێ، ''مەعشوق''یش بەدوای ''ئاشق''دا دەگەڕی. بۆ ئەوەی بە یەکگرتن بگەیشترێت، پێویست دەبێ، هۆش فەرامۆش بکرێت و سۆفییش بۆ ناو باخچەکانی پەنام، کە بۆنی ئەبەدییەتیان لێ دێ، بەدوای پەیامی دڵ بکەوێ. بەڵام ڕۆیشتن بە ڕێگەی پەنامدا، ڕازیبوونیشە بە دڵەڕاوکێ و ئازارکێشان، چونکە ئەمە ''ئەو قەفەیە/

پێــیــەوە "بالاترین" بـۆ لای خــۆی هـەڵت دەکــێـشـێ". هەندێ جــار ڕۆمی وورووژێنـەری هاندانە، کــە بـۆ نموونە کـاتێک دەڵی، باشــتـرە ئـەو گـوێیــە لێ بکەیتەوە، کە چرپەچرپی "خۆشەویست" نابیسێت، یان ئەو دەستە ببڕدرێت، کە سۆزی ئەوی دەست ناکەوێ. لە تەسەووفی خۆشەویستیی سۆفییدا خوا وەک ژنێکی خۆشەویست نیشان دەدرێت، چونکە جوانترین ناو لە ناوەکانی الله، ڕێک "جوانی"یە. هێنانەوەی ئەم گوتەیەی خوارەوە، لە "مەسنەوەی"ەوە، کــە لە "بەرمــاڵە دزراوەکــە"دا هاتووە، پوختــەی نموونەی ئیــدیاڵی ژیانی چێژوەرگرییە، هەم لای سێفقێ و هەم لای ڕۆمی.

ئەشق ئەو دەرمـانەیە، هەر هەموو شـتێک نوێ دەکاتەوە. چما کۆیلەیەکی ئەشق ماندوویێتی دەناسێ؟ چیی تر ئاخ هەڵمەکێشە! بۆ ئەشق بگەڕێ! بۆ ئەشق بگەڕێ! بەڵێ، ئەشق.

# ژنەکانی دەوروبەری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و گرێکوێرەی کوشتنێک

ئەشک دالێن

"ژن تیرۆژی خوایە، لێ نە ئەوەی تۆ خۆشتدەوێ.
ئەو خالیقە، بەڵێ مەخلوق نییە!"
مەسنەوی، ١:٢٤٣٧

## دەستپێک

(وەلی)ی ژن و ژنی ڕوحانی گرینگییەکی سەرەکییان لە سۆفیزم، تەسەووفی ئیسلامیدا هەیە. بە هەمان شێوەی کە ئاینی مەسیحی کاریگەرێتی ژنی سۆفیی وەک، هیلدێگاری بینگێن، ترێسای ئەڤیلە و ئەنگیلای فولیگنۆی لێ کرا، ژن ئاسەواریان بەسەر سۆفیزمیشەوە جێ هێشتووە. ڕەنگە ئەو ژنەی کە بەر لە هەمووان بە تەسەووفی ئیسلامییەوە دەیبەستینەوە، ڕابیعە بێت (٨٠١، مردووە)، کە وا باوە بە یەکەمین سۆفیی خۆشەویستی دادەنرێت. بێگومان زۆر ژنی تری ناودار هەن، کە بە ڕێگەی سۆفیگەرییدا ڕۆیشتوون و وەک وەلی ڕێزیان لێ گیراوە. (لأبی عبد الرحمن السلمی) (١٠٢١، مردووە) لە کتێبی (ذكر النسوة المتعبدات الوفيات) ناوی هەشتا سۆفیی ژن لە دووسەد ساڵی سەرەتای ئیسلامدا دەهێنێت. لەوێ ناوی (عائیشە مارڤی) هاتووەتەوە، کە دەگوترا دەیتوانی قسە لەگەڵ باڵندە بکا و ناوی (مریەمی بەسرایی)یش هاتووە، کە لە کاتی زیکرکردندا مرد. ژنە سۆفییە ناودارەکانی تر، (فاتیمەی نیشاپوور)ە، کە وانەی بە (بایەزید بەستامی) دەگوتەوە، هەروەها (فاتیمەی

قورتەبە) کە یەکەمین ڕێپێشاندەری ڕوحیی ئیبن عەرەبی بوو. بێجگە لەمەیش، ئیبن عـەرەبی (٤٢١٠، مـردووە) ناوی چەندان ژن لەو چل ژنە هەڵبـژێردراوانە دەژمـێـرێ، کـە پێـیـان دەڵێن (عـەبداڵ)، و لە هەرەمی ئاینیی ئیـسـلامـدا لە سەرەوەن.

بە درێژاییی مـێـژوو زۆر ژن لەناو چینی باڵای کـۆمـەڵگەدا هەبـوون، کـە پارێزەری شـێـخـی سـۆفی بوون و لـە بەرژەوەندیـی بڵاوبوونـەوەی تەریقـەتی سـۆفیـگەریدا بوون. شـازادەی مـەغـۆل (جـهـان ئارا بێگم)ی (١٨٦١، مـردووە) کـچی (شـا جـهـان)، کـە (تاج مـەحـەل)ی دروست کـرد، نموونـەیەکـە. ئەو تەفـسـیری بۆ حـیکمـەتەکـانی شـێخ (مـیـان مـیـر)ی کرد و بۆ بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری لە هیندستان کاری دەکرد. ئەو تێزێکی لەبارەی تەسەووفەوە نووسی (ریسـالەی ساحیبییە) و وانەی ڕێگەی سۆفی بە خێزانە مـەغۆلەکان دەگـوتەوە. ژنیش وەک شـێـخـی سـۆفی و مـامـۆسـتـا بۆ خـەڵک دەردەکـەوتن. (ئامینە خاتوون)ی نەوەی (ئەوحـەدودین کرمانی)ی شاعیر، لە سـەدەی سێزدە لە دیمەشق خانەقـایەکی سۆفیـانی دامـەزراند و لەوێ ئەو وەک شـێخ بۆ ژن و پیاوان کـاری دەکرد. زۆر شـاعیری سۆفییش، لە شـێوەی ژنێک شـیعر بەسەر خوا، خۆشەویسـتدا هەڵدەدەن. ئەمە پێوەندی بە کرۆک و زۆر سیفەتی خوداوە هەیە، کە لە قورئاندا وەک جوانترین ناو باس دەکرێن، کە لە ڕووی ڕێزمانی و ئاینناسـیـیەوە، ژنـانەن. (الرحـمن) و (الرحـیم) کـە دیارترین ناوی خـوان لە قـورئاندا، ژنانەن. بۆیە ئەوە سـەرسـوڕهێنەر نییـە، کە ئیبن عـەرەبی پێی وایە، کە (حەقیقەت)ی ناخی خوا لە ژندا ڕەنگدەداتەوە، یان کە گەورەترین شاعیری خـۆشەویستیی ئیسـلام، مەولانای ڕۆمی لە (مـەسنەوی مـەعنەوی)دا خـودا بە (دایک) دەچوێنێت. لـە سۆفیـزمـدا، لایەنی سروشـتیی ژنانە و پیـاوانەی خـوا، یەکدی تەواو دەکەن، وەک (یین و یانگ)ی فەلسەفەی تاویزم. خوای ئیسلام، لە بنەچەدا نە ژنە، نە پیاویشە، بگرە تاکانەیە، یان ڕاستتر (احد)ە.

یەکـێک لە سـەرنجـڕاکـێـشـتـرین قـەدەر لە مـێـژووی سـۆفـیـزمـدا، هی (جـەلالـەدینی ڕۆمی)یـە. گـەورەییی قـەدەری ژیانی وەک شـیـعـرەکـانی

سروشبەخشە. بەیەکگەیشتنی لەگەڵ دەروێشە بەهرەمەندەکەدا، (شەمسودین تەبرێزی) زۆر زانراوە، وەک کە پێوەندی نێزیکی لەگەڵ باوکیدا، ئاینزان بەهائودین وەلەد زانراوە. بەڵام ژن چ ڕۆڵێکیان لە ژیانی ئەودا هەبووە؟ ئامانج لەم تێکستەدا ئەوەیە لێکۆڵینەوە لەو ژنانەی دەوری مەولانا بکرێت و تیشک بخرێتە سەر ئەوەیش، کە لە ئەدەبی سەربردەی ژیانی وەلیاندا چۆن باس دەکرێن. هەتا ئێستا ئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر نەکراوە. ڕۆمیناسی ئەڵمانی ئەنماری شیمڵ (٢٠٠٣، مردووە) یەکێک لەو کەسانەی سەرەتا بوو، کە داوای توێژینەوەی لەم بارەیەوە کردووە. بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی سیستەماتیکی نەکراوە. تەنانەت (فرانکلین د. لیویس)یش لە لێکۆڵینەوە گەورەکەیدا وای نەکردووە.

al-Din Jalal Past and Present, East and West: The life, Teaching and Poetry of :Rumi (Oxford, 2000). Rumi

یەکەم ململانێ کە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە، کە دەیەوێ لێکۆڵینەوە لە گرینگی و حوزووری ژن لە ژیانی مەولانادا بکا، خەسڵەتی ناتەواوی سەرچاوەکانە. هیچ کام لە بیۆگرافنووسەکانی مەولانا، بەشێکی سەربەخۆی بۆ ژن، یان باسێکی گشتگیری لەبارەی ژنەوە تەرخان نەکردووە. لە بریدا ژنەکان لە پشت پەردەوە، یان لە دەوروبەری دیمەنی ڕووداوە سەرەکییەکاندا دەردەکەون. بەشێوەیەکی ناتەواو، زێتر پچڕپچڕ باسیان دەکرێت و زۆربەی جاریش لەگەڵ پیاوێکی گەورەدا.

## بەهائودین وەلەد و موئمینە خاتوون

بەهائودین وەلەدی باوکی ڕۆمی (١٢٣١، مردووە) خەڵکی ناوچەی بەلخ بوو، لە ئەفغانستانی ئێستا. زانای ئاینی بوو و بژێوی خۆی بە مامۆستایەتی لە ئایینناسی و قانوونی ئیسلامیدا، پەیدا دەکرد. شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی بە فرەژنیی داوە و وا باوەڕ دەکرێت، بەهائودین چەند ژنێکی هەبووبێت. چێژەکانی سێکسکردن، شتێکە لە بیرەوەرییەکانیدا (معاریف) باس دەکات.

ژنی یەکەمی ناوی مـوئمـینە خـاتوون بوو (١٢٢٦، مـردووە) و نێـزیکەی هاوتەمـەن بوون. شـازادە بوو و کـچی والی ڕوکنەدینی بەلخ بوو. ئەو بوو مەولانا و خوشک و براکەیشی، عەلائودین و فاتیمەی هێنا ژیانەوە. پاشان فاتیمە شەریعەتی خوێند و بوو بە لێزان لە قانوونی ئیسلامیدا. بەپێی شەمسودین ئەحمەد ئەلئەفلاکی، ئەو بە گەنجی شووی کرد و هەتا مردیش هەر لە ناوچەکەیدا مایەوە. لە تەریقەتی مەولەویدا، موئمینە خاتوون لەبەر باوەڕداریەتی و پەروەردەکردنی ڕوحانی مەولانادا، زۆر ڕێزی لێ دەنرێ. ئەو بەرپرسیاریەتی پەروەردەی ئەدەبیی مەولانای هەبوو و دەگوترێ، ئەو مەولانای بە هونەرە جوانەکان – شیعر، مۆسیقا و شێوەکاری، ئاشنا کردووە. لە تەریقەتی مەولەویدا، بە (دایکی سولتان) ناودەبرێ و هەتا ئێستایش مەزارگەکەی لە (کارامان)، پیرۆزگەی ژنانی ئەناتۆڵە.

بەهائودین لە یادەوەرییەکانیدا خۆشەویستی بۆ دوو ژنی تر، (بیبی خاتوون عەلەوی و دوختەری قازی شەرەف)، دەردەبڕێ. لەبەرئەوەی بەپێی قسەکانی خۆی، پێوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەواندا هەبووە، بۆیە دەتوانین وای دابنێین، کە ژنی شەرعی بوون. باسی خۆشەویستی خۆیشی بۆ ژنێکی تورک، بەناوی (تەرکان) دەکات. وا مەزەندە دەکرێ، ژنی چوارەمی ئەو، یان ڕەنگە کۆیلەی بووبێت. سەرەڕای باری خەڵوەتگریی بەهائودین، هاوڕای زاهیدە مەسیحییەکان نەبوو لە نکوڵیکردن لە ئارەزووی جەستەیی مرۆڤ. لە بریدا، ڕوانینی ئەو، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئیسلامی بوو لەسەر هەوەسی سێکسی وەک شتێکی خۆش، کە پێویستە ژن و پیاو لە پێوەندیی هاوسەرێتیدا وەری بگرن. بۆ نموونە، ئەوە دەگێڕێتەوە، کە لە گەردووگوڵی بەیانییەکدا، لە زیکرێکی قووڵدا بوو، کاتێک لە ناکاو سەگوەڕینێکی بەرز لە نزاکردنی کرد. (بیبی خاتوون) هاتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی بزانێ وەزع چۆنە و جوانییەکەی ئارەزووی بەهائودینی خرۆشاند. سەرەتا زۆری لە خۆی کردووە، هۆشی لە زیکرکردن بهێڵێتەوە. بەڵام هەوەسی زۆر بەهێز بووە. وەک کە ئەو باس دەکات، هەستی وەکو (ئاماژەیەکی خوایی) بینیوە، وازی لە زیکرکرن

هێنا و لەگەڵی چووە سەر جێگە.

بۆ بەهائودین، ناکۆکی لە نێوان خەڵوەتگرتن و هەوەسی سێکسییدا نەبوو. ئەو سێکسکردنی زێتر وەکو قۆناخێکی پەڕینەوە لە نێوان ژیانی هاوسەرێتی و ئەو بەیەککگەیشتنە پڕ لە ڕازەی لەگەڵ خوادا و وەک شتێکی پیرۆز بینیوە، کە دەبێ تەنیا لە هاوسەرێتیدا بکرێت. بەڵام وەک کە بە ڕوونی ئەو هاوسەنگییەی پێشان دا کە دەبێت لە نێوان ئاین و خۆشەویستیی سێکسیدا هەبێت، بەلایەوە گرینگ بوو پێوەندیی کاتی و دەرەوەی هاوسەرێتی مەحکوم بکا. بۆ نموونە ئەلئەفلاکی لە بەشێکدا باسی بێزاربوونی ئەو لە بینینی ئەو کەرنەڤالانەدا دەکات، کە لە (کەرامان) بەبۆنەی سوننەتکردنەوە دەکران. ژنی بێ ڕووبەند، هەندێکیان بە مەمکی ڕووتەوە سەمایان دەکرد و بەپێی داوونەریتی خوتانی لەگەڵ پیاوی بێگانە شەرابیان دەخواردەوە. کاتێک بەهائودین لە قۆنیا جێنشین بوو، سەرەتا بە میوانداریێتی کۆشکی سوڵتانیش ڕازی نەدەبوو، چونکە سوڵتان شەیدای خواردنەوەی شەراب و ڕابواردن بوو لەگەڵ کچی گەنجی سەماکەر. تێگەیشتنی بەهائودین لە پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، سەرچاوەی لە سوننەتی پەیامبەر مەحەمەد و باوەڕی ئیسلامیی خەڵکەوە هاتبوو. ئەو پشتگیریی لە یەک جیاکردنەوەی نێر و مێ نەبوو، بەڵام پێی وا بوو، کە پیاو سەرۆکی موراڵیی خێزان و پێشەوای ئاینییە. بەهائودین ڕێگەی دا ژن بێنە وانە ئاینییەکانی و گفتوگۆی ئاینیشی لەگەڵ خوێندکار و هاوکارە ژنەکانی دەکرد. یادەوەرییەکانی شاهێدی ئەوە دەدەن، کە ئەو هەوڵی داوە شێوازی جودا بدۆزێتەوە کە ژیانێکی خەڵوەتگری لەگەڵ پیشە و ژیانی خێزانیدا بگونجێنێ. وەسفکردنەکانی ئەو لە ئەوینی ڕوحی و سەرکڵی چێژ، بەهێز و قووڵن.

## گەوهەر خاتوون و کیرە خاتوون

بەهائودین لە ماوەی سەفەریدا لە (بەلخ)ەوە بەرەو قۆنیا، لەگەڵ ماڵباتەکەیدا چوار ساڵ لە گوندی ئەقشەهیر مانەوە. ئەقشەهیر، کە دەکەوێتە دەرەوەی

شاری ئەرزینجان (مالاتیّ) لە ڕۆهەڵاتی ئەناتۆڵ، هەر لە سەردەمی ئەنتیکەوە (بەناوی,Thymbrionیان Filomelion) گوندێکی بەجمۆجۆڵی بازرگانی بوو. بەهائودین لەویّ وەک ئایینناس و شەریعەتزان، لەژێر چاودێریی و پشتگیریی (عیسمەتی خاتوون)ی ژنی بەرهەم شای والیی سەلجووقی، کاری دەکرد. ئەو زوو بوو بە موریدی بەهائودین و بەپێی ئەلئەفلاکی، لە خەونێکدا پێشبینیی هاتنی شێخی کردووە. عیسمەتی قوتابخانەیەکی بۆ بەهائودین دروست کرد، تێیدا وانەی ئاینیی و تەسەووفی دەگوتەوە. ئەم قوتابخانەیە، کە بەناوی ئەوەوە کرا، ناوی (عیسمەتییە)یە و هەتا ئێستایش ماوە. لەو سەردەمدا ئەرزینجان بە مەیخانە ئەرمەنییەکانییەوە بەناوبانگ بوو و لەبەر ئەم هۆیەیش بەهائودین نەیدەویست سەردانی ئەم شارە بکا. لە بریدا وای کرد عیسمەتی خاتوون داوا لە مێردەکەی بکات لە ئەقشەهر سەردانی ئەو بکات. بەهائودین هەتا مردنی عیسمەتی خاتوون لە ساڵی ١٢٢١ دا، وەک مامۆستا لە عیسمەتییەدا کاری دەکرد. ئەو تەنیا یەکێک لەو نموونە زۆرانەیە لە مێژوودا، کە ژن وەک کۆمەککار لە کاروباری سۆفیایەتییدا ڕۆڵیان هەبووە. لای ئەلئەفلاکی ئەو بە وەلی و خەدیجەی سەردەم لە ڕەفتارباشی و پاکیزەییدا ناودەبرێت، کە مەبەست لە ژنی پەیامبەرە.

پاشان بەهائودین لەگەڵ خێزانیدا ئەقشەهریان بەجیّ هێشت و هاتنە شاری کارامان کە نزیکەی ٣٠٠ کم لە خوارووی ڕۆهەڵاتی قونیایە. لەویّ مەولانا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، لەگەڵ (گەوهەر خاتوون)ی کچی شەرەفودین لالەی سەمەرقەندی، بوون بە ژن و مێرد. شەرەفودین خەڵکی ناوچەکەی بەهائودین بوو و لە (بەڵخ)ەوە، بەیەکەوە هاتبوون. ئەو شازادە بوو و ژن و کچەکەیشی موریدی بەهائودین بوون. بۆیە ڕەنگە هاوسەرگیرییەکەی نێوان مەولانا و گەوهەر خاتوون، ساز کرابووبێت، کە ئەو سەردەم وا باو بوو. بەپێی ئەلئەفلاکی، گەوهەر خاتوون یەکجار زۆر جوان و بەحورمەت و ڕۆشنبیر بوو. بەو تەمەنە کەمەیشییەوە، ڕەفتار جوان و ئارەزووی هونەریی هەبوو. ئارەزووی بۆ سەمایش هەبوو و ئەو یەکەم کەس بوو، کە لەبارەی بەهای ڕوحیی سەماوە بۆ ڕوح، باوەڕی بە مەولانا هێنا. کە ساڵی ١٢٢٦

هاتنە قـۆنیـا، گـەوهەر خـاتوون دووانـەیەکی کـوڕی بـوو، سـوڵتـان وەلەد و عـەلائودین. هەمـان سـاڵ (مـوئمـینە خـاتوون)ی دایکی و بـراگەورەی مـەولانا مـردن. لە قۆنیـا بەهائودین بە سـوڵتان عـەلائودین کـەیقوبـاد ناسێنرا، کە تازە هاتبووە سەر حکووم. ئەو کەسـەی کە ماڵباتی مەولانای بە ئەریستوکراتەکانی شار ناسـاندن، (سـەلجووقی خـاتوون)ی کچی عیسمەتی خـاتوون بوو، کە ژنی سوڵتانی پێشووتر (عیزەدین کەیکاوس)ی یەکەم بوو.

سالآنـی سەرەتا لە قۆنیا، مـەولانا خۆی بۆ خـوێندنی زانستـە نەریتییەکـانی ئیسـلام تەرخـان کـرد. چووە سـووریایش، لەوێ لە خـوێندنگە بەناوبانـگەکـەی (دیمەشق)دا، درێژەی بە خـوێندنـەکـەی دا. کـە سـاڵی ١٢٣٧ لە تەمــەنی سی سـاڵیدا گەڕایـەوە بۆ قۆنیـا، بەهائودینی باوکی و مـامۆسـتـاکـەی، بورهانودین تیـرمـیـزی مـردبوون. خــەمی نەمـانـی باوکی قـووڵتـر بـوو، کـاتێک (گـەوهەر خـاتوون)ی ژنـی نەخـۆش کـەوت و مـرد. مـەولانا بوو بـە سـەرۆکخـێزان و وەک مـامۆسـتـا و خـوتبـەبێژ لە یەکێک لـە قـوتابخـانەکـانی قـۆنیـا، جـێگەی باوکی گرتەوە. مەولانا خـۆشـەویستی بۆ (کیـرە خـاتوون) هـەبوو و هێنای، کـە ژنێکی مـەسیـحی بوو و دوای مـردنی مێردەکـەی، مـەحەمـەد شـای خوارزمی، بێوەژن بووبوو. (کیرە خاتوون)یش وەک دایکی، موریدی باوکی مەولانا بوو، کە لەگەڵ دایکی هـاتبـوو بۆ قـۆنیـا، بۆ ئـەوەی لەسـەردەسـتی ئـەو خـوێندنی عـیـرفـانی بخــوێنـێ. بەهـائودین زۆر ڕێزی بۆ ئەمــە لای ئـەو هـەبوو، کـە بـە سـروشـتی وەلیـانـەی لای ئـەو دەزانی و پێـی وا بـوو هـەردووکـیـان لە هـەمـان (مـەقـام)دان. کـاتێک (کیـرە خـاتوون) شـووی بە مـەولانا کـرد، کـچێکی چوارسـاڵەی بەنـاوی (کیمیا خاتوون) لە مێردی پێشووی هەبوو.

ڕۆمی خۆی کە بێوەمێرد بوو، بێوەژنێکیشی بە هـاوسـەری خۆی هـەڵبژارد و بەپێی سەرچاوەکان، بە خۆشـەویستـی بوون بە هـاوسـەر. کوڕ و کچێکیان بوو، موزەفـەرەدین عـەلەم و مـەلیکە خـاتوون. موزەفـەرەدین لە ئیدارەی خــەزێنەی سـوپای سـەلجـووقییدا دامـەزرا، بەڵام لە کۆتاییدا بـۆ دڵخۆشـیی باوکی بوو بە دەروێش. ئـەو کــەســەی ئـەو کــارەی لەنـاو حکوومــەتدا بـۆ دۆزییــەوە، والی موعینـودین پەرڤانە بوو، کە موریدی مـەولانا بوو. مـەلیکەی کـچی شـووی بە

بازرگانێکی خـەڵکی ناوچەکە کرد، کە ناوی (شـیـهـابـودین قـونەوی) بوو. لەو نامـانەی نێوان مـەولانا و زاواکەیەوە، دەزانین کە جاروبار شـیـهـابودین بەهۆی مـامـەڵەکردنی خراپـەوە، خـەریک بووە دەسـتـمـایەیشی لەسـەر دابنێ. مـەولانا زۆرجـار بەشـێـوەی جـودا چووەتە نێوانیـانەوە، بۆ ئەوەی پێـوەندی ورووژاویان هێور بکاتەوە.

بەڵام هـاوسـەریەتیی (کـیـرە خـاتوون) لەگـەڵ مـەولانادا، سـەرەڕای ئەو نەهامـەتییـانەی بەیەکەوە تووشـیـان بوون، درێژ و ئاسـوودە بوو. نۆزدە سـاڵیش دوای مـەولانا ژیا. کـە مـەولانا لـە ئاویلکەدا بـوو، ئەو خـەمی لەوە دەخـوارد کـە مـەرگی پێش مـەرگی ئەو ناکەوێ، کە مـەولانا گفتی پێ دابوو. کاتێک ئەو خۆی لە سـاڵی ١٢٩٢ دا، ماڵئـاوایی لە ژیان کرد، هەمـوو قوتب و خـواجـەکانی شـار لەدوای دارتەرمییەوە ڕۆیشتن. ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە کاتێک دارتەرمەکە لە (دەروازەی چاشـنـاگـر) ڕەت دەبوو، چەند خـولەکـێک بێ جـووڵە وەسـتـا، بێ ئەوەی جـووڵە بکا. خـەڵکەکـە گـریان و پیـاوەکان کـڵاویان لەسـەریان کـردەوە. هەمان شەو (کیرە خاتوون) خۆی بە یەکێک لە بەشداربووەکان نیشان دا و ئەو کەسـە لەبارەی هۆی ڕووداوەکەوە لێی پرسی. کیرە وەڵامی دایەوە: "دوێنێ شەو لای ئەم دەروازەیە، ژن و پیـاوێکی گـەنج، بە تۆمەتی زیناکردن بەردباران کران. لـەبـەرئـەوەی هاوئـازاریـان بـووم، نوێـژێـکـم بـۆیـان کـــرد و بـە بـەخـــشـنـدەیـی (میهرەبان)م بەخشین. ئەمە هۆی وەستانی کەژاوەکە بوو."

بەپێی (سـپـەهـسـالار)، کـیـرە خـاتوون یەکـجـار زۆر جـوان بوو. ئەو وەک (سـارایەکی تر) پیـرۆزی دەکـات، کـە مـەبەست لە ژنی (ئیـبـراهـیم)ە، کـە بە جوانییـەکەی بەناوبانگ بـوو. ئانماری شـیـمل جـەخت لەوە دەکات، کە (کیـرە خـاتوون) ژنێکـی عیـرفـانیی مـەقـام بڵند بوو، کـە خـەڵکی قـۆنیـا نەک تەنیـا بەسـیـفـەتی ژنی مـەولانا، بگرە لەبەر باوەرداریـەتیی قـووڵـیـشی خـۆشـیـان دەویست. ئـەلئـەفـلاکی باس دەکـات، کـە سـەرەڕای ئەمـەیش، ئەو باوەڕی بە ئەفـسـانە هـەبوو و جارجـار مـەولانا بە حـیکمـەتی ڕوحی هێـوری دەکـردەوە. جارێکیان گازەندەی لەوە کردووە، کە جنۆکە هاتوونەتە ماڵەکەیەوە و دەیانەوێ مـەولانا لە شـەوبێدارییـەکانیدا فریو بدەن. (کیرە خـاتوون) بڕوای وا بوو، کە

چراکـانی مـاڵەوە جنۆکـەکـان تووڕە دەکـەن، چونکە وا زانراوە ئەم ڕوحـانە حەزیان لە ڕووناکی نییە. لەوە ترسـاوە کە شتێکی ناخۆش ڕوو بدا و لەبارەی مـەسـەلەکەوە لەگەڵ مێردەکەی قسەی کرد. کاتێک مـەولانا گوێی لـەم قسـانە بوو، خەنییەوە و گوتی: (نیگەران مـەبە. ئەمشـەو جنۆکەکە پەنای بۆ من هێنا. بوو بە مـوریدی من و لـەمـەولا نـاتوانێ، نە من و نە ئـەوانەیش ئازار بدات، کـە لەژێر پارێزگاریی منن.)

مەولانایش وەکو باوکی، (هەوەسـی سێکسـی) وەک شتێکی خۆش دەبینی، کە دەبێ لە پێوەندیی هاوسـەریەتیدا بکرێت. ئەو سێکسکردنی وەک دیارییەک لە خـــواوە، بۆ چێــژوەرگـــرتن دراوەتە مـــرۆڤ، نەک بـەتەنیـــا بۆ مـــەبەســـتی زاوزێکردن. مـەولانایش وەکـو باوکی بەگەنجـی ژنی هێنا و لە ژنی یـەکەمـیدا دوو کوڕی پەروەردە کرد. بەڵام بەپێچـەوانەی (بەهـائودین)ەوە، مەولانـا پێڕەوی فرەژنیی نەکرد، بەڵکە کە ژنی یەکەمی مرد، ئەوسا ژنێکی تری هـێنا. لە نامە پارێزراوەکانی مـەولانادا، وێنەی باوکێکی خـەمـخۆر دەردەکەوێ، کـە زۆری لە خـۆی کـردووە، پیـشـە بـە خـێـزان و ژیانی نـوێژکـردنەوە ببـەسـتێـتـەوە. وەک سـەرۆکخـێزان ڕۆڵی ناوبژیوانی لـە کێشـەی خـێزانـیدا دەبینی و هـەندێ جـار خـۆی تێـهـەڵدەقـورتـاند، بۆ ئەوەی نـاکـۆکی نەهـێـڵـێت، بـۆ ناکـۆکـیی نێـوان منداڵەکانی و هـاوسـەرەکانیشـیـان وای دەکرد. گفـتوگۆکانی مـەولانا لەگەڵ موریدەکانیدا، شاهیدیی تێگەیشـتنێکی واقیعی بۆ پێوەندیی نێوان ژن و پیاو دەدەن. ئەو لەو حاڵەتـە خرۆشاوە دەروونییەی لە نێوان هـەردوو ڕەگەزدا هـەیە، تێگەیشتبوو و ڕێنوێنیی پیـاو دەکات، کە لە کێشـەکانی خێزانییدا هێور ببێت. نابێ پیـاو ئازادیی ژن بەرتەسک بکات، چونکە ناچاریی، ئارەزووی ژن زێدەتر دەکات، کە پێچەوانەی خواستی ئەو بکا:

> هـەتـا زێدەتر فـــەرمـــان بـەســـەر ژنتـــدا بکەیت، کـــە ئارەزووەکـــانی بشـارێتـەوە، زێدەتر دەخوازێ پێشـانیـان بدا. پیـاویش هـەوەسـی زێدەتر بۆ ژنێک دەبـزوێ، کـــە ئەشـــقــبـــازی لـەگـــەڵ بکـا. ئاوا لـە نێـــوان هـەردووکیاندا گیر دەبیت، هـەوەسـی هـەردووکیان دەبزوێنیت و هـاوکات وا دەزانی، کـە تۆ سـەردارێکیت. ئـەگەر ژن ئارەزووی ئەوەی نەبـێ کە

کارێکی گوناح بکا، ئەگەر تۆ پێی بڵێی، یان نا، ئەوا ئەو گوێ لە هەستی باش و سروشتی پاکی خۆی دەگرێت و بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوا. بۆیە بەرانبەری دڵارام بە و ئازاری خۆت مەدە. ئەگەر ئارەزووی پێچەوانەیشی هەبێ، ئەوسایش هەر ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر. ئەگەر ڕێگەی لێ بگریت، لە ڕاستییدا تۆ تەنیا هەوەسی زێدە دەکەی [بۆ گوناحکردن].

## کیمیا خاتوون

ساڵی ١٢٤٤ دەروێشی گەڕیدە، شەمسودین تەبرێزی گەیشتە قۆنیا و ئیتر هەتاهەتایە دنیای مەولانا گۆڕا. مەولانا خۆی بۆ ئەم شێخە ڕوحییە نوێیەی تەرخان کرد و وازی لە فێرکاریی و قوتابییە ئاینخوێنەکانی هێنا. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی، کە شەمسودین لە شار مایەوە، لەناو مورید و خزم و کەسی مەولانادا، ڕق و بێزاری لەو زێتر دەبوو. ناچار کرا بەرەو دیمەشق سەرهەڵبگرێ، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لەبەر داخوازیی مەولانا، گەڕایەوە. چەند ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی، بە مەبەستی بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ مەولانادا، داوای کیمیا خاتوونی گەنجی کرد. کیمیا خاتوون کچی کیر خاتوون بوو لە مێردی یەکەمی، مەحەمەد شای خوارزمی. واتە زڕکچی مەولانا بوو و لای ئەویش گەورە بووبوو. ئەو کاتەی شەمسودین داوای کرد، تازە بالغ بووبوو و ڕەنگە تەمەنی چواردە ساڵ بووبێت. کیمیا کچێکی گۆشەگیر و شەرمن بوو. بۆیە مەولانا و کیرە خاتوون، بێدەنگیی ئەویان بە ڕازیبوون لێکدایەوە. شەمسودین کە تەمەنی لە شەست ساڵ نێزیک دەبووەوە، هێندە تامەزرۆی کچەکە بوو، لە حوزووریدا وەک دێوانە بوو.

بەپێی سپهسالار، زەماوەندی شەمسودین و کیمیا خاتوون لە ئەیلوولی ١٢٤٧ دا کرا. لە ئەو کەسانەی، کە سەرسەخت دژی بەیەکگەیشتنی ئەوان بوون، (عەلائودین)ی کوڕی بچووکی مەولانا بوو، کە وا دیار بوو، خۆی ئاشقێکی شەیدای کیمیا بوو. بێهوودە هەوڵی دا ڕزگاری بکا، بەڵام درەنگ

بوو. شەمسودین لە بیرەوەرییەکانیدا، بە شانازییەوە ستایشی خۆی دەکات، کە جارێکیان عەلائودینی دەرکردووە، کە بێپرسکردن هاتبووە لای کیمیا. دوای چەند هەفتەیەک کیمیا خاتوون لە بارودۆخێکی گوماناوییدا نەخۆش دەکەوێ. بەمردوویی لەناو (باخچەکانی مارام) لە دەرەوەی قۆنیا، دۆزرایەوە. لە دوای ئەم ڕووداوە، لەناو کەسە نێزیکەکانی مەولانا و لای کیرە خاتوونیش ڕقوکینە لە شەمسودین زیادی کرد. دەگوترێت، کیرە خاتوون قەت لەگەڵ قەدەری زاڵمانەی کچەکەی ئاشت نەبووەوە. عەلائودین هەڕەشەی ئەوەی دەکرد، کە توندوتیژیی لەگەڵ شەمسودین بکا و مەسەلەی بوونی بێگانەیەک لەناویاندا مشتومڕی نایەوە. تەنیا حەوت ڕۆژ دوای مردنی کیمیا، شەمسودین بێئاسەوار ون بوو. مەولانا هەموو شاری بەدوادا گەڕا، تەنانەت چووە (دیمەشق)یش بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە. بەڵام هەوڵدانەکانی بێ سوود بوون، چونکە هاوڕێکەی، ئەم جارەیان هیچ ئاسەوارێکی لە دوای خۆیدا بەجێ نەهێشتبوو.

ژنە نووسەری ئێرانی (سەعیدە قودس) لە ڕۆمانێکدا بەناوی (کیمیا خاتوون) بەشێوازێکی زیندوو باسی ژیانی (کیمیا خاتوون)ی کردووە. باسی چارەنووسی کیمیا دەکات، لەو دەمەوەی لەگەڵ دایکی هاتەماڵی مەولانا و هەتا مەرگی ناوادەی. ڕۆمانەکە ساڵی ٢٠٠٤ لە تاران بڵاو کرایەوە، زوو ناوبانگی دەرکرد و هەتا ئێستایش حەوت جار چاپ کراوەتەوە. نووسەر لێکدانەوەیەکی فێمینیستیی ڕوونی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ژیانی کیمیادا هەیە و شەمسودین زۆر خراپ پێشان دەدا. باش توانیویەتی سەدەی سێزدەی قۆنیا زیندوو بکاتەوە و دڵسۆزیی کیمیا بۆ زڕباوکی، پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ دایکی و پێوەندی خۆشیی لەگەڵ کوڕەکانی مەولانادا، بەرجەستە بکا. بەڵام ئەو ڕۆژەی شەمسودین داوای دەکات، هەموو پاکییەکی منداڵانە ون دەبێ. ئەگەرچی ژنە خزمەکانی بۆ زەماوەند ئامادەی دەکەن و (کیرە خاتوون)یش گفتی دەداتێ، کە ئەو مەرج نییە شەوی یەکەم لەگەڵی جووت ببێت، ئەوا بەیەکگەیشتنیان دەبێتە سەرەتای نەمانی ئەو. شەمسودین، کیمیا لە

دەوروبەری دادەبڕێنێ و کە جارێکیش لە دەرەوە لەگەڵ دایکیدا دەیبینێ، لێی دەدا. کیمیا کە ناتوانێ بەرگەی ئەم حاڵەتە و دابڕان لە دایکی بگرێ، تا دەیگرێ و دوای سێ ڕۆژ بەتەنیا چووبووە ناو باخچەکانی دەرەوەی شار و لەوێ مردبوو.

## کێ (شەمسودین)ی کوشت؟

ئەلئەفلاکی یەکەم نووسەری ئەدەبی یادەوەرییە ئەم تێزە دەخاتە ڕوو، کە شەمسودین کوژرا. پاشان ئەم تێگەیشتنە لە ئەدەبییاتی تەریقەتی مەولەویدا جێگیر کرا و لەلایەن بەشێکی زۆریش لە لێکۆڵینەوەی مودێرندا پێشوازی لێ کرا. بێجگە لەمەیش، ئەلئەفلاکی ئەوەیش ڕادەگەیەنێ، کە (عەلائودین)ی کوڕی مەولانا کوشتوویەتی. وەسفی ئەو لە ڕەوتی ڕووداوەکە، پشت دەبەستێ بە گێڕانەوەی (فاتیمە خاتوون)ی ژنی سوڵتان وەلەد. بەقسەی ئەو لە ئێوارەی ٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٢٤٧، شەمسودین لە ماڵی مەولانا بووە. تا شەوڕاشکان دانیشتوون و قسەیان کردووە، کە لە ناکاو کەسێک لە دەرگە دەدات. میوانە نەناسراوەکە داوای کرد شەمسودین ببینێ و کارێکی پێی هەیە، پاشان شەمسودین چووە دەرەوە و لەسەر شەقام، لەلایەن عەلائودین و شەش تاوانباری ترەوە، دڵڕەقانە بە چەقۆ خەڵتانی خوێنیان کرد. تەرمەکەی لە پشت ماڵی مەولانا فڕێدرایە ناو چاڵێکەوە، چاڵێک، کە هەتا ئێستایش ماوە. سوڵتان وەلەد کە لەگەڵ پلانەکەدا بوو، تەرمی شەمسودینی لە شوێنێکی نهێنیدا ناشت. ئەگەر گێڕانەوەی (فاتیمە خاتوون) ڕاست بێت، دەشێ سوڵتان وەلەد لە پێناو هێشتنەوەی ئابڕووی خێزانەکەیان، کوشتنەکەی لە باوکی شاردبێتەوە. پاشان لەو شوێنەی، مەزەندە دەکرێ گۆڕی شەمسودینە، مەزارێکی سادە دروست کرا.

بەپێی ئەنماری شیمڵ و مێژوونووسی تورک عەبدولباقی گۆڵپینارلی (١٩٦٠، مردووە) مەولانا گومانی هەبوو کە عەلائودین دەستی لە ونبوونی (شەمسودین)دا هەبووبێت، بەڵام بە کار و خواستی خوای زانیوە. بۆیە

پێوەندی لەگەڵ کوڕەکەیدا بڕی و ئیتر بە میراتگری خۆی نەزانی. کە ساڵی ١٢٦٢ عەلائودین مرد، مەولانا نە چوو بۆ ناشتنی و نە نزاشی بۆی کرد. بەپێی ئەلئەفلاکی، مەولانا ئەو کاتە ئەوی بەخشی، کە شەمسودین هاتە خەونییەوە و داوای بەخشندەیی لێ کرد. هەروەها گۆلپینارلی دەڵێ، شەمسودین لە تەک (مەنسوری حەللاج و عەین ئەلقزات هەمەدانی)دا بوو بە شەهیدێکی سۆفیی ئیسلام. ئەگەرچی عەلائودین لە تەنیشت، (بەهائودین وەلەد)ی باپیرەیدا نێژرا، (لە مەزارگەی مەولانادا) بەڵام نەوەکانی ئەو قەت بە ئەندامی خێزانی مەولانا وەرنەگیراوەن. ئەلئەفلاکی مەرگی ناوەختی عەلائودین بە سزای خوا دەزانێ و دەڵێ هەموو ئەوانەی لە کوشتنی (شەمسودین)دا بەشدار بوون، هەمان چارەنووسیان هەبوو. بەگشتی ئەلئەفلاکی بە چاوێکی نزم سەیری عەلائودین دەکات و لەبەر گوێڕایەڵنەبوون و سەربزێویی دژی باوکی، دزێو پێشانی دەدات.

لێکۆڵەرێک کە گومانی هەیە عەلائودین دەستی لە کوشتنی (شەمسودین)دا هەبووبێت، (فرانکلین د. لویس)ە. ئەو داوامان لێ دەکات لە باسکردنی ئەلئەفلاکی وریا و لەسەرخۆ بین، چونکە نە ئەو چەکی کوشتن و نە تەرمەکەیشمان لە بەردەستە. بەپێی لویس، ئەو ڕاستییەی کە مەولانا دوو جار چووەتە سووریا، بۆ ئەوەی بەدوای (شەمسودین)دا بگەڕێ، ئەوە دەگەیەنێ کە باوەڕی وا بووە، کە (شەمسودین) ژیاوە. ئەو ئاماژە بە ئەوەیش دەکات، کە باسکردنی ئەلئەفلاکی لە ڕەوتی ڕووداوەکان، لە بەرهەمەکانی پێشووی سپەهسالاردا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هاوڕایە، کە هەڕەشەیەکی توند لەسەر "شەمسودین"دا هەبووە، ئیتر هەڕەشەی کوشتنیشی هەبووە. لەم بارەیەوە ڕایەکانی لویس ناکۆکن، چونکە ئەلئەفلاکی لە سەربردەی ژیانی وەلیانەکەیدا لە یەک تاکە شوێنیش ناوی سپەهسالار، یان ناوی بەرهەمەکانی ئەو ناهێنێ. ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بێت، کە ئەلئەفلاکی و سپەهسالار نوێنەرایەتیی دوو ساختکردنەوەی جودای ژیانی مەولانایان دەکرد و ڕەنگە نوێنەرایەتیی دوو ڕەوتی جودای سەرەتایی تەریقەتی مەولەوی بووبن.

ئەگەر عەلائودین (شەمسودین)ی کوشتبێ، وا پێ دەچی ئەو هۆیانە بن،

کـە تۆڵەی چارەنووسی دڵتـەزێنی کیـمیـا و تۆڵەی لێدزینـی مـەیلـی باوکی لە بێگانەکە بکاتەوە. نامە پارێزراوەکانی مـەولانا شاهیدیی ئەوە دەدەن، کە پێش هاتنی شـەمسودین بۆ قۆنیا، پێوەندیی نێوان باوک و کوڕ گرژ بووە. زۆرجار مـەولانا داوای لـە عـەلائودین کـردووە، کە بۆ ناومـاڵ بگەڕێتـەوە، کـە ئەو لەبەر هـەر هـۆیـەک بـووبێت، لـە مـــــاڵ دەردەچـوو. مـــــەولانا لای دوو پـایـەداری سـەلجـووقـیـیش، خـەمی خـۆی لە دەرچوونی کوڕەکـەی دەربڕیبـوو. بەڵام هیچ شتێک لەبارەی ئەم ناکۆکییەوە نازانین.

ئاشکرایە قسە لەسەر شێوازی لەبابەت دەرچوون و بەوردی مامەڵەنەکردنی ئەلئەفلاکی لەگەڵ سـەرچاوەدا دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشـدا، ئەگەر لەگەڵ گێڕانەوەکەی ئەویشدا بین، ئەوا ئەو پرسـیـارە دەمێنێتەوە، کە سوڵتـان وەلە چۆن توانـی بەنهـێنی تـەرمی شـەمـسـودین بنێـژێ، بێ ئەوەی بە باوکی بڵێ. ئەگەر (شەمسودین)یش نـەکوژرابێت، ئەوا ئەو پرسـیـارە دەمێنێتەوە، بۆ قـەت نەگەڕایەوە بۆ قۆنیا، یان بەشێوەیەکی تر خۆی ئاشکرا نەکرد.

هەرچۆنێک بـووبێت، بە دیارنەمـانی شـەمـسـودین، مـەولانا دڵشکاو بوو و لە شـیـعـرەکـانیـدا ڕێز و خـۆشـەویسـتـی بۆ شـێـخـی تەبرێزی دەردەبڕێ. لە شیعرەکاندا، شومسودین وەک (قوتب)ی تەسـەووفی سـەردەم، یان کۆڵەکەی نێوان زەوی و ئاسمـان وێنا دەکا، کە جیهانی ڕوحی بەدەوریدا دەخـولێتـەوە. ئەو (قوتبی تەسـەووفی هەمـوو ئاشـقـانە)، پایەبەرزترین وەلی خـوا و جێگری غـەیبە. بیری جێگرەوەی غـەیبی خـودا، بابەتێکی ناوەندییـە لای مـەولانا. ئەو پێی وایە، جیـهـان بێ بـوونی (وەلی)یەکی زیندوو بوونی نابێت و (قـوتب)یش وەک مرۆڤێکی کامڵ وەسف دەکات، کە بەدەوری ئاسمانەکانەوە سەما دەکات. داوا لە مورید دەکات، قوتبی تەسـەووفی سەردەم، واتە شێخی بەرنەدا، چونکە کـرۆکی ڕێگەیە و سـوفـیـیـەکـیش کـە بـاوەڕی بە (قـوتب) نەبێت، بـە لە ئاینوەرگـەڕاوی دەزانێ. بەپێی مـەولانا، دنیـای ڕوحـی سـەرەتا بەدەوری مامۆستاکەیدا، (بورهانودین تیرمیزی)دا خولایەوە بەرلەوەی وردە وردە بێت و بەدەوری (شـەمسودین) و دوو موریددا، (سـەڵاحودین زەرکوب و حوسامـودین چەلەبی)دا بخـولێتـەوە. ئەم چەلەبییە بوو، سروشی دا بە مـەولانا، کە شیعرە

گەورەکەی، (مـەسنەوی مـەعنەوی) بلّێ. ئەو ئەدەبە دەوڵەمـەندەی سـەربردەی ژیانی وەلیان لەناو تەریقـەتی مەولەویدا، شاهێدیی ئەوەیش دەدەن، کە مەولانا خۆی لەلایەن موریدەکانییەوە، وەک (قوتب)ی سەردەم دەبینرا.

## فاتیمە خاتوون

بەپێی زۆر لێکۆڵەر، لەوانە گۆڵپینارلی، هەڵوێستـی مـەولانا لە ئازادیی ژن، لە هـی زانا ئیسلامییەکانی هاودەمیدا باشتر بوو. بەپێچەوانەی ئەو ئاییناس و سـۆفـیـیـانـەی، کـە ژنانیـان فـێـر نەدەکـردن، یان بەتایبـەت فـێـریان دەکـردن (بەشـێوەیەکی گـشـتی ژنە بەگزادەکـان) مـەولانا وانەی گـشـتیـی بۆ ژنان لە هـەمـوو چینێکی کۆمـەڵگەدا دەگوتـەوە. هانی دەدان لە قـوتابخـانە ئاینییـەکان گـەشـە بکەن و ڕێگـەیشـی پێ دان لـە بۆنەی (سـەمـاع)دا بەشـدار بن. بۆ ئەو ڕەگەزی مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی نەبوو بۆ گەیاندنی زانست، بگرە ئەوەی کە گـرینگ بوو، خـولیـا و خـەسـڵـەتی خـوێندکـار بوو. بەپێی سـەربـردەی ژیانی وەلیـانـی ئەلئـەفـلاکی، زۆر ژن ئـارەزوویەکی زۆریـان بۆ مـەولانا هـەبـووە. لەو ژنانەی کە بە وانەگوتنەوەی ئەو خرۆشان، تەنیا ژنە بەگزادەکان نەبوون، بگرە ژنی چینی کرێکار و چینی خـوارەوەی کۆمـەڵگەیش بوون. لە ڕاستـیدا دەکرێ وا بزانرێ، کـە لەبەر سـاکـاریی مـەولانـا، لای ژنانی چینی خـوارەوە، زۆرترین سۆزی هەبوو.

ژنێکی تر کـە ڕۆڵێکی گـرینـگی لە ژیانی مــەولانادا هـەبـوو، (فـاتیـمـە خاتوون)ی ژنی سـوڵتان وەلەد و کچی نێزیکترین موریدی مەولانا سـەلاحودین زەرکوب بوو (١٢٥٨ مـردووە). فاتیـمـە خـاتوون هـەر لە منداڵییـەوە بەهرەیەکی گەورەی ڕوحیی پێشان دا، بۆیە مـەولانا پەروەردە و فێرکردنی ئەوی بە خـۆی سپـارد. فێری خـوێندنەوە و نووسـینی کرد و وانەی (تەئویلی قـورئان)ی پێ دەگـوتـەوە. بایەخـێکی زۆری پێ دەدا و وا پێ دەچـێ بە یەکـێک لە باشـتـرین مـوریدەکانی خـۆی دادەنا. بەپێی ئەدەبناسـی فـارس سـەعید نافیسـی، فـاتیمـە خـاتوون تەنیـا لە زانسـتـەکـانی (تەئویل) زانـا نەبوو، بگرە لـە قـانوونـناسـی و

ئاینناسیش زانا بوو. ئەلئەفلاکی پایەبەرزی دەکات و بە (مریەمەکەی تر) و بە (ڕاستگۆ) ناوی دەبا. باسی ژیانی خەڵوەتگریی ئەو دەکات و ئەوەیش باس دەکات، کە ئەو ڕاهاتبوو خواردن بەسەر هەژاران دابەش بکات. بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو و شەوانیش خەریکی دوعا و نزا بوو. ژیانی ئەو وا بوو (کەمێک خواردن، کەمێک نووستن و کەمێکیش ئاخاوتن). ئەلئەفلاکی موعجیزە لە فاتیمە خاتوون دەگێڕێتەوە و ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو پێوەندی لەگەڵ غەیبدا هەبووە و توانای زەینخوێندنەوەی هەبووە. سپەهسالاریش وەک (وەلیی خوا لەسەر زەوی) ستایشی ئەو دەکات و ڕوحی بە (شیری پاکی بەهەشیت) دەچوێنێ. وا پێ دەچێ فاتیمە خاتوون لە تەمەنی گەورەساڵیدا، تا ئاستێکی زۆر ژنێکی سەربەخۆ بووە و لەسەر زۆر مەسەلەی جودادا دژی سوڵتان وەلەدی مێردی بووەتەوە. بۆ نموونە، ئەو دژی ئەوە بووە، سوڵتان وەلەد ڕەزامەندی دا، کە حوسامودین ببێ بە جێگرەوەی مەولانا و کە ئەو خۆی ئەو بەرپرسیاریەتییەی نەگرتووەتە ئەسۆی خۆیەوە.

مەولانا ئاگای لە (هەدییە)ی کچی بچووکی (سەلاحودین)یش بوو. ئەو بەگەنجی شووی بە خۆشنووسێک، بەناوی نیزامودین کرد. ئەو لە خێزانێکی سادەوە هاتبوو، بەڵام بە کۆمەکی مەولانا، توانی پێشینەیەکی باشی مارەیی بداتە ژنەکەی. دەڵێن مەولانا گوتوویەتی: (هەموو ژنێکی بێگانە، بێجگە لە فاتیمە خاتوون و هەدییە خاتوون، کە سەردانم دەکا، بە ڕووبەندەوە دێتە لام، فاتیمە خاتوون چاوی ڕاست و هەدییە خاتوون چاوی چەپی منە). مەولانا بەرپرسی پەروەردەکردنی ئەوان بوو، بەڵام بەتایبەت فاتیمە سوودی لە وانەی (تەئویل)ی ئەو دەبینی. بۆیە سەیر نەبوو، مەولانا فاتیمە خاتوونی لە کوڕە بەردڵەکەی خۆی، سوڵتان وەلەد مارە کرد، بۆ ئەوەی بەم شێوەیەیش پێوەندی لەگەڵ سەلاحودین بەهێز بکا. دوای ونبوونی شەمسودین، ئیتر مەولانا هاوڕێیەکی ڕوحیی نوێی لە (سەلاحودین)دا دۆزییەوە. هاوسەریەتی فاتیمە خاتوون و سوڵتان وەلەد، دیار بوو بە ئاسوودەیی مایەوە. لە یەکگرتنی ئەوانەوە، عارف چەلەبی و دوو کچ، عەبیدە و عاریفە لەدایک بوون، کە بۆ

شێخی گەورەی ڕوحانی پەروەردە کران. لە تەریقەتی مەولەیدا، ئەم دوو ژنە وەک وەلی سەیر دەکرێن و موعجیزەیان لێ دەگێڕنەوە. ئەلئەفلاکی جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە لە سەردەمی ئەودا، بەشی زۆر لە ژنانی ئەناتۆڵ موریدی ئەوان بوون. دوای مردنی فاتیمە خاتوون، سوڵتان وەلەد هەردوو خزمەتکارەکەی خۆی، نوسرەت خاتوون و سنبول خاتوونی خواست.

## گورجی خاتوون و فەخر ئەلنیساء

سوڵتان وەلەد، بەپێچەوانەی (عەلائودین)ی براگەورەیەوە، گوێڕایەڵی باوکی بوو و خۆی بۆ ڕێگەی ڕوحانی ئەو تەرخان کردبوو. دوای مردنی حوسامەدین چەلەبی لە ساڵی ١٢٨٤ دا، ئەو وەک دامەزرێنەری ڕاستەقینەی تەریقەتی مەولەوی دەرکەوت. ئەو بۆنەی (سەماع)ی لەگەڵ سەمای تەئەمولیی و بەرزخوێندنەوەی شیعرەکانی مەولەوی (مەثنەوی خوانی) ڕێک خست و چاودێریی ڕێکخراوە نوێیەکەی تەریقەتەی کرد. تەنانەت لەناو موریدەکانی سوڵتان وەلەدیشدا، زۆر ژن هەبوون، کە بەردەوام بوون، لەوەی کە ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان لە ژیانی ڕوحی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی تەریقەتەکەدا هەبێت. لەبارەی هەبوونی ئەوانەوە، مەزارگەی مەولانا شاهێدی دەدات، لەوێ چەندان ژن نێژراون. لەو ژنانەی، کە لە مەزارگەی مەولانادا نێژراون، گورجی خاتوون و سەلجووقی خاتوون هەن، کە ژن و کچی سوڵتانی سەلجووقی غیاسودین کەیخوسرەوی دووەم بوون.

گورجی خاتوون بەرەسەن جۆرجی بوو و لە بنەچەیشدا ناوی (تەمارا) بوو، کۆمەککار و پارێزەرێکی گرینگی تەریقەتی مەولەی بوو. کچی شاژنی جۆرجیایی ڕوسودان (١٢٤٧، مردووە) بوو و ژنە سوڵتان و دایکی دوو سوڵتانی سلجوقییش بوو. کە مێردی یەکەمی مرد، شووی بە والی موعینودین پەروانە کرد. لە مێردی یەکەمی کوڕێک و کچێکی هەبوو، کەیقوبادی دووەم و سەلجوقی خاتوون. کەیقوبادی دووەم لە نێوان ١٢٤٩ _ ١٢٥٧ بە سوڵتانی سوڵتاننشینی ڕۆم، لە ڕۆهەڵاتی ڕووباری کینزیل، دانرا. لەبەرئەوەی تەمەنی

بچووک بوو، دەستـەڵاتی ڕاستەقینە کەوتە دەست والی و ڕاویژکارەکان. دوای ئەوەی گورجی خـاتوون بەخـزمـەت مـەولانا گـەیشت، لە ئاین وەرگـەڕا و بوو بە ئیسـلام و بوو بە یەکێک لە دڵسۆزترین موریدەکانی مەولانا. مـەولانا لە یەکێک لە نامـە پارێزراوەکـانیـدا، ئەو بە (شـانازیی ژنان) ناودەبـا و بەرپرسـیـاریەتی ژنەکانی ناو تەریقەتی بە ئەو سپاردبوو.

ئەلئـەفـلاکی باس دەکـات کـە، گـورجـی خـاتوون لە شـەیدایـی مـەولانادا، دەسـووتـا و دەگـێـڕێتـەوە، کـە ڕۆژێک (پەرڤـانە)ی مـێـردی، داوەتنامـەیەکی بۆ هـات، کـە سـەردانی والیـی شـاری قـەیسـەری بکا. گـورجی خـاتوون، کـە نەیدەتوانی لە مـەولانا دابـڕێ، هونەرمەندی شـێوەکار (عـەین ئەلدەولە)ی بانگ کـرد، کە پۆرترێتێکی شـێخ بکێشـێ، تا بتـوانێ لە سـەفـەرەکـەیدا لەگـەڵ خـۆی بیـبـات. عـەین ئەلدەولە، بەداواکـەی ئـەوەوە چووە لای مـەولانا و مـەولانا وا وەڵامی دابووەوە، کە کـێشـانی پۆرترێتی ئەو شـاکـارێک دەبێ، ئەگـەر بتـوانێ بیکێـشـێ. هونەرمـەندەکە فلـچـەکـانی بەدەسـتـەوە گرتن و هـەرجـارێک چاوی لەسـەر قـومـاشـەکە هەڵدەگرت، دەیبـینی شـێوەی ڕووی مـەولانا گـۆڕاوە. لە ئاکـامـدا، دوای ئەوەی بیـست قـومـاشی بەکار هێنـا، کە هیـچـیـان لە یـەکدی نەدەچوون، لە بێهیـواییاندا فلچەکانی شکاندن و وازی لە وێنـەکێشـان هێنا. بەڵام مەولانا بەم بەیتە دڵی دایەوە.

> تۆ داوام لێ دەکەی نهێنیی خۆم پێشان بدەم
> ئاخ، فەزا لە کوێیە و من لە کوێم؟
> چۆن ڕۆح ئاسوودە دەبێ
> کە زەریاکان لەناوەوەم دەخنکێن؟

گـورجی خـاتوون بۆ وێنەکـان سـوپاسـی عـەین ئەلدەولـەی کـرد و لـەناو سـەندووقێکی دانان. هـەر کاتێک ئارەزووی هـەبووایە مـەولانا ببینێ، تەمـاشـای قـومـاشـەکانی دەکرد و ئەوسا مـەولانا خـۆی پێ پێشـان دەدا. کـە مـەولانا لە ژیان دەرچوو، گـورجـی خـاتوون خـەرجـیی Türbe Yechil ئەو مـەزارگـە نایابە سـەوزەی لـە قـۆنیـا بەسـەر گـۆڕی ئـەودا هـەڵچنراوە، دا. ئەو وەک ڕاوێژکـار لە

بواری جودادا، ڕۆڵێکی گرینگی لەناو تەریقەتدا هەبوو، کچەکەیتریشی (عەین ئەلحەیات) دەرویش بوو. گورجی خاتوون بەیەکەوە لەگەڵ مەولانا و فاتیمە خاتوون، کۆبوونەوەی تایبەتی (سەماع)یان بۆ ژنان ساز دەکرد. ژنێک کە بەشداریی ئەم کۆبوونەوانەی دەکرد، (گومەژ خاتوون)ی خانەدان بوو، ژنی فەرماندەی سوپای قۆنیا، ئەمینودین میکائیل بوو. ئێوارەی هەموو پێنجشەمەیەک، کە لە سۆفیزمدا گرینگییەکی تایبەتی ڕوحی هەیە، ژنانی قۆنیا بۆ زیکر و سەماکردن لە ماڵی ئەو کۆ دەبوونەوە. گومژی خاتوون گوڵ و یاسەمینی بەسەر مەولانادا دەپرژاند و یەکەم کەسیش دەبوو، لە دوای مەولانا دەچووە ناو حەلقەی سەماوە. کچی کۆیلە گۆرانییان دەگوت و نەی و تەمبووریان دەژەنی. ئەلئەفلاکی وەسف دەکات، چۆن ئەو ژەنانە دەگەیشتنە سەرکڵی چێژی ئاینییەوە.

گەورەمان [مەولانا] دەستی بە سەما دەکرد و ژنەکانیش دەکەوتنە ناو دۆخێکی واوە، کە نەدەتوانرا سەریان لە پێیان، یان لەچکیان لە گۆرەوییان جودا بکرێتەوە. مرواری و خشڵی بەردەتراویلکەیان دەخستە ناو پێڵاوەکانییەوە، بەو هیوایەی بەم نیشانەیەی نیازپاکیی ئەوان ڕازی ببێت. بەڵام ئەو سەرنجی لەم گرانبەهایانە نەدەدا و تەنانەت تەماشای ئەولایشی نەدەکرد. لە بریدا بە دەنگی بڵند لەگەڵ ئەوان نوێژی بەیانی دەکرد. قەت پێشەوای وا و قەت مەجلیسی وایش نەبووە، بێجگە لە سەردەمی گەورەی پەیامبەران [پەیامبەر مەحەمەد] سڵاوی خوای لێ بێت. ژنانی عەرەبستان دەهاتنە لای ئەو و لەبارەی حیکمەتی ناوەوەی قانوونە پیرۆزەکەوە، داوای زانیارییان لێ دەکرد.

لە نامە پارێزراوەکانی مەولاناوە، زانیاریمان لەسەر ژنی تریش هەیە، کە وانە ڕوحییەکانی ئەو سەرنجیانی ڕاکێشاوە. نامەیەک بۆ ژنێکی نەناسراو نووسراوە، کە لە قۆنیا خانەقایەکی سۆفیانی بۆ ژنان کردبووەوە و وەک شێخ سەرپەرشتیی دەکرد. مەولانا هەواڵی تەندروستیی ژنەکە دەپرسێ و هیوادارە بەزووترین کاک تەندروستی باش ببێتەوە. لە نامەیەکدا مەولانا باسی کچێکی

گەنجیش دەکات، کە لە مەیخانە بەدناوەکەی (کاروانسەری زی)دا، سەماکەر بوو. ئەو کچە بۆ ڕێگەی ڕوحی هەڵگەڕێنرایەوە و مەولانای وەک ڕێپێشاندەر دۆزییەوە. ژنێکی تر، کە پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ مەولانادا هەبوو، (فەخر ئەلنیساء) بوو. ناوی کە بە مانای (شانازیی ژنان) دێت، وا پێ دەچێ توانایەکی گەورەی ڕوحی هەبوبێت، چونکە دەڵێن خەڵکی شار وەک (وەلی)یەک ڕێزیان لێ ناوە. ئەو بەشداری لە بۆنە ئاینییەکانیش دەکرد، کە لە ماڵی مەولانا دەکران و بۆ ناکۆکیی ناوماڵیش، پەنای بۆ مەولانا دەبرد.

ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە شەوێک دوای ئەوەی هەموو مێوانەکان ڕۆیشتن، ئەو لای مەولانا مایەوە، بۆ ئەوەی ڕێنوێنیی بکا. هاوڕێکانی ڕێنوێنییان کردبوو حەج بکا و بچێتە مەکە و داوای لە مەولانا کرد ڕێنمایی بکات. ئەو وەڵامی دابووەوە، کە سەفەرێکی سەرکەوتوو دەبێت و بە خێر و بەرەکەتە. پاشان مەولانا چووبووە سەربان، بۆ ئەوەی وەک کە ڕاهاتبوو شەوبێداریی و زیکر و نزا بکا. لە کاتی زیکرێکی قووڵدا، کەوتە سەرکڵی چێژ و بانگی (فەخر ئەلنیساء)ی کرد. ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە ئەو چۆن لە ئاسمان (کعبە)یەکی بینی بەسەر سەری مەولاناوە دەخولایەوە. لە ترسان بوورایەوە، بەڵام کاتێک بەئاگا هاتەوە، ئەم ڕووداوەی وەک ئاماژەی ئەوە لێکدایەوە، کە پێویست ناکات بچێتە حەج. دوای مردنی (فەخر ئەلنیساء)، دوا ئارامگەی بوو بە مەزارگەیەکی سەردانکردن و هەر لە سەردەمی (ئەلئەفلاکی)یەوە، ژن بۆ نوێژ و نزاکردن ئێوارەی پێنجشەمان لەسەر مەزارگەی ئەو کۆ دەبوونەوە.

یەکێکی تر لە ژنە وەلییەکانی ئەو سەردەمی قۆنیا، کە ئەلئەفلاکی ناوی دەهێنێ، (نیزام خاتوون)ە. ئەو لەو کەسانەی نێزیکی (فەخر ئەلنیساء) بوو و موریدی مەولانایش بوو. پاشخانێکی زۆر سادەی هەبوو و ژیانێکی خەڵوەتگریی سەخت دەژیا. تاکە شتێک کە هەیبوو، پارچە قوماشێکی بوسرەیی بوو، کە خۆی پێ دەپێچایەوە. لەبەرئەوەی توانای دارایی نەبوو مێوانداریی شێخ بکا و (سەماع)ی بۆ ڕێک بخات، بیری لە فرۆشتنی پارچە قوماشەکەی کردەوە. بەڵام مەولانا بەمەی زانی و چووە ماڵیان. مەولانا پێی

گوت: (تۆ لەم جیهانەدا فرەهەژاریت، بەڵام قوماشەکەت مەفرۆشە. من بۆ "سەماع"ی تۆ دێم!). دوای ئەمە سێ ڕۆژ لە ماڵی ئەودا، گربوونەوەی روحی کرا.

## کۆتایی

وەک کە لەم بەشەدا ڕوون کرایەوە، ژن و وەلیی ژن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تەسەووفی ئیسلامیدا هەیە. بە سیفەتی دایک، ژن و کچ، بەڵام ڕەنگە بەر لە هەموو شتێک، ژن وەک تاکەکەس شوێنێکی گرینگی لە ژیانی (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی)دا هەبووە. (موئمینە خاتوون)ی دایکی بە باوەڕداریی و ئاکاری باش ناسرابوو و لەناو تەریقەتی مەولەیدا، بە (دایکی سوڵتان) ناوی دەهێنن و ڕێزی لێ دەنێن. ئەو بەرپرسی پەروەردەکردن و فێرکردنی مەولانا بوو لە هونەرە جوانەکاندا _ شیعر، مۆسیقا و شێوەکاریی. گۆڕەکەی لە (کارامان)، هەتا ئەمڕۆیش مەزارگەیە و دەروێشەکانی تەریقەتەکە سەردانی دەکەن. هاوسەرێتیی کورتی مەولانا لەگەڵ (گەوهەر خاتوون)ی کچی شازادە شەرەف لالەی سەمەرقەندی، ساز کرابوو، کە ئەو سەردەم وا باو بووە. گەوهەر خاتوون مەولانای بە سەما ئاشنا کرد و دوو کوڕی بۆ زاند. بەڵام ژنی دووەمی مەولانا، کیرە خاتوون، نۆزدە ساڵ دوای مەولانا ژیا. بەپێی ئەدەبی سەربردەی ژیانی وەلیان، بەخۆشەویستی بوون بە هاوسەر. کیرە خاتوون بە جوانییەکەی بەناوبانگ بوو و لە هەموو حاڵەتێکیشدا، هەر لەگەڵ مەولانا بووە، تەنانەت لە سەردەمی بەیەکگەیشتنی خرۆشاویشیدا لەگەڵ شەمسودینی تەبریزی.

بەپێچەوانەی باوکییەوە، مەولانا پێڕەوی فرەژنیی نەدەکرد و کە دەبوو بە بێوەمیرد، ئەوسا ژنی دەهێنایەوە. وا دیار بوو، ئەو تێگەیشتنێکی کراوەتری لەسەر پێوەندی نێوان ژن و پیاودا هەبووبێت و دژی ئەو لێکجوداکردنەوەیە بوو، کە ئەو سەردەم لە بواری خوێندنی ئیسلامیدا هەبوو. ئەمە لە فێرکردنی ژنان، کە (فاتیمە خاتوون)ی بووکی لە سەرەتای تەریقەتی مەولەویدا ڕۆڵێکی

بەرچاوی هەبوو، هەروەها لە کار و کردەوە ئاینییەکانیدا، بەرچاو دەکەوێ. ئەلئەفلاکی بەشی زۆری بەرهەمە سەربردەییەکەی وەلیانی (مناقب العارفین) بە گێڕانەوەی فاتیمە ئامادە دەکات. ئەو وا دەردەکەوێ، کە تا ئاستێک ژنێکی سەربەخۆ بووە، کە ڕاشکاو و بە ئاشکرا ڕای خۆی گوتووە، تەنانەت ئەگەر دژی مێردەکەیشی، سوڵتان وەلەد بوبێت. لەناو موریدەکانی مەولانادا، ژنی بێ سەروماڵ، چینی کرێکار و ئەریستۆکراتیی هەبوون. یەکێک لە ژنە ئەریستۆکراتەکان (گورجی خاتوون)ی سوڵتانزادە بوو، کە بۆ ژنان لە ماڵی خۆی گردبوونەوەی (سەماع)ی بە مۆسیقا و سەماوە ڕێک دەخست. مەولانایش لەم کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبوو، نوێژی لەگەڵ دەکردن و بە سەماکردنی دەهێنان. گورجی خاتوون بەرپرسی ژنەکانی تەریقەت بوو و دوای مردنی مەولانایش لەسەر خەرجیی خۆی، ئەو مەزارگە نایابەی، کە بەسەر گۆڕی مەولانادا هەڵچنراوە، دروست کرد. یەکێکی تر لە موردیە ژنەکانی مەولانا (فەخر النیساء) بوو، کە خەڵکی قۆنیا وەک وەلییەک ڕێزی لێ دەنێن.

لە ماتریالی نووسراوی مێژووییەوە، ئەوە دەزانین، کە ژن لە تەریقەتی مەولەویدا، هەتا کۆتاییی سەدەی پازدە پایەیەکی دیاری هەبوو. تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ تەریقەتی تردا، ژن لەو تەریقەتەی ئەناتۆڵ، تا ئاستێک ڕۆڵێکی سەربەخۆی هەبوو. ئەوان وەک خەلیفە و تەنانەت لە شاری قۆنیا و توقات، وەک (شێخ)یش هەبوون. لەو ژنانەی کە سەرچاوەکان ناوی دەهێنن، "خوشلاقە قونوی" هەیە، کە لە سەدەی چواردەدا لە توقات خەلیفەی تەریقەت بوو. لە سەرەتای تەریقەتی مەولەویدا، ژن ڕۆڵێکی گرینگیشیان لە گەیاندنی زانیاری لەبارەی سەربردەی وەلیانەوە هەبووە. بۆ نموونە، گێڕانەوەی فاتیمە خاتوون، بناخەی ئەو زانیارییەی ئێمەیە لەبارەی دۆخی سەیر ونبوونی (شەمسودین)ەوە. سەرەڕای پایەی گرینگی ژنان، ئەدەبی یادەوەری زۆر پچڕپچڕە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی گشتگیر چارەنووسی ژیانیان بنووسینەوە.

ئەم کەموکورییەی زانیاری لە سەردەمی نوێدا، قەرەبوو کراوەتەوە، بەوەی کە ژنی سۆفی ئەزموونی عیرفانی و تێگەیشتنی خۆیان دەنووسنەوە. لەوانەی کە وا دەکەن "ئێسین چەلەبی بایرو"ە (١٩٤٩ لە دایک بووە)، کە تاکە منداڵی منداڵی مەولانایە لە بیستودووەمین نەوەوە و سەرۆکخێزانی ئێستای مەولانایە. ئەم ژنە ڕۆڵێکی گرینگی لە سەرپەرشتکردنی میراتی مەولانادا هەیە لە توریا و کاریش بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی دابونەریتی مەولەوی لە ڕۆژئاوادا دەکات. ژنێکی تری بەرچاو لە تەریقەتدا (کەمیللە هێلمینسکی)ی ئەمەریکاییە، کە ساڵانی١٩٧٠ لەسەر دەستی شێخی سۆفی (سولەیمان حەیاتی)ی تورکدا بوو بە سۆفی. ئەو بەیەکەوە لەگەڵ مێردەکەیدا (کابیر هێلمینسکی) Society Threshold بیان دامەزراند، کە دامەزراوەیەکی فێرکاریی سۆفییە و بە تەریقەتی مەولەوییەوە گرێ دراوە. لە ئەمەریکا، وەک لە تورکیایش، چەند ڕەوتێکی تەریقەتەکە هەیە، لەوانە لقی (حەسەن دێدی) لە (گەلاتا)، لەوێ ژن بەشداریی بۆنەی (سەماع) دەکەن. هەتا ئەمڕۆیش لە ڕۆهەڵات و ڕۆژئاوادا، ژن میراتی مەولانا بەپێی پەروەردەی ئاینی و نەریتی ئەوەوە، بەکار دەهێنێ.

## [1]"عەرەبێکم بە ئەشقێکی زۆرەوە جوانی بەڕووبەندم خۆش دەوێ"

### گوننار ئێکێلۆف و خەونی ڕۆهەڵات

پرۆفیسۆر ئەندێرس ئولسۆن

لەبن ناوونیشانی ئەم سیمینارەدا گوتراوە "گوننار ئێکێلۆف و خەونی ڕۆهەڵات". دەمەوێ هەر لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم، کە لێرەدا، من هەوڵی ئەوە نادەم ڕوانگەیەک لەسەر پێوەندیی هەمەلایەنی ئێکێلۆف بە ڕۆهەڵاتەوە بدەم. ئەمە زۆر دەبات و لە توانای منیشدا نییە. گوننار ئێکێلۆف بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سنوورەکانی کولتوور و زمانانی دەبەزاند، بەڵام سنووری باوەڕی ئاینیشی دەبەزاند: موتیڤی قوولی بودی، تاوی و سۆفی لە شیعرەکانیدا هەن، کە زۆر ئاسان نین بەیەکەوە گرێ بدرێن.

لێرەدا زێتر باس لە ڕێگەی ئێکێلۆف بۆ ڕۆهەڵات دەکرێت و کە چەند زۆریش گرینگ بوو بۆ شیعری ئەو، بەتایبەتی بۆ "سیانەی دیوان". لێرەدا من لە ئاسەوارێکی ئەدەبییەوە دەست پێ دەکەم، کە ئەو زوو دۆزییەوە، کە بە ڕای من یەکلاکەرەوە و زۆر گرینگە بۆ شاعیرەڕێی ئەو.

کە دوکتۆرانامەکەمم (نا-ی ئێکێلۆف، Ekelöfs nej) دەنووسی، لەناو یەکێک لەو هەموو دەفتەرە ڕەشانەی تێبینیدا، کە هیی ئێکێلۆفن و لە Carolina Rediviva Uppsala پارێزراون، ئەم دێرە شیعرەم بەرچاو کەوت: "عەرەبێکم بە ئەشقێکی زۆرەوە جوانی بە ڕووبەندم خۆش دەوێ". کە یەکەم جار ئەم دێرەم خوێندەوە، شڵەژام. بۆ ئێکێلۆف بە خۆی دەڵێت عەرەب؟ ئەوە چۆن ئێکێلۆف ئاوها تەواو ڕەگەزی لە سوێدییەوە دەگۆڕێت بۆ عەرەب؟ هەر بە ڕاست گوننار ئێکێلۆف، ئەوی کە ئێمە بە خۆشییەوە دەمانەوێ وەکو ڕەنگە

گەورەترین شاعیری سویدیزمانی خۆمان ببینین، چەند ''سویدی''یە؟ دێرەکە، کــە بـە قــەڵـەمـی ڕەش نووســـراوە، ئاشـکرایـە هـیـی ڕەشـنـووسـی یـەکـــەمـی ''شـــیـــعـــرەکـــانـی دیوان''ی ئـێکێلۆفــە، کــە ســاڵـی ١٩٦٥ نووســـران. لەم ڕەشنووسـانەدا، زۆر جـار ئێکێلۆف خـۆی بە ئاشکرا بـوونی هـەیە، بـەبێ ئەو میرەی کە پاشان لێی دەگەڕی لە کۆمەڵە شیعری دیواندا بدوێت.

دێرەکە لە شـیـعرێکدا هاتووە، کە دەکـرێت بە ئاسـانی بگەڕێنـرێتـەوە سـەر سـەفـەری ئێکێلۆف بۆ ئەسـتـەمـبۆڵ لە بەهـاری سـاڵی ١٩٦٥دا. شـیـعـرەکـە وا دەست پێ دەکات:

''پاکیزە لە پشت ئاسنبەندێک
لە بن ڕووبەندێک
لە ڤلاچێرن
ڕوخسارتم نەبینیوە
بەلام چاوەکانت
عەرەبێکم بە ئەشقێکی زۆرەوە جوانی بە ڕووبەندم خۆش دەوێ ''.

واتە مـەسـەلـەکە ڕەشنووسـێکی زیکرە بۆ پاکیـزە لە بەشـی یـەکـەمـی ''دیوان لەسـەر میر ئێمگیوون''دا، ئەو کۆمەڵە شیعرەی کە لە ساڵی ١٩٦٥دا چاپ کرا. بەلام ڕێک ئەم دێرانە بلاو نەکرانەوە، ڕەنگە لەبـەرئەوەی میـرەکە خۆی عـەرەب نەبوو، بەڵکە بـەگـوێرەی کـۆمـێنتـارەکـانی ئێکێلۆف لـە کـۆتاییـی کـۆمـەڵە شیـعرەکەدا، کوردێکی باکوری ئێران بوو. وا پێ دەچێت ئێکێلۆف لە ڕەگەزی خـوددا دوودڵ بوویـێت و ئەمـەیش لەگـەڵ ئەوەدا یەک دەگـرێتـەوە، کـە چۆن ئەو نەک هـەر تـەنیـا سـنووری کـات و شـوێنی دەبـەزاند، بەڵکە سنووری شـوناس خـۆیشی و قـسـەکـەریشی دەبەزاند. ئەم دەربڕینە و گـەمـەی ئێکێلۆف لەگـەڵ شوناسێکی نامۆدا مانایان چییە؟

نووسـەر تایبـەتن بەوەی کە ژیانی تر دروست بکـەن، بچنە ناو ناخی کـەسـی ناسراوە، یان کەسـی خەیاڵکردەوە و بێنە دەرەوە. بەلام بێگومان ئەمە جیاوازە

لەوەی کە کەسی خەیاڵکردەی جودا دروست بکەیت و یەکێکیان بکەیت بە ئەلتەر ئێگۆ "alter ego خودێکی تر، یان منێکی تر"، بۆ نموونە، میر ئێمگیوون لە شیعرەکانی دیواندا. تا ئێستا هیچ کەسێک گومانی لەوە نەبووە، کە لەم شیعرانەدا ئاوازی ئێکێلۆفیشە گوێمان لێی دەبێت. گەمەی تێدایە لەگەڵ تەمەن، باری خزمایەتی و بابەتی بیۆگرافیی، کە لە ڕەشنووسی یەکەمدا زێتر بوونیان هەیە. لە نامەیەکدا کە مێژووی ١/ ٤/ ١٩٦٥ی لەسەرە و لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ ئولوف و مارتینە لاگێرکرانتز نووسیویەتی، ڕەشنووسێکی ئەو شیعرە بەناوبانگەی تێدایە، کە ناوی "ئەیاسمە"یە و ژمارە بیست و چوارە لە دیواندا. لە دیوانە چاپکراوەکەدا، ئەوە میرەکەیە، کە خۆی لە ئاودا ئاوێنا دەکاتەوە، بەڵام زۆر کەس شێوەی شاعیر خۆیان تێدا ناسیوەتەوە.

لە ئاوە مەندەکەدا،
خۆم، ڕۆحم ئاوێنا کردەوە:
گەلێ لۆچ،
سەرەتای ملێکی چرچ
دوو چاوی تەڵخ /.../

لە ڕەشنووسەکەدا ئێکێلۆف باسی خۆی دەکات: "وا خۆم لە ئاوەکەدا دەبینم/ گوننار ئێکێلۆف...". لای ئێکێلۆف، ئەم خۆناسینەوەیە درەنگە لە ڕۆلی کەسێکی نامۆدا، پرسیاری گرینگ دەوروژێنێت، نەک هەر لەبەرئەوەی، کە ئەو وەکو شاعیر زۆر وریایە لەو شتانەی کە خۆیین. ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی لە "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون"دا ئەم ڕۆڵە خەیاڵکردە شیعرییە دەربخات، دەبینین کە چۆن ئەم خۆناسینەوەیە لە نووسەرایەتی ئەودا وەکو ئاخافتن بە دەنگی خەڵکی تر دەردەکەوێت. هاوکات وا پێ دەچێت کە خۆپەسندترین شاعیرمان، ئەو کەسەیە کە زێتر لە هەموو شاعیرەکانی ترمان، ئاسەواری خۆی دەبڕێت و کەسی تر ئاوازی ئەو دەڵێنەوە. چۆن ئەم

پارادۆکسە شی بکەینەوە؟

دەتوانرێت باسی نەبوونی پێوەندیی کۆمەڵایەتی لای ئێکێلۆفی لاو بکرێت. ئەو وەکو تاقانە، زوو بێ باوک بوو و بە پێوەندییەکی ساردوسڕی بێ سۆز لەگەڵ دایکیدا، کەسی نەبوو پێشەنگی بێت لە گەشەیەکی هارمۆنی بۆ چوونە ناو تەمەنی گەورەییەوە. ڕەنگە ئەمە ڕوونکردنەوەیەک بێت لەوەی کە ئەو دەبوو وا گەرموگوڕ بە دوای پێشەنگدا بگەڕێت، لای ئەویش ئەم گەڕانە لە دەرەوە، لە شوێنێکی تر و کولتوورێکی تردا دەبێت. هەموو شاعیرێک پێویستی بە پێشەنگ هەیە کە سروشی پێ بدا، بەڵام لە حاڵەتی ئێکێلۆفدا، ئەم پێویستییە زۆر پێوەستە بە ڕێگەیەکی دەرچوون لە خۆدا. لە ڕۆهەڵات و کەسیتردا بۆ خۆی دەگەڕێت، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکەکانی لە دوای خۆیدا جێ بهێڵێت. ناوبژیکار ڕێگەی لە خۆ چوونە دەرەوەی بەرەو پاکیزەیی لە شیعردا لە دایکبووی خۆی، پێشان دەدا.

گوننار ئێکێلۆف حەزی لە گوتەی "کاریگەری" نەدەکرد، بەڵام باوەڕی بە "خۆناسینەوە" هەبوو. زۆر جاریش باسی کردووە، کە نەبوونی هۆیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ داهێنان، وەک ئەوەی نەکرابێت چارەسەری نەبوونی کرابێت. تەنانەت لای ئێکێلۆف وایە، ئەو باوەڕی بە شتێکە ڕێک لەبەرئەوەی خۆی بێ بەشە لە شتەکە. بێ بەشی دەبێتە باوەڕ، بە تەواو خۆناسینەوە، یان ڕازیبوونێک لە ئەوانەی ئێمە لێیان بێ بەشین، بۆشایی، یان لە عەدەم. ڕەنگە لەبەر ئەمە بووبێت ئێکێلۆف وا توند کاردانەوەی هەبوو، دەمێ ئاماژە بە وابەستەیی ئەو بە ئێلیۆت، یان بە ڕامبۆوە کرا. هەستی بە زۆر نزیکبوونی ڕێنیشاندەرەکەی کردووە و دەبێ بەرگری لە خۆی بکات.

خۆ لەم حاڵەتەی کە لێرەدا بە لای منەوە سەرنجڕاکێشە و ڕەوتێکی شیعری دەداتە خەونی ڕۆهەڵات، ئێکێلۆف وای نەکردووە. حاڵەتەکە لەمەڕ شاعیری عەرەب و سۆفیی سەدەکانی ناوەڕاست "ئیبن عەرەبی"یەوەیە.

لای ئێکێلۆف خۆناسینەوەکە لەگەڵ دەنگێکی لە کات و شوێن لە ئارانەبوودا بەر لە نووسینی شیعرەکانی دیوانیش مێتودێکی شیعریی بوو، کە

تێــیــدا بوو بـە پێــشــەنگ. ڕەنگە غــەریزەی ئـەمــە بووبێت، کــە بـە ســەر مـردووەکانیـشـدا هەڵبدا، کە (ئەوی زوو بێ باوک بوو) هەسـتی پێ کردبوو و داهێنەری ئەم هـونەرەیش بوو. لە شـیعری "ئێلێگییـەکی مـۆلنە" En Mölna-elegi و شیعرەکانی دیوانیشدا، مەسەلە ئەوەیە کە دەنگ بدا بە سێبەرەکان. هەمووماـن ئەو دێرانەی ئێلێگییەکە " Elegi شیعری سەردولکەیی" دەناسین، کە دەڵێ:

"ئاوها لە قووڵاییی بەرسکمدا
هەست بەم مردووانە دەکەم:/
ئەو هەوایەی هەڵی دەمژم، لە مردووەکان گیر دەبێ،
ئەو تێنوێتییەی دەیخۆمەوە، تێکەڵی مردووان بووە،
ئەوان برسێتی و بژێوی منن:/
من ژیانی ئەوان دەمرم، ئەوان مردنی من دەژین."

سەرنجی ئەوە بدە، لێرەدا ئێکێلۆف چۆن باسی ئەوە دەکات کە بەڕاستی خودی تێنوێتی بخواتەوە و برسێتیش بخوات و لەدەستدانیش مسۆگەرە.

ئێکێلۆف توانایەکی سەیری هەیە کە بخزێتە ناو دەنگی ئەویتر و بیکات بە دەنگی خـۆی. بیـر بـکەوە چۆن "خـودی شـیـعر"ی ئێکێلۆف بێ بەرگـریکردن گوتەی هێنری میچاوکس Henri Michauxی شاعیری بەلجیکی وەردەگرێت، "لە وڵاتێکی دوورەوە بۆتان دەنووسم". و ئێکێلۆف لە سەرەتای شیعرێکی زۆر ناسراوی خـۆیدا بە ناوی Opus incertunدا بەکار هێناوە. ئێکێلۆف لەم دێرە شیعرەدا شتێکی تەواو جیاواز لەوەی میچاوکس دروست کردووە، لەگەڵ ئەوەیشدا نزیکەی دەقاودەق هەمان دەربڕینە، تەنیا بکەرێک گۆڕاوە. ئێکێلۆف نووسیـویەتی: "لە وڵاتێکی دوورەوە بۆت دەنووسم". ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە، شیعرەکە لەبارەی ڕوانگە گۆڕینێکە، کە دەستی بەسەر زمانیشدا گرتووە. نووسین گـۆڕینی خـاکـە، قسـەکردنە لەوبەرەوە. کـرۆکی لەسـەرخـۆ هاتووی دەنگ، کـە لەم شـیـعرەدا فـۆڕمی باوەڕپێکراوی نامـەکەی پێیـە، کـە

بەرانبەر بە مەودای زۆر دوورەوە دەکرێت. ڕێک ئەمە بۆ من خەسڵەتی ناسینەوەی شیعری ئێکێلۆفە، متمانە هەبوون لەوەی کە وشەکان دەگەنە جێگە. پێویست ناکات خۆیان دەربخەن، دەتوانن منگە منگ بکەن، بە دەستکوتان بڕۆن، کاتی خۆیان بەکار بهێنن. چرپەچرپی نێوان درزی شوورەن، وشەن کە مەودای کات و شوێن دەبڕن و دەبن بە فۆڕمێکی پێوەندی.

دەگوترێت، ئەزموونی گرینگ و یەکلاکەرەوەی نووسەرایەتیی ئێکێلۆف لە ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٠ لە پاریس گەشەی کردووە، ئەودەمەی ڕەشنووسە سەرەتاییەکانی یەکەمین دیوانی "درەنگانێک لەسەر زەوی" و شیعری "شەوێک لە ئاسۆدا"ی نووسیوە. بەڵام بەر لەمەیش، خەونی هیندستان و شیعری ڕۆهەڵاتی وەکو ڕێگەچارەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەورووپا و مەسیحایەتی بێزەوەر، گەشەی کردبوو. سەرەتا خەون بە "ئەوی دیکە"ی ڕادیکالەوە هات و پاشان مودێرنیزم هاتووە.

با بە کورتی ئاماژە بەم ئارەزووە زووەی ئێکێلۆف بدەم. زۆر کەس لەگەڵ مندا، لە سەربەخۆیی ئێکێلۆف لە گەڕانیدا بەدوای ڕۆژهەڵاتدا حەپەساوە. کە شاعیرانی تر دوای بیرمەندی سەدەی ١٨٠٠ دەکەوتن، بەدوای شوپێنهاوەرێک Schopenhauer، یان بەدوای نیتچەیەک Nietzsche دەکەوتن، بۆ ئەوی خۆیان لە عەقڵ و دوالیزمی ڕۆئاوا ڕزگار بکەن. ئێکێلۆف بەسەر ڕێگەیەکی تردا، ڕێگەیەکی زۆر سەختتری گرتەبەر. ئەو باسی کردووە کە چۆن سەرەتا لە ئەفسانە و حیکایەتدا خولیای هیند و کۆنترین فۆڕمی بودیزم و پاشانیش شیعری تەسەووفی فارسی و عەرەبی بووە. هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٢٥ وە لە شاری سەر بەندەر، دیپ Dieppe لە فەڕەنسادا، کە هێشتا ١٨ ساڵی پڕ نەکردبوو، نووسیویەتی، کە چۆن پلانی داناوە، کە "دیوانێکی گەورە،-کۆمەڵە شیعر- بێگومان لە شێوازی ڕۆهەڵاتی، کە هاوکات ئاینێکی نوێ لە خۆ دەگرێت" بنووسێت. چل ساڵی ڕێک پێش ئەوەی "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون" ی خۆی بنوسێت، ئەمەی نووسی. ناوی "دیوان"، کە بە فارسی و عەرەبی بە مانای کۆمەڵە شیعر دێت، ڕیک ئاماژە بۆ شیعری

سۆفیانە دەکات، کە خۆیشی لەم دەربڕینەدا دەردەخات، کە من لێیەوە دەستم پێ کردووە "عەرەبێکم بە ئەشقێکی زۆرەوە جوانی بە ڕووبەندم خۆش دەوێ".

لە نامەیەکی تردا لە هاوینی ١٩٢٥، کە ئەم جارەیان بۆ دایکی نووسیوە، بە دەنگێکی بەهرەمەندانەی پڕ لە ڕاز و شانازەوە، کۆتاییی دێنێت و دەنووسێت: "هەستن حوشترەکانی تاسەم! کات بۆ سەفەری شەومان نزیک دەبێتەوە هەتا ڕووناک دەبت – ڕێگە دوور دەبێت و سەختە لە تاریکایی ڕێ دەربکەین–"

لە ڕاستیدا هەر دوو دەربڕینەکە، نامەکەی کە ساڵی ١٩٢٥ بۆ دایکی نووسی و ڕەشنووسی ئەم دواییەی کە ساڵی ١٩٦٥ نووسیبووی، ئاماژە بە هەمان ئەستێرەی ئاسمانی ئێکێلۆف دەکەن، ئەویش "ئیبن عەرەبی"ە.

"هەستن حوشترەکانی تاسەم!" بۆ بەیتی XXIIIی تەرجوومان ئەلئەشواق دەگەڕێتەوە، کە دەڵێ:

My desire is my troop of camelsì

ئەودەمەی دوکتۆرانامەکەم (نا–ی ئێکێلۆف) دەنووسی، هەستم کرد ئەم پێوەندییە چەند گرینگە. بەڵام بەم شێوەیە گرینگ و گەورەم نەبینی و ئاسەواری ئەم دەربڕینەیشم هەڵنەگرتبوو. یاداشتەکەیش لە دوا دوو کۆپلەی بەیتی XXV تەرجوومان ئەلئەشواقەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە و لە وەرگێڕانەکەی نیکڵسۆن Nicholsonدا وا داڕشتراوە:

"Do not wonder, do not wonder, do not wonder at an Arab passionately fond of coy beauties, Who, whenever a turtle-dove moans, is thrilled by the remembrance of his beloved and passes away".

وەک کە گوێمان لییەتی و دەبینین، وشەکانی ئێکێلۆف ڕاستەوخۆ لە an Arab passionately fond of coy beauties وەرگیراوە. دیسان جیاوازییەکە خۆناسینەوەیە، گوتن بە فۆڕمی من: "عەرەبێکم ...". ئێکێلۆف "دیوان"ەکەی بە وشەوەرگرتن لە "ئیبن عەرەبی"ەوە دروست دەکات.

چۆن ئێکێلۆف ئیبن عەرەبی دەدۆزێتەوە؟

ئێکێلۆف باسی کردووە کە چۆن ناوی ئەوی لە ڕۆمانە بچووک و سەیرەکەی هێیدێنستام Heidenstam بەناوی ئێندیمۆن Endymion بینیوە، کە ساڵی ١٨٩٢ چاپ کرا. بەڵام ڕۆمانەکە لە ڕووداوی سەردەمی نوێ دەدوێت و زێتر باسی ئەوینی ڕۆمانسیی ڕۆهەڵاتی دەکات، کە دەتوانرا بخزێتە ناو کولتووری ئەوروپاییی سەدەی هەژدەوە، لەوەی کە باسی ئیبن عەرەبیی شاعیر بکات. لەبارەی "ئیبن عەرەبی"وە لە "ڕێگەی گۆشەگیرێک"دا زێتر شارەزا دەبین، لەوێ ئێکێلۆف باسی زوو "تێنوێتیی جوانی"ی خۆی و تەواو بێ تواناییی دەکات کە دەری ببڕێت، چۆن لەسەر بان دەوەستا و سەیری خۆری زەردەی ئێوارانی دەکرد. "لەوێ لە هەموو لایەک تەسەوف هەبوو، کە ڕای دەکێشام" "بەڵام بە تەواوی ئەو شتەم نەدۆزییەوە، کە دەمویست بیدۆزمەوە. هەتا تەرجومان ئەلئەشواقی محیەدین ئیبن عەرەبیم دەست نەکەوت. کە بۆ ماوەیەکی زۆر بوو بە خۆشەویسترین کتێبم... لەوێ بوو نەک لە هیچ شوێنێکی تر کە فێر بووم مەبەست لە سیمبۆلیزم و سوورڕیالیزم چییە"

هەر لە ساڵی ١٩٢٥ەوە نووسینی لەم کتێبە وەرگرتووە، ساڵی دواتریش لە سەفەری بەریتانیادا ئەو کتێبەی کڕیوە و لەوێ لە مانگی ئابی ١٩٢٦دا لە نامەیەکدا نووسیویەتی: "لەم ڕۆژە ناخۆشانەدا، ئیبن عەرەبیم زۆر خوێندووەتەوە. چ جۆرە شیعرێکە! /.../ کە هاتیتە ئەودیوی ڕووبەندەوە، دەبینیت بۆ هەر شیعرێک لە دوورەوە دنیایەکی گەورە خۆی بکاتەوە و مرۆڤ هەستی پێ دەکات، هەست بە خەیاڵی گەورە و بەجورئەتی ئەو دەکرێت. تەرجومان ئەلئەشواقی ئەوم کڕیوە. لێکدەرەوەی تاسە" ئەم کتێبەیە، نیکڵسۆن بە پەخشان کردوویەتی بە ئینگلیزی و کۆمێنتاری ئیبن عەرەبی خۆیشی تێدایە، کە ئێکێلۆف هەموو ژیانی تەرجومان ئەلئەشواقی خۆش ویستوە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە..

کاریگەرێتی شیعریی ئەم بەیەکگەیشتنە زوو هات، ئەوە ئیبن عەرەبییە کە

سروش دەدات بە هەوڵدانی نووسینی یەکەمین شیعر بە ناوی " پارچەکانی دیوانێک" کە ساڵی ١٩٢٧ – ٢٨ نووسرا. ئێکێلۆف خۆیشی ئەم وێنە چڕ و بچووکانەی بە "شیعرە سۆفییە سەرەتاییەکان" ناو بردووە. ئێکێلۆف بە گەڕانی بێ کۆتایی، سەرسوڕدەهێنێت، بەڵام بەقەد ئەمیش بە گەڕانەوەی بۆ سەر هەمان بابەت و هەمان ماتریاکی بنەڕەتیش.

دەبوو وا بێت، کە مودێرنیزم ئێکێلۆف ناچار بکات بۆ ماوەیەک دەستبەرداری ئەم شاعیرەی سەدەکانی ناوەڕاست ببێت. باسی "گۆڕانێکی بنەڕەتی و سەخت"ی کردووە، تێیدا ماوەیەک لە دەربڕینی سۆفییانە دوور کەوتووەتەوە و چۆن ڕووی لە "خوای زۆر کۆن و مودێرنتر" کردووە. بەڵام تەنیا چەند ساڵێک دواتر، لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٣٠دا، بە پێچەوانەوە جەخت لەسەر لە یەکچوونی ئیبن عەرەبی و مودێرنیزم دەکات، گەرمیی شیعری عەرەبی و سیمبۆلەکانی وەکو خزمی سورڕیالیزم دەبینێت.

لێرەدا بەراوردێکی سەرنجڕاکێش لەگەڵ شاعیری عەرەب، "ئەدۆنیس"ی سەردەمماندا هەیە، کە لە گوتارەکانیدا هەوڵی داوە پێوەندییەکی نێوان تەسەوفی عەرەبی و مودێرنیزمی شیعری نیشان بدا، بەتایبەتی لای ڕامبۆ. ئەدۆنیس، کە نوێنەری لقێکی تەسەوفی و نوێکردنەوەی ئیسلامی دوور لە شەریعەخوازییە، جەختی لەسەر توانای مێتافۆر کردووەتەوە، لە گەیشتن بە شتی نادیار. ئەویش وەکو ئێکێلۆف، ئاماژە بە گوتە بەناوبانگەکەی ئیبن عەرەبی لەبارەی "ئاینی خۆشەویستی"ی دوور لە سنوورە تەنگەبەرەکانی ئاینی، دەکات. بۆ ئەدۆنیس "هەموو شاعیرێکی ڕاستەقینە" یان سۆفییە، یان سورڕیالییە. ئەو لە کۆتاییی هەشتاکان و سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، گەشە بەم ئاوێتەبوونەی شیعری عەرەبی سەدەکانی ناوەڕاست و مودێرنیزمی شیعریی دەدات، نزیکەی شەست ساڵ پێشتر ئێکێلۆف خۆی دەکاتە شیکەرەوەی هەمان ڕوانگە.

ئەمەیش بەتایبەتی لە گوتاری "مودێرنیزمی سەدەکانی ناوەڕاست"دا ڕوو دەدا، کە ساڵی ١٩٣٤ نووسیی. لێرەدا ئێکێلۆف بەتایبەتی دەستنیشانی بێ

ئاگایی و وێنەی شیعریی بوێری ئیبن عەرەبی دەکات وەکو مودێرن. بۆ ئەو، خواوەندییەکە دیار و بەرچاوە، ئێکێلۆفیش دێرەکە دەڵێتەوە: "ئەو کە تۆ خۆشت دەوێت لە نێوان پەراسووەکانتدا دەژیت: هەناسەکانت لەملاوە بۆ ئەولایان دەبات.". ئاوها ئێکێلۆف، لە تێکستێکی مودێرنی هەوەسی لە ناکاوی سۆفییانەدا، بەدرێژاییی هەمان هێڵی ئەدۆنیسدا، ئاوێتەی ئیبن عەرەبی دەبێت. ئەودەمە ئێکێلۆفیش وەکو ئەدۆنیس زۆر خولیای ڕامبۆ و سورڕیالیزم بوو، بەڵام دواتر دەستبەرداری ئەم جۆرەی مودێرنزم دەبێت. کەچی ئەستێرەی ئیبن عەرەبی قەت خامۆش نەبوو..

هێندێ جار ئێکێلۆف وا نیشان دەدا کە نازانێ گوتەی ئیبن عەرەبییە دەیڵێتەوە. با سەیری سەردێری شیعری "شەوێک لە ئوتوچاتس" بکەین، کە لە ساڵی ١٩٦١ دا نووسیویەتی و دەڵێ:

Thou hast beheld thyself in what thou seest

لە بن ئەم سەردێرەیشدا نووسیویەتی: "وشە لە خەوندا بیستراون". ئەمە وەک ئەوەی وشەکان لەخۆوە، دوور لە دەستەڵاتی بەئاگاییەوە هاتبن. لەگەڵ ئەوەیشدا بەڕاستی لە گوتەیەکی کەمێک کۆنی ئینگلیزی دەچێت، کە وایشە. ئەم گوتە ئاسان سەرلەنوێ داڕێژراوەتەوە، لە بنەڕەتدا وایە:

"Do not wonder at what thou seest, for thou hast beheld thyself in the mirror of a man ".

تەنانەت ئەمەیش لە تەرجومان ئەلئەشواقەوە وەرگیراوە.

دیالۆگی ئێکێلۆف لەگەڵ ئیبن عەرەبیدا، لە شیعرەکانی دیواندا تەواو گەشە دەکات. لێرەدا هەمان بەیەکگەیشتنی هەوەس و تەسەوف، زمانی وەسف و بانگکردنی نادیارەکەی کە لە شێوەی خواوەندێکی ژنە، هەیە. منێک کە پێویستی بە ڕووبەندی ژنانە هەیە، بۆ ئەوەی حەز و تامەزرۆیی خۆی بەرەو عەدەم زێتر بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا بە بەراورد لەگەڵ نووسەرایەتیی پێشووی ئێکێلۆفدا، زۆر جیاوازە. هاتنەوەی ئیبن عەرەبی تەنیا لە چوارچێوەی گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە توانای شیعردا شیاوە.

ئێکێلۆف لە شـیـعـرەکـانی دیواندا هەنگاوێکی گـەورە و یەکـلاکـەرەوە لە ڕوانگەی منـی شـیـعـرەوە دوور دەکەوێتـەوە، هـەنگاوێک وەک ئەو سـاتـیـرەی لە شـیـعـری Strountes و تەکنیکی کۆلاژکردن کـە لە شـیـعـری En Mölna-elegiدا ئامـادەییـان بۆ کـراوە. ئەو کـەسـەی لێـرە دەدوێ، لەلایەکی تر، لـە کـات و شـوێنێکی تر دەدوێ. ئێکێلۆف بە شـێـوازی نووسین جـەخت لە گـوێزانەوە لە کات و شوێندا دەکات. ئەمەیش بە گوتنی زیکری زۆر کۆن، بەڵام بە وەرگرتن، یان ڕێک و ڕەوان وەرگـێـڕانـی شـیـعـر و پەخـشـانیش، کـە بـە شـێـوەیەکی سـەرسوڕهێنەر دەیانهێنێتە ناو شیعری خۆیەوە. ئێکێلۆف لە "دیوان لەسـەر مـیر ئێـمگیـوون"دا لە دەسـتنووسـێکدا یاری لـەگـەڵ کـەسـێکی خـەیاڵکردەدا کردووە، کە تەواوی نەکردووە. دەتوانرێت ئەمە لـە کۆمێنتـارێکی بڵاونەکراوەدا ببـینرێت، کـە لـە Carolina Rediviva i Uppsala پارێزراوە، کـە دەڵێ: لـە پاشـماوەی میـر ئێمگیوون (نزیکەی ١٢٠٠ سـاڵ دوای لەدایکبوون) گوننار ئێکێلۆف بە دەسـتپاکی لە ئوریگینالی کوردییەوە تەرجومـەی کردووە. پاشـان لە ناو کەوانەدا نووسـیویەتی "پەنجا شیعرێکم تەرجومەکردووە کە لە پایزدا چاپ دەکرێن، لەبەرئەوەی ئەمە بژاردەیەکە و شاعیریش نەناسراوە، ڕەنگە ئەم شیکردنەوانەی خوارەوە تیشک بخەنە سـەر کـاتی نووسـینی شـیـعرەکان. لە کـۆمـێنتـاری ئێکێلۆف لە دیوانـە چاپکراوەکـەدا هیـچ لـەبارەی وەرگـێـڕانەوە نەنووسراوە، بەڵام ئەمە لە چەند ڕەشنووسێکی تردا هەیە.

ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە لەم کۆمێنتارەی کە ئاماژەی پێ کراوە، ئەوەیە کە ئێکێلۆف مـێژوویەکی نووسـیـوە، "نزیکەی سـاڵی ١٢٠٠" کـە زۆر جـودایە لە سـاڵانی ١٠٧١–١٠٨١، ئەو سـەردەمـەی کە دیوانەکـە وا نیشـان دەدات، کـە شـاعیرەکەی تێدا ژیاوە. کە میر ئێمگیوون ساڵانی ١٢٠٠ ژیابێت، ئەمـە زۆر سەیر لەگەڵ ئەو سـەردەمە دەگونجێ، کە ئیبن عـەرەبی تێیدا ژیاوە و دەتوانین لەم قۆناخـەی سەرەتاییەدا هەست بە بەئانقـەست چوونە ناو یەکدی ڕۆڵەکان بکەین. لە ڕاسـتیدا ئـەمـە لە دەفتـەرێکی گرینگی تری تێبینیدا هەیە، لەوێدا تێبـێنییـەک هەیە کە ئێکێلۆف مـاوەیەک بیـری لـەوە کردووەتەوە، کە کـۆمـەڵە

شعرەکەی ناو لێ بنێت "تەرجومان" / هیی ئەو کە پێی دەڵێن/ ئیسماعیل/ شازادە ئێمگیوون/ وەرگێڕانی. هتد. یان ڕەنگە دیوان.

وەک کە تێ گەیشتووین، ئێکێلۆف ئیبن عەرەبیی بەکار هێناوە و شیعری ئەویشی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، بۆ ئەوەی زیکرەکانی میر دابهێنێت و دوای مردنیشی سەردولکە بڵێت. بەمە توانی لە ڕووی زمانەوانییەوە کاریگەری لەسەر مەودایەک دابنێت، لە هەمان کاتدا ڕەنگ و بۆنوبەرامی ڕۆهەڵاتیش وەرگرێت، کە پیویستی پێی بوو.

کەسە خەیاڵکردەکەی دەسنووسەکە، شێوازێک بوو بۆ ئەوەی گەشە بە کارەکتەرەکە بدات و ئەو دەنگە نادیارانە داگیر بکات، کە بە شیعرەکانی دواییدا دیارن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئێکێلۆف بە تەواوی کەسە خەیاڵکردەکەی دروست نەکردووە، لەسەر دیوانەکەدا ناوی خۆی نووسیوە و ئامرازی پێوەندیی "لەسەر"ی بۆ داناوە. دیوان لەسەر میر ئێمگیوون. کە وا دەگەیەنێ دیوانەکە هیی میر نییە، بگرە کۆمەڵە شیعرێکە دواتر نووسەرێکی تر نووسیویەتی. ئەو خیانەت لە ڕەنجی خۆیشی دەکات، کاتێک لە کۆمێنتارەکەدا دەڵێ کە ئەو "وەکو زۆر نووسەری مودێرن، باوەڕی بە دابەشکردنی چاخەکان نییە"، مێژووبینینێکە کە لەگەڵ جێمس جۆیس هاوبیرە و ڕوونکردنەوەیەکیش دەداتە ئەو گواستنەوانەی لە کات و شوێندا دەیانکات.

ئێکێلۆف لە بەرهەمەکانی دواییدا بە شێوەیەکی تەواو نوێ، بۆ ژانری شیعر سنوورەکان دەکشێنێت، بەوەی کە نەک هەر داستانە شیعرییە کلاسیکییەکان بەکار دەهێنێت، بگرە کۆمەڵێک ژانری پەخشانیش، وەک یادەوەری، ئەفسانە و چیرۆکیش، بەکار دەهێنێت.

لێرەدا هەمەڕەنگییەکی دەنگ هەیە و ئاوازی "ئیبن عەربی"یش کە من لەسەری وەستاوم ئاوازێکە لەناو زۆر ئاوازدا. بەڵام شوێنێکی تایبەتی هەیە و هەر لە سەرەتای "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون"دا دەبیسرێت:

ئەم شیعرەم بێ سەروایە: من

تەنێ دەیبەخشمە ئەو.
وشەی "ئەو" ئامانجمە، لە پێناو ئەویشدا
ئامادەی هیچ سەودایەک نیم،
"بەخشین" و "وەرگرتن" نەبێ.

ئێکێلۆف خۆی ئاماژەی کردووە، کە سەرچاوەی ئەم دێرانە لە بەیتی XLII ی تەرجومان ئەلئەشواقەوە وەرگیراوە.

"This poem of mine is without rhyme: I intend by it only Her .
The word Her is my aim, and for Her sake I am not fond of bartering except (with) Give and take.

بەڵام، لێرە دەخوازم بەتایبەتی لەسەر شیعری ژمارە ٢٧ لە بەشی دووەمی "دیوان لەسەر میر ئێمگیوون"دا بوەستم، چونکە بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش "تەرجومان ئەلئەشواق"ی (ئیبن عەرەبی)ی بەکار هێناوە. دەڵێ:

ئاخاوتنمان
لەسەر ڕێگەی نێوان ئاو و تێنوەتیدا
سەردەمی گەنجی و گەشانەوەیم
دێنێتەوە یاد.

بە خۆمم گوت:
دوای پەنجا ساڵی تر
دوای لە خۆ ڕامانێکی زۆر
کە وەک زەڕنەقووتەیەک بێ هێز دەبم
ڕێگەی نێوان گۆماوی "بەڵێ" و "نەخێر"م
دێنێتەوە یاد.

چۆن حوشترەکانمان بەسەر چیاکان و
بەناو دۆڵاندا دەهێنا و دەبرد،
چۆن لە هەواران بە لێکخشاندنی کۆلکەداری هیچ شتێک،
بە کۆلکەداری شتێک
ئاگرم بۆیان دەکردەوە.

لە گۆرانی XXXII ی تەرجومان ئەلئەشواقدا وا گوتراوە:

1- Our talk between al-Haditha and al-Karkh recalls to me the period of youth and its prime

2- I said to myself: After fifty years, when through long meditation I have become as weak as a young bird,

3. It recalls to my mind the period of youth and its prime,

4.And the driving of the camels up hill and down dale, and my kindling fire for them by rubbing the afar and the markh together.

بێنگت لاندگرێن، لە دوکتۆرانامەکەیدا "تەنیایی، مەرگ و خەونەکان" ئەم پێوەستە توندەی نێوان ئەم دوو شیعرەی دەسنیشان کردووە و ئاسانیشە لە شیکردنەوەکەیشی قووڵ ببیتەوە. لە ڕاستیدا چەند لێکدانەوەیەکی ئەم شیعرە، لەناو ئەم دەفتەرە ڕەشەی تێبینیدا هەیە، کە پێشتر ئاماژەم پێ کردووە. ئەگەر کەمێک لە نزیکترەوە سەیری شیعری ئێکێلۆف بکەین، وەک وەرگێڕانێکی دەقاودەق خۆی دەنوێنێت.

Our talk کراوە بە "ئاخاوتنمان"

recalls to me the period of youth and its prime

کراوە بە "سەردەمی گەنجی و گەشانەوەیم/ دێنێتەوە یاد.

لە شیعرەکەدا، تاکە جیاوازی، بەڵام گرینگ کە هەیە، ئەوەیە کە ئێکێلۆف ناوی شوێنەکان "ألحدیثە" و "ألکرخ" دەگۆڕیت و "ئاو" و "تێنوێتی" لە

جێگەیاندا دادەنێت، کە دوو چەمکی سیمبۆلین. لە بەردەوامیشدا بە هەمان شێوەیە، کاتی یادهاتنەوە، بە تەواوی لەگەڵ ئەو کاتە دەگونجێ، کە باسی کراوە و لەوێ وێنەی خودی شاعیر هەیە، کە بە بیرکردنەوە و شیکردنەوەی خود شەکەتە و وەکو زەڕنەقووتەیش بێ هێزە. ئێکێلۆف دیسان ناوی شوێن دەگۆڕیت، "سل" و "حجر"ی بە دوو وشەی پێچەوانەی یەکتر دەگۆڕیت و دەیانکات بە "ڕێگەی نێوان گۆماوی "بەڵێ" و "نەخێر". ئەم پێچەوانەیە تا کۆتاییی بەردەوام دەبێت و لە دوا وێنەی پڕ لە ڕاز و کاریگەریشدا دەڵێ:

"چۆن لە هەواران بە لێکخشاندنی کۆلکەداری هیچ شتێک،

بە کۆلکەداری شتێک

ئاگرم بۆیان دەکردەوە."

ئێکیلۆف بە ڕوونی نهێنیی شاراوەی لە وێنەی "ئیبن عەرەبی" دا بینیوە، بەڵام دای ڕژتووەتەوە، بۆ ئەوەی ساکار و لە ڕووی شیعریشەوە بەهێزتری بکات. لێرەدا ئێکێلۆف ڕێگەی ئەبستراکت دەگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبینین چەند نزیکی پێشەنگەکەیەتی، کە دەڵێ:

"and my kindling fire for them by rubbing the afar and the markh together".

بەگوێرەی پەراوێزی نیکلسۆن، ئەم وشانە،

names of trees whose wood was used for this purpose","

واتە، ناوی جۆرە دارێکن کە ئاگریان پێ دەکرایەوە. کاتێک ئێکێلۆف ئەم بەریەکتر کەوتنە فیزیکییەی کۆلکەدارەکان دەکات بە میتافۆرێک بۆ ئەو ساتە دراماتیکییەی نێوان دیار و نادیار، "هیچ شتێک و شتێک" کە بە تیپی گەورە نووسراون، ئەوسا تەواو بە هەناسەی ئیبن عەرەبی کار دەکات و هەموو کات وا دەکات کە نادیار و دیار بخزێنە ناو یەکترییەوە، بەڵام بەم شێوەیەیش شیعری "ئیبن عەرەبی"یش دەکات بە هیی خۆی. ئەنتیتێسەکە Antites دژەڕا) ڕوون و جوان دەردەکەوێت، دژەکان کە بە تیپی گەورە نووسراون، هەر

له سەرەتاوە شیعرەکەیان بینا کردووە: ئاو و تینوێتی، بەڵێ و نەخێر، هیچ شتێک و شتێک. ئەم شێوازەی لە شیعری "بگرە و بنووسە"دا هەیە، هاتووەتە ناو ئەم شیعرانەی دواییشیەوە. ڕێگەی نێوان دژەکان، ڕێگەی ژیانە، بە ڕوونی لە دیمەنی سروشت و بەریەکتر کەوتنی کۆلکەدارەکاندا نووسراوە. ئێکێلۆف دارشتنی کۆپلە شیعریشی ڕۆشنتر کردووە. لێرەدا دەتوانین بڵێین لە شیعری خۆیشیدا دوو وەرگێڕانی کردووە، لە ئینگلیزییەوە بۆ سوێدی و لە پەخشانیشەوە بۆ شیعر. ئێکێلۆف قەت تەواو وەرگێڕانە پەخشانییەکەی "نیکۆلسۆن"ی بەدڵ نەبووە.

مانای چییە،

کە بە دەنگی کەسێکی تر بەم شێوەیە بنووسیت؟

ئێکێلۆف لە شیعرەکانیدا مامەڵە لەگەڵ غیابی شوناسی خۆیی دەکات، لە دیوانیشدا وا دەکات:

بە تەنیا لە شەوی کپ و بێدەنگدا
ئەودەمەی هیچ شوناسێک هی من نییە
بێ ناو ئاسوودە ببم؟
ئەستێرەکان وەک ئاوێنابووی سەر ڕووی دەریایەک
چ شوناسێکیان هەیە؟
هێشتا لە عەکسی ئەوان بچووکترم، لە تاریکاییدا

ئەمە هەمان بابەتە کە لە شیعری Färjesngدا گوتراوە: "لە ڕاستیدا تۆ هیچ نیت". لە "سیانەی دیوان"دا دەنگەکە جیاوازە، بەڵام لە هەمان شەوەوە هاتووە و بە هەزار و یەک شەویتریش دەوڵەمەند کراوە.

دەنگێکە بنەچەکەی دیار نییە و ئەم دەنگەیشە کە دەنگێکی زۆر تایبەتی نەناسراو و بە چرپە دەداتە شیعرەکانی دوایی ئێکێلۆف. ئەوەی کە سەیرە، ڕەنگە ئەوە بێت کە ئێمە وەک تایبەتمەندییەکی ڕەسەنی ئێکێلۆفی لەم شیعرە

دەگەین، ئەگەرچی هەر تەنیا لە وەرگێڕان و وەهەم پێک هاتووە. ئەمە دەنگێکە لە بەرەکەی ترەوە -لە ناو یادەوەرییە زۆرەکەوە- لەگەڵ سێبەر دەدوێت. لەوێ گۆڕان و تێکەڵکردنەکان هەن، بەڵام ئەم ساکارییە نوێیەیش هەیە، کە هەموو شتێک لە هەمان کانیاوە گەورەکەدا هەڵدەقوڵێت.

من ئامادەییم تێدا نییە کە ڕوون بکەمەوە لێرەدا چی ڕوو دەدات. بەڵام ئەمە دەهێنێت ئەو ساتانە بهێنینەوە یادمان، کە ئەم گۆڕانە لە شیعرەکەدا ڕوو دەدا. ساتێکی ئەفسووناوییە، کە کاتێک ئێکێلۆف دەیبەستێتەوە بەو حیکایەتە موعجیزەیەی کە چۆن میرێک سەری لە کانییەک هەڵدەهێنێت و کە دەریشی دەهێنێت، سەدان ساڵ ون بووە، سەرلەنوێ لە دایک بووەتەوە، بەڵام ناناسرێتەوە. ئێمە زۆر جار کە یەکێک دەمرێت، دەڵێین ئەو کەسە "لە کات دەرچووە". وا پێ دەچێت لای ئێکێلۆف وا نەبێت. ڕاستتر مردووەکە دەچێتە ناو کاتێکی گەورەتر و ئێکێلۆف دەیەوێ ئەم ساتە بهێنیتەوە. "وەک ئەو میرەی جارێکیان سەری لە کانییەک هەڵهێنا/ ڕێک ئەو کاتەی هەستم کردووە لە سێبەری کاتدا، کات شاڵاو بهێنێتەوە/ بەسەرمدا هاتووە هەست بکەم زێتر دەژیم".

لە کۆتاییدا. دێرەکەی ئێکێلۆف "عەرەبێکم بە ئەشقێکی زۆرەوە، جوانی بە ڕووبەندم خۆش دەوێ" مانای چییە؟

وەک کە بینیمان ئەمە پێوەندیی چڕی بەم حاڵەتە شڵەژاوییەوەوە هەیە، کە لە ئەستەمبۆڵ لە پەرستگەی ناو کۆشکی "بلاچێرن" ئێکۆنی خواوەندێک دەبینێ و شەپۆلی یەکەمی "شیعرەکانی دیوان"ی لێ لەدایک دەبێت. ئەمە خەیاڵێکی ڕۆمانسییە، کە شیعرێکی وا لە غەیبەوە بێت. شیعرەکە بە شێوەی تەقینەوە هات، بەڵام زۆر بەوردی و بە دیقەت خۆئامادەیی بۆ کرابوو. لەو دەفتەرەی تێبینیدا Kurdisk getaboren، کە پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، بەشێک نووسین بەرچاو دەکەوێت، زێتر ڕوون دەکاتەوە کە مەسەلەکە چییە.

عەرەبێکم
بە ئەشق نەخۆش
کە تەنیا عەرەب دەتوانێت وا بێت.
فرانکییە گۆرانیبێژە ئەویندارییەکان عەرەب بوون
کە دەستبەرداری باوەڕیان نەبوون.

لێرەدا تێ دەگەین، کە ئێکێلۆف چەند بەئاگا بووە لە گەشەی شیعری عەرەبیی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئیسپانیا، تا دەگاتە شیعری کۆشک و پاشایەتی لە خۆرئاوادا، کە دواتر دانتی و پێتراکە گەشەیان پێ دا. ئەویش وەکو ئیبن عەرەبی مکورە لەسەر بوونی ئاینێکی خۆشەویستیی دەرەوەی سنوورەکانی ئاین. بەڵام ئێکێلۆف باسی خوا ناکات، خوا نییە. ئاوێتەکردنی مودێرنیزم و شیعری سۆفییانەی سەدەکانی ناوەڕاست لای ئێکێلۆفی گەنج، کە زۆر لە پرۆگرامی ئەدۆنیس دەچیت. ڕێگە بە شیعرێک دەدات، کە بەناو کات و شوێندا دەڕوات و وا دەکات سێبەرەکان دەنگیان هەبێت. لێرەدا ئێکێلۆف هەنگاوێکی تا ڕادەیەک گەورەی ناوە، لەوەی کە لە پاریس چۆن بیری دەکردەوە، لەو بیرەوەرییەی کە ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٠ نووسیویەتی، تێیدا بەرانبەر دەربڕینی سۆفییانەی ئیبن عەرەبی هەڵوەستە دەکات و نووسیویەتی: "مرۆڤ ناتوانێت ئەو بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی زیانی ترسناک بە ڕوحی خۆی نەدات.". ڕەنگە ئێکێلۆف لە دوا خۆخەریککردنیدا سەرکەوتوو بووبێت، کە ئیبن عەرەبی هەزم بکات، هەر لەبەرئەوەی شوێنێکی دوور لە ڕەچەڵەک و بنەچەی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو کەسەی دەدوێ هیچ کەسە، یان هەموو کەسێکە. "کەواتە من من بووم، کەواتە من کەسێکی تر بووم ..." ئەمەی لە ڕەشنووسێکی شیعری " ئەو کەسەی سیکلۆپ لە چاو لە ناو خەون نقوم دەبێ"، لە ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەویدا نووسیوە. "لەژێر لێوەوە ناوێکم گوت، ناوی خۆم یان هیی کەسێکی تر" مردووەکان بە قسە هێنراون.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە شیعری ئێکێلۆف، قەت لەم شیعرانەی دوایی بەهێز و زیندووتر نەبن.

## غەزەلی غەزەلان

حەزرەتی سولەیمان

''غەزەلی غەزەلان'' یەکێکە لە کتێبە پیرۆزەکانی پەیمانی کۆن، کتێبێکی پیرۆزی ئاینی جوو و مەسیحییە. کتێبەکە بە عیبریی کۆن نووسراوە. من لە دوو تەرجەمەی جودای ئەم شیعرەوە بۆ سوێدی، تەرجەمەی کوردیم کردووە.

ئەم شیعرە باسی خۆشەویستیی نێوان بووک و زاوایەک دەکات، چەند ئاشقی یەکترین و چۆن گۆرانی بەسەر یەکتریدا دەڵێن. لای جووەکان بە خۆشەویستیی خوا بۆ ئیسرائیل تەفسیر دەکرێ و لای مەسیحییەکانیش بە خۆشەویستیی نێوان حەزرەتی مەسیح و کڵێسا تەفسیر دەکرێ.

ئەم شیعرە، ئاسەواری بەسەر ئەدەبی ئەوروپاییەوە هەیە و زۆر نووسەر سروشیان لێ وەرگرتووە. دەکرێ بە ''سروودی نەی''ی مەولانا جەلالەدینی رۆمی بچوێنین. کە هەردووکیان شیعری خۆشەویستی و تاسەی بەیەکگەیشتنن.

## غەزەلی غەزەلان ١: ١ -١٧

١ غەزەلی غەزەلان، لەلایەن 'سولەیمان'ـەوە
٢ {بووک} دەمەوێ لە دەمی ئەو ماچ بخۆمەوە!
– ئەوینی تۆ لە شەراب خۆشترە.
٣ بۆنی شیلەکانت خۆشن،
ناوت وەک شیلەی ڕژاوە
بۆیە کیژۆڵان خۆشیان دەوێی.
٤ لەگەڵ خۆتم ببە، با پەلە بکەین،
شا بۆ ژووری خۆتم ببە.
پێت شاد و ئاسوودە دەبین
لە شەرابیش زێتر ستایشی ئەوینت دەکەین.
بەڕاستی خۆشیان دەوێی.
٥ من ڕەش و جوانم،
ئەی کچانی ئورشەلیم،
ڕەش وەک ڕەشماڵی قیدار
وەک کەپرەکانی سولەیمان.
٦ حەقتان بەوەدا نەبێ کە ڕەشم،
کە خۆر سووتاندوومیەتی.
کوڕەکانی دایکم سەرکۆنەیان کردم
دایان نام پاسەوانی ڕەزەکان بم.
پاسەوانیی ڕەزی خۆمم نەکرد.
٧ پێم بڵێ تۆ، کە ڕوحم خۆشیدەوێی،
لە کوێ مێگەلت دەلەوەڕێنیت و

نیوەڕۆیان لە کوێ پشوویان پێ دەدەی.
هەتا ون نەبم و
بە ڕەشپۆشی بچمە ناو مێگەلی هاوڕێکانت.
٨ {زاوا} ئەی جوانی ناو ژنان،
ئەوە نازانی!
هەر شوونی مەڕەکان هەڵبگرە و
با کاژیلەکانت
لە هەواری شوانان بلەوەڕێن.
٩ بە ئەسپێکی بەرگالیسکەی فیرعەونت دەچوێنم،
خۆشەویستم.
١٠ ڕوومەتە جوانەکانت بە بەردەپیرۆزە و
ملت بە مرواری دەڕازێنرێتەوە
١١ گەردانەی لە زێڕی بە موورووی زیوت
بۆ دروست دەکەین.
١٢ {بووک} وەختێک شا لەسەر جێگەی خۆی دەڕازێ
'ناردین'م بۆنی خۆی دەپرژێنێ.
١٣ خۆشەویستەکەم وەک دەسکێک 'مور'ە
لەنێوان مەمکەکانمدا.
١٤ خۆشەویستەکەم دەسکێک گوڵە خەنەی
ناو ڕەزی "عین جدی"ە.
١٥ {زاوا} چەند جوانی خۆشەویستم،
چەند جوانی!
چاوەکانت کۆترن.

١٦ {بووک} خۆشەویستم چەند جوانی،
تۆ شیرینی!
هەواریشمان بژوێنە.
١٧ کۆڵەگەی خانوومان دارمازووە،
سەربانیشمان دارسرووە.

غەزەلی غەزەلان ٢: ١ -١٧

١ من نێرگزی دەشتی شارۆن و
سۆسەنی ناو دۆڵانم.
٢ {زاوا} وەک سۆسەنی ناو دڕکانە
خۆشەویستی من لەناو کچان.
٣ {بووک} وەک دارسێوی ناو دارستانە
خۆشەویستی من لەناو کوڕان.
لەبەر سێبەری دابنیشم، چێژ دەبینم من
مێوەیشی شیرینە لە دەمی من.
٤ لەبن ئاڵای ئەوینیدا
بۆ خانەی بادەم دەبا.
٥ بە دەنکە مێوژان وزەم پێ دەدا
بە سێوان هێزم دێنێتە بەر
من بە ئەشق نەخۆشم.
٦ باسکی چەپی لەبن سەرم بێ،
هیی ڕاستیشی لە باوەشم بنێ.
٧ کچەکانی ئورشەلیم،
بە ئاسک و کەڵەکێوییەکانی دەشت پەیمانتان دەدەمێ

ئەوین بێزار و بێدار نەکەم
هەتا خۆی نەیەوێ.
٨ گوێ بگرە، وا خۆشەویستەکەم دێت!
ئەوەتا،
بەسەر چیاکاندا هەڵدەگەڕێ،
بەسەر گردەکاندا هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ.
٩ خۆشەویستەکەم وەک ئاسکێکە،
وەک بزنەکێوییەکە.
وا لە بەر ماڵمان وەستاوە،
لە پەنجەرەوە چاو دەگێڕێ و
بەناو شیشەبەندەوە سەیر دەکات.
١٠ {زاوا} خۆشەویستەکەم وەڵامی دایەوە و پێی گوتم:
"وەرە، خۆشەویستم
کچی جوان وەرە دەرەوە!"
١١ زستان نەما
کاتی باران بەسەرچووە
١٢ گوڵزار زەوی داپۆشیوە
سەردەمی گۆرانییە
لە وڵاتمان دەنگی کۆترەباریکە دێت
١٣ بەری هەنجیران گەییوە
دارمێوەکان بۆنیان دێ.
هەستە وەرە خۆشەویستم
کچی ڕند وەرە دەرەوە!

١٤ ئەی کۆترەکەی ناو خەڕەندەکانی چیام
لەناو حەشارگەی سەر گاشەبەردان
لێم گەڕێ با شێوەت ببینم
لێم گەڕێ با گوێم لە دەنگی تۆ ببێ!
چونکە دەنگت خۆشە،
شێوەت جوانە.
١٥ {کۆرس} ڕێوییەکانمان بۆ بگرە،
ڕێوییە بچووکەکان،
ئەوانەی بەناو ڕەزان وەربوونە،
چونکە ڕەزەکانمان شکۆفەیان کردووە.
١٦ {بووک} خۆشەویستەکەم هی منە و منیش هی ئەو
ئەو کە لەناو سۆسەنان مێگەلی دەلەوەڕێنێ.
١٧ خۆشەویستم، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە و
سێبەرەکان ڕادەکەن،
وەکو ئاسک، وەکو بزنەکێوییەکی بچووک
بەسەر ئەم چیا بۆندارانەدا، هەڵببەزە و دابەزە.

غەزەلی غەزەلان ٣: ١ -١١

١ شەوان لەسەر جێگەمدا
بۆ ئەو کەسەی ڕۆحم خۆشی دەوێ دەگەڕێم.
دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.
٢ دەمەوێ ڕاببم و لەناو شار
بە شەقام و گۆرەپانەکاندا بگەڕێم و
ئەو کەسە بدۆزمەوە کە ڕۆحم خۆشی دەوێ.

دەگەڕێم و نایدۆزمەوە.
٣ پاسەوانەکان، ئەوانەی لە شار دەسووڕێنەوە
دەمبیننەوە.
''ئەو کەسەتان بینیوە، کە ڕۆحی من خۆشی دەوێ؟''
٤ هێشتا تەواو لێیان جوودا نەبووبوومەوە،
ئەو کەسەی ڕۆحم خۆشی دەوێ، دەدۆزمەوە
دەیگرم و بەری نادەم
هەتا نەیبەمە ماڵی دایکم و
ئەو ژوورەی ماڵی ئەو، منی تێدا زاند.
٥ کچەکانی ئورشەلیم،
بە ئاسک و کەڵەکێوییەکانی دەشت پەیمانتان دەدەمێ
ئەوین بێزار و بێدار نەکەم
هەتا خۆی نەیەوێ.
٦ {کۆرس} ئەو ژنە کێیە وا لە بیابانەوە،
وەک کۆڵەکەیەکی لە دووکەڵ،
بە بۆنوبەرامی "موڕ" و بخوور و
بە هەموو بۆنەکانی عەتارەوە دێ؟
٧ تەماشا بکەن ئەوە تەختی "سولەیمان"ە!
شەست قارەمان لە قارەمانەکانی ئیسرائیل،
بەدەورییەوەن.
٨ هەموویان شمشیردارن و
مەشقی شەڕیشیان کردووە،
هەر یەکەیان شمشێریان بە لانێکەوەیە،

دژی مەترسییەکانی شەو.
٩ شا سولەیمان تەختەکەی
لە داری لبنان دروست کرد
١٠ ئەستوون لە زیو
پشت لە زێڕ
دۆشەک لە قوماشی وەنەوشەیی
ڕووی ناوەوەیشی، کچەکانی ئورشەلیم
بە ئەشقەوە ڕازاندوویانەتەوە.
١١ کچەکانی زایۆن وەرنە دەرەوە و
تەماشای شا سولەیمان و
ئەو تاجە بکەن کە دایکی
لە ڕۆژی زەماوەندی ئەو،
لە ڕۆژی دڵخۆشیی ئەودا لە سەری دانا

غەزەلی غەزەلان ٤: ١ -١٦

١ {زاوا} چەند جوانی، خۆشەویستم
چەند جوانی!
چاوەکانت کۆترن
لەبن ڕووبەندد ا.
قژت وەک پەزێک بزنە
کە بەسەر چیای "جلعاد"دا هەڵدەگەڕێ.
٢ ددانەکانت وەک مێگەلێک مەڕی تازە بڕاوەن،
کە لەناو ئاو هاتوونەتە دەرەوە،
هەموویان جمکەیان زاندووە و

هیچیان بێ کاریلە نین.
٣ وەک بەنی سوورە لێوەکانی تۆ،
دەمت جوانە.
وەک قاشێک هەنارە لاجانگی تۆ
لەبن چارشێودا.
٤ وەک منارەی داودە ملی تۆ
بە چین چین بەردەوە،
هەزار قەلغانی پێدا هەڵواسراوە،
تیردانی هەموو قارەمانەکانیش.
٥ وەک جووتێک ئاسکی بچووکن، مەمکەکانی تۆ
دوو جمکە ئاسکن
لەناو سۆسەندا دەلەوەڕێن.
٦ هەتا ڕۆژ دەبێتەوە و
سێبەرەکان ڕادەکەن.
دەمەوێ بچمە چیای مورِ و
گردی بۆنخۆش.
٧ هەموو شتێکت جوانە، خۆشەویستم
هیچ خەوشێکت نییە.
٨ لە لبنانەوە لەگەڵم وەرە، ئەی بووک،
لە لبنانەوە وەرە!
لە لووتکەی 'ئەمانە'،
لە دوندی "شنیر و حەرموون"،
لە لانەی شێران

لە چیای پڵنگان وەرە خوارەوە.
٩ خوشکێ، بووکێ، تۆ دڵت بردووم،
بە یەک تاکە نیگای چاوەکانت دڵت بردووم،
بە یەک تاکە ئەڵقەی گەردانەت.
١٠ ئەوینت چەند جوانە
خوشکێ، بووکێ
ئەوینت لە بادە خۆشترە!
شیلەت لە هەموو بۆنێک خۆشترە!
١١ بووکێ، لێوەکانت وەک شەمێ،
هەنگوینیان لێ دەچۆڕێ.
هەنگوین و شیرت لەبن زمانە
بۆنی جلوبەرگت وەک بۆنی لبنانە.
١٢ باخێکی بە پەرژینە خوشک و بووکی من،
باخچەیەکی بە پەرژینە، کانییەکی سەرداپۆشراوە.
١٣ پێستت باخی دارهەنارە،
بە مێوەی خۆش و
گوڵە خەنە و "ناردین"ەوە،
١٤ بە ناردین و زەعفەران، بە کالموس و دارچین و
هەموو جۆرە درەختێکی بۆندارەوە
بە مور و "ئەلوە" و
هەموو جۆرە بەهاراتێکی بۆنخۆشەوە.
١٥ تۆ کانیی باخیت،
بیرێکی ئاو سازگاریت،

جۆگەلەی لبنانیت.
١٦ {بووک} ئەی بای باکور ڕابە! بای باشوور وەرە!
بەناو باخچەکەمدا هەڵبکەن
هەتا بۆنە خۆشەکانی بڵاو ببنەوە!
با خۆشەویستەکەم بێتە ناو باخی خۆی و
مێوە خۆشەکانی بخوا!

غەزەلی غەزەلان ٥: ١ –١٦

١ {زاوا} هاتوومەتە ناو باخەکەم
خوشکێ، بووکێ
مورِ و بەهاراتی خۆم چنیوە
شەمێ و هەنگوینی خۆم خواردووە
شەراب و شیری خۆم خواردووەتەوە.
{کۆرس} بخۆن ئەی هاوڕێیان!
بخۆنەوە و خۆتان مەست بکەن ئەی خۆشەویستان!
٢ {بووک} نووستووم، بەڵام دڵم بێدارە.
دەنگێک دێت، خۆشەویستەکەمە لێ دەدا:
"لێم بکەرەوە خوشکێ، خۆشەویستم،
ئەی کۆترەکەم، ئەی هەموو شتێکم!
چونکە قژم بە ئاونگ شێدارە و
پرچە لوولەکانیشم بە دڵۆپەی شەو تەڕن."
٣ بنکراسەکەمم داکەندووە
دیسان لەبەری بکەمەوە؟
پێیەکانم شووشتوون

دیسان پیسیان بکەمەوە؟
٤ خۆشەویستەکەم دەستی لە دەرزی دەرگەوە دەردێنێ و
من هەناوم دەهەژێ.
٥ هەستامەوە، بۆ ئەوەی لە خۆشەویستەکەم بکەمەوە،
دەستم موریان لێ دەچۆڕا و
موری شلی پەنجەکانم دەڕژێنە سەر قوفڵەکەوە.
٦ لە خۆشەویستەکەم دەکەمەوە
بەڵام خۆشەویستەکەم ڕووی وەرگێڕابوو و ڕۆیشتبوو.
ڕۆحم دەرچووبوو، وەختێک هاتە گۆ.
بۆی دەگەڕێم، نایدۆزمەوە،
بانگی دەکەم، وەڵام ناداتەوە.
٧ پاسەوانەکان، ئەوانەی لە شار دەگەڕێن،
دەمبیننەوە.
لێم دەدەن، زامدارم دەکەن.
پاسەوانەکانی شوورە لەچکم لەسەر لا دەبەن.
٨ کچەکانی ئورشەلیم سوێندتان دەدەم:
ئەگەر خۆشەویستەکەمتان دۆزییەوە،
پێی بڵێن
من نەخۆشی ئەوینم!
٩ {کۆرس} خۆشەویستەکەت چی لە خۆشەویستی تر جودایە
ئەی لە هەموو ژنان جوانتر؟
خۆشەویستەکەت چی لە خۆشەویستی تر جودایە،
هەتا وا سوێندمان بدەیت؟

١٠ {بووک} خۆشەویستەکەم سوور و سپییە.
لەناو دە هەزاران دیارە.
١١ سەری ئەو جوانترین زێڕە.
قژە لوولەکانی لە هێشووە خورما دەچن،
وەک قەلەڕەشکەن.
١٢ چاوەکانی وەک کۆترن
لە لێوار جۆگەلەی بە خوڕەدا
لەناو شیر خۆیان دەشۆن،
لە ڕۆخیدا هەڵدەنیشن.
١٣ ڕوومەتی وەک مێرگی بە گوڵزارە،
هەموو جۆرە ڕووەکێکی لێ دەڕوێ.
لێوەکانی سۆسەنن و
شیلەی موڕیان لێ دەچۆڕێ.
١٤ باسکەکانی گۆچانی زێڕن
بە بەردەتراویلکە نەخش کراون.
زگی قاشێک عاجە
بە مرواری داپۆشراوە.
١٥ ڕانەکانی کۆڵەکەی لە مەڕمەڕن
بە بناغەی زێڕەوە.
شێوەی وەک لبنانە،
وەک دارمازووەکانی ئەوێ خۆگرن.
١٦ شەویلکەی ئەو شیرینییە
هەموو شتێکی ئەو خۆشە.

وایە خۆشەویستی من
وایە خۆشەویستترین کەسی من،
ئەی کچانی ئورشەلیم

## غەزەلی غەزەلان ٦: ١ -١٣

١{کۆرس} خۆشەویستەکەت بۆ کوێ چووە،
ئەی جوانی ناو ژنان؟
بۆ کوێ سەری هەڵگرتووە؟
با لەگەڵ تۆ لێی بگەڕێین؟
٢ {بووک} خۆشەویستەکەم چووەتە ناو باخەکەی،
ناو مێرگە بۆندارەکەی.
لەوێ مێگەلی خۆی دەلەوەڕێنێ و
سۆسەن دەچنێ.
٣ من هیی خۆشەویستەکەمم و ئەویش هیی منە،
ئەو کە لەناو سۆسەندا مێگەلی دەلەوەڕێنێ.
٤ {زاوا} خۆشەویستم، تۆ وەک "تیرسە" جوانی،
وەک ئورشەلیم خۆشی
وەک سوپای ئەستێرە ترسناکی.
٥ نیگات لەسەرم لادە
سەرگەردانم دەکا.
قژت وەک مێگەلێک بزنە،
کە بە "جلعاد"دا هەڵدەگەڕێ.
٦ ددانەکانت وەک مێگەلێک مەڕن
لەناو ئاو هاتوونەتە دەرەوە،

هەموویان جمکەیان زاندووە و
هیچیان بێ کاریلە نیین.
٧ وەک قاشێک هەنارە لاجانگی تۆ
لەبن چارشێودا.
٨ شەست شاژن و
هەشتا ژنی نهێنی و
بێژماریش کچی گەنج هەن.
٩ بەڵام ئەو تاکانەیە، کۆترەکەم
بێ خەوشەکەم.
ئەو تاکانەی دایکییەتی،
تاکانەی ئەو کەسەیە زاندوویەتی.
کچەکان دەیبینن و بە خۆشییەوە ستایشی دەکەن،
شاژنەکان و ژنە نهێنییەکان ستایشی دەکەن.
١٠ "ئەو ژنە کێیە وەک گزنگ تیشک دەدا،
وەک مانگ جوانە
وەک خۆر پاکە
وەک سوپای ئەستێرە ترسناکی.
١١ چوومە ناو باخی دارگوێز
هەتا ببینم لە بژوێندایە دۆڵ
هەتا بزانم: ئایا دارمێوەکان چرۆیان دەرکردووە و
دارهەنارەکان گوڵیان کردووە؟
١٢ بەر لەوەی هەست بە ئەمە بکەم،
ڕۆحم گەیاندمیە ناو گالیسکەی میللەتی بەڕەوشتم.

١٣ {كۆرس} وا وەرەوە دەی وا وەرەوە،
کچە 'شولیس'ی وا وەرە، بگەڕێوە با بتبینین!
{بووک} بۆ دەتانەوێ، کچە شولیسی ببینن،
کە لەوێ لەناو ئەڵقەدا سەما دەکات؟

## غەزەلی غەزەلان ٧: ١ -١٣

١ {زاوا} پێیەکانت لەناو سۆلدا چەند جوانن،
ئەی ڕەسەنزادە!
خڕیی سێبەندەکانت وەک خشڵێکە
دەستی هونەرمەند نەخشاندوویەتی.
٢ ناوکت جامێکی خڕە
با قەت خاڵی نەبێ لە شەراب!
زگت خەرمانە گەنمێکی بڵندە
سۆسەن دەوریان تەنیوە.
٣ مەمکەکانت وەک دوو بێچووە کەڵەکێوین،
وەک دوو جمکە ئاسکن.
٤ ملت منارەیەکە لە عاج.
چاوەکانت وەک ئاوبەندەکانی "حەشبوون"ن
لە دەروازەی "بەت ڕەبیم"دا.
لووتت وەک منارەی لبنانە
ڕووی لە دیمەشق کردووە.
٥ سەرت وەک "کەرمل" بڵند هەڵچووە.
پرچی سەرت وەنەوشەییە
شا لەناو گروازەکانیدا بەندە.

٦ چەند جوانی، چەند ڕندی
ئەی خۆشەویستم و بەختیارییم.
٧ بالآت لە هیی دارخورما و
مەمکەکانت لە هێشوو دەچن.
٨ دەڵێم: "بەسەر ئەم دارخورمایەدا هەڵدەگەڕێم و
چڵەپۆپەی دەگرم".
با مەمکەکانت وەک هێشوەترێ،
بۆنی هەناسەت وەک بۆنی سێو بێ.
٩ دەمت وەک خۆشترین شەراب.
لەسەرخۆ لە خۆشەویستەکەمەوە
بچۆڕێتە سەر دەمی من و
ددان و لێوەکانم تەڕ بکەن.
١٠ {بووک} من هیی خۆشەویستەکەمم،
هەوەسی ئەویش بۆ منە.
١١ وەرە خۆشەویستم،
وەرە با بچینە ئەم دەشتودەرە و
لەناو بنچکە خەنان بنووین.
١٢ بەیانیان زوو لە خەو ڕابین و بچینە ناو ڕەزان،
بزانین: دارمێوەکان چرۆیان دەرکردووە؟
گوڵەکان شکۆفەیان کردووە؟
دارهەنارەکان گوڵیان کردووە؟
لەوێ، ئەوینی خۆمت دەدەمێ.
١٣ سێوەکانی ئەوین بۆنیان دێت،

له بەردەرگەماندا مێوەی خۆش،
هیی کۆن و تازە دانراون.
خۆشەویستم، بۆ تۆم هەڵگرتوون.

## غەزەلی غەزەلان ٨: ١ -١٤

١ خۆ ئەگەر برامیش بوایت،
کە بە مەمکی دایکم گۆش دەکرایت!
ئەگەر لە دەرەوە بمبینیبوایت،
ماچم دەکردیت و کەس بێڕێزیی پێ نەدەکردم.
٢ ئەوسا دەمبردیتە ماڵی دایکم
ماڵی ئەو کە منی پەروەردە کردووە.
لەوێ بادەی بە تامم و
شەربەتی دارهەنارەکانمم دەدایتێ.
٣ باسکی چەپی لەبن سەرم بێ،
هی ڕاستیشی لە باوەشم بنێ.
٤ پەیمانتان دەدەمێ، کچەکانی ئورشەلیم
ئەوین بێزار و بێدار نەکەم
هەتا خۆی نەیەوێ.
٥ {کۆرس} ئەوە ژنە کێیە وا لە بیابانەوە دێت و
خۆی بەسەر خۆشەویستەکەیدا لار کردووەتەوە؟
{بووک} لەبن دارسێودا بێدارم کردیتەوە،
لەوێ دایکت زگی بە تۆ گرت،
لەوێ ئەو کە تۆی زاند، زگی گرت.
٦ وەک مۆرێک لە سەر دڵتدا، هەڵم بگرە،

وەک مۆرێک لەسەر باسکتدا.
چونکە ئەوین وەک مەرگ بەهێزە.
تاسە وەک گۆڕ سەختە،
کڵپەکانی، گڕی ئاگرن،
بەگرمەگرمن.
٧ ئاوی زۆر ناتوانێت ئەوین خامۆش بکا،
ڕووبار ناتوانێ رای بماڵێ.
ئەگەر کەسێک بەهای خانووەکەی بۆ خۆشەویستی دابنێت،
کێ سووکایەتی پێ دەکات؟
٨ {کۆرس} خوشکێکی بچووکمان هەیە،
هێشتا مەمکی نەهاتووە.
چی لە خوشکمان بکەین
ئەو ڕۆژەی خوازبێنی دێت؟
٩ ئەگەر شوورە بێت
بورجی زیوی لەسەر دروست دەکەین،
بەڵام ئەگەر دەرگە بێت
بە تەختەیەکی دارمازوو دەیگرین.
١٠ {بووک} من شوورەم،
مەمکەکانم وەک بورجن.
بەڵام لە بەرچاوی ئەودا
ئاشتیخوازم.
١١ {زاوا} سولەیمان لە بەعل هاموون
ڕەزێکی هەبوو.
ڕەزەکەی بۆ پاسەوانەکان بەجێ هێشت.

هەر یەکێکیان هەزار دراوی زیویان
بە مێوەکان دەست دەکەوت.
١٢ من ڕەزی خۆمم لە بەردەستە.
سولەیمان، هەزارەکەی خۆت بهێڵەوە و
دووسەدیان بدە پاسەوانی میوەکان.
١٣ تۆ کە لەناو ڕەزیت،
هاوڕێکان گوێیان لە دەنگتە،
با گوێم لێت بێت بڵێی:
١٤ "خۆشەویستم پەلە بکە،
وەک ئاسکێک، یان کەڵەکیوییەکی بچووک
بۆ ناو ئەو چیا بۆندارانە".

پەراوێز

٥:١ قیدار: ناوێکی سامییە. کوڕی حەزرەتی ئیسماعیل بوو. سەرۆک هۆزێک بوو بەم ناوەوە. کە هۆزێکی زۆر ناوداری عەرەب بوون و لەبن ڕەشماڵی ڕەشدا دەژیان.

١٢:١ ناردین: گیایەکی بۆنخۆشە و لە بەرزاییی چیا دەڕوێ. بە لاتینی و زۆر زمانی تر پێی دەڵێن نەردووس.

١٣:١ موڕ: ناوی درەختێکی شیلە بۆنخۆشە. بە لاتینی و گریکی و عەرەبیش وای پێ دەڵێن. ,murr(h)a وەک دارەبەن و داربنێشت شیلەی هەیە و لە شیلەکەدا، بۆنوبەرام دروست دەکرێت.

١٤:١ عین جدی: واحەیەکە لە کەنار دەریای مردوو.

١:٤ جلعاد: چیایەکە لە ڕۆئاوای ئوردن. ناوێکی عیبرییە، بە مانای ڕەق و زبر دێت.

٨:٤ ئەممانە: ناوە عیبرییەکەی "چیای لبنان"ە. ناوی لبنانیش لە زمانە سامییەکاندا، بە مانای "سپی، یان شێوەی ماست" دێت، چونکە دوندی بە بەفر داپۆشراوە.

شنیر و حەڕموون: ناوی دوو دوندی چیان.

١٤:٤ کالموس: ناوە لاتینییەکەی جۆرە قامیشێکی بۆنخۆشە. Acorus calamus

ئەلوە: ڕووەکێکە شیلەی تێدایە و دەرمان و بۆنی لێ دروست دەکرێت. Aloe vera ناوە لاتینییەکەیەتی.

٤:٦ تیرسە: شارێکە کەنعانییەکان دروستیان کردووە، دوای مردنی سولەیمان پێتەختی ئیسرائیل بوو. دەگوترێ شارێکی زۆر جوانە.

٨:٦ ژنی نهێنی: لە ناموسی یەهوودیدا، (شەریعەتی یەهوودی) ژنی شەرعین، بەڵام پلە و پایەیان وەک هیی ژنی گەورەی ماڵ نییە. ناموس وشەیەکی گریکییە و هاومانای شەریعەیە. لە ئەدەبیاتی یەهوودیدا، دەگوترێ ناموسی موسا، واتە شەریعەتی موسا.

١٣:٦ شولیس: ناوێکە لە "شونم"وە هاتووە، Shunem کە شارێکی کەنعانییەکان بوو.

٤:٧ حەشبوون: شارێکی سەردەمی ئەنتیک بوو.

٥:٧ کەرمل: زنجیرە چیایەکە.

١١:٨ بعل هامون: شوێنێکە تێیدا حەزرەتی سولەیمان ڕەزێکی گەورەی هەبوو.

## نووسەرەکان

ئەندێرس ئولسۆن (١٩٤٩- ) Anders Olsson ئەندامی ئەکادیمیای سویدییە. پرۆفیسۆری زانستی ئەدەبە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم، شاعیر، ڕەخنەگر و ئێکێلۆفناسە.

ئەنتۆن گێلس Antoon Geels ساڵی ١٩٤٦ لە هۆڵەندا لە دایک بووە. پرۆفیسۆرە لە سایکۆلۆجیای ئاین لە زانکۆی لوند، لە سوێد. زۆر کتێبی لەبارەی ئاین و تەسەووفەوە نووسیوە.

بو گوستاڤسۆن (١٩٤٦- ) Bo Gustavsson شاعیر، رەخنەگر و وەرگێڕی ئەدەبی ئینگلیزی و فرەنساییە. سۆفییە و ناوە ئیسلامییەکەی (ابن الوقت)ـە. دکتۆرای لە ئەدەبی ئینگلیزی هەیە.

ئەشک دالێن (١٩٧٢ - ) Ashk Dahlèn لە تاران لەدایک بووە. تەمەنی یەک ساڵ بوو خێزانێکی سوێدی بەخێویان کرد و هێنایانە سوێد. یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئۆسلۆ. لەوێ وانەی زمانی فارسی، مێژووی ئێران و ئەدەبی فارسی دەڵێتەوە. بەشێک لە سیعرەکانی ڕۆمی و عافزی کردووە بە سویدی.

# پێڕست


پێشەکی ........ 5

تاسەی خودا . ئەنتۆن گێلس ........ 9

کلیلی ڕۆمی بە کار بهێنیت، بوو گوستاڤسۆن ........ 27

ژنەکانی دەوروبەری مەولانا جەلالودینی ڕۆمی و... ئەشک دالێن ........ 47

''عەرەبێکم بە ئەشقێکی زۆرەوە جوانی بەڕووبەندم..." . ئەندێرس ئولسۆن ........ 71

گۆرانیی گۆرانییان، حەزرەتی سولەیمان ........ 89